بەرگی شەشەمی کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد:

## عێراقی فیدراڵی دیموکراتی پەرلەمانی لە گۆڕینی ئاڵاکەیەوە بونیاد دەنرێتەوە




# گوڵان

ساڵی سییەم (۱۳۷۸)- (۲۸)ی ئابی ۲۰۲۳

کەمال محەمەد ساڵح وەزیری سامانە سرووشتییەکان بە وەکالەت:

# یاسای نەوت و غازی فیدراڵی بە هاوبەشی لە نێوان هەولێر و بەغدا ئامادە دەکرێت



بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێم ئێمە هەموو پابەندبوونەکانی خۆمان جێبەجێ کردووە، ئەوەی دیکە پەیوەندی بە دانوستانەکانی نێوان عێراق و تورکیاوە هەیە

نووسینەوەی ڕەشنووسی یاسای نەوت و غاز جگە لە لایەنی تەکنیکی پێویستی بە بڕیاری سیاسییش هەیە




# سەردانەکەم بۆ دووکان و کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان

٧٩

ڕۆژی ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢، لە دووکان سەردانی مام جەلالمان کرد، چونکە بەر لە کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەم سەردان و چاوپێکەوتنە پێویست بوو، لە سەردانەکەدا شاندێکی گەورەی پارتیم لەگەڵ خۆم بردبوو کە ئەو هەڤاڵانە بوون: سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق، ڕۆژ نووری شاوەیس، فازڵ میرانی، هۆشیار زێباری، مەسروور بارزانی، زەعیم عەلی، فەلەکەدین کاکەیی، برووسک شاوەیس و فەرەیدوون جوانرۆیی. مام جەلال و هەموو سەرکردایەتیی یەکێتی هەتا هیزۆب هاتبوون بۆ پێشوازی، جەماوەرێکی زۆریش لەسەر شەقامەکان وەستابوون، دیاربوو هەموویان ئەم سەردانەیان پێ خۆش بوو. لەسەر داوای مام جەلال لەگەڵی سواری ئۆتۆمبێل بووم، نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت ڕەسووڵیشمان لەگەڵ بوون، بەرهەم ساڵح ئۆتۆمبێلەکەی لێ دەخوڕی. ئەم سەردانە کۆتاییی بە هەموو کێشە و گیروگرفتەکان هێنا.

دوای بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی ئاشتی و بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی، ڕۆژی ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامەکانی، کۆبوونەوەی خۆی بەست. بەڕاستی ڕۆژێکی مێژوویی بوو. جارێکی دیکە هیوایەکی زۆر بۆ گەلی کوردستان گەڕایەوە. مادام میتران لە پاریسەوە بەتایبەتی هاتبوو بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان. بە من و مام جەلالی گوت: «ئێستا لەگەڵ هەردووکتان ئاشت دەبمەوە، ئەگینا لە هەردووکتان عاجز بووم».




(ڕۆڵی ئافرەت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشووری کوردستاندا ١٩٥٨-١٩٩١) ناونیشانی کتێبی ئەم جارەیە لە نووسینی (پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم ئۆمەربلی) و لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستانە، بە بەرگێکی ناوازە و بە (٣٨٦) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتەوە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی وەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا، لەلایەن نووسەرەوە بە پلەی نایاب پەسند کراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، جگە لە ئەنجامدانی وەك کارنامەیەکی زانکۆیی، لە هەمان کاتدا قووڵبوونەوەیەکی زانستییە بە مێژووی ئافرەتانی کوردستان و ڕۆڵ و کاریگەرییان لە کایە سیاسی و ڕێکخراوەییەکاندا لە باشووری کوردستان، هاوکات دەرخستنی ڕۆڵیان لەناو حزب و بزووتنەوە سیاسییەکان و ئاشناکردنی نەوەکانی کورد بەم خەباتەی ئافرەتانی کورد کردوویانە لە پێناو سەرخستنی پرسی نەتەوەیی و داکۆکیکردن لە خەباتی چینایەتی و نیشتیمانیدا.

نووسەر بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە سوود لە ڕێبازی وەسفی و کرۆنۆلۆژی مێژوویی وەربگرێت بە پشتبەستن بە سەرچاوە و بەڵگەنامە و چاوپێکەوتنەکان، توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەروازە و سێ بەش بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆیەك لە بەڵگەنامەکان پێکهاتووە.

دەروازە بریتییە لە کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئافرەتان لە باشووری کوردستاندا لە ١٩٤٥-١٩٥٨، بەشی یەکەم: ناونیشانی (ڕۆڵی ئافرەتان لە پارت و بزووتنەوە سیاسییە کوردستانی و عێراقییەکان ١٩٥٨-١٩٩١) لەخۆ دەگرێت و لە دوو تەوەر پێکهاتووە، بەشی دووەم: بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئافرەتان لە بزووتنەوە و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکاندا) لە دوو تەوەر پێکهاتووە، بەشی سێیەم بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئافرەتان لە خەباتی چەکداری و چالاکییە دەرەکییەکان و هەڵوێستی حکومەتی عێراق لە بەرامبەر بە خەباتی ئافرەتان لە باشووری کوردستان) لە سێ تەوەر پێکهاتووە.

نووسەر زۆر سەرکەوتوو بووە لە هێنانەوەو شیکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێ وەرگیراوە، کە چەند جۆرێکن و بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نووسراون، ئەوانیش بریتین لە بەڵگەنامەکان کە دوو جۆرن، بڵاونەکراوەکان و بڵاوکراوەکان، ئینجا چاوپێکەوتنەکان کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ ئەنجامی داون، یان لە ڕێگای تەلەفۆنەوە، یان بەشێوەی تۆمارکراو، جگە لەمانە نووسەر سوودی لە نامە زانکۆییەکان، هەروەها کتێبەکان بەتایبەتیش بەرگی سێیەمی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گولی کورد)ی سەرۆك مسعود بارزانی وەرگرتووە، هاوکات سوودی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وەرگرتووە، دواجار ئەو وتار و توێژینەوانەی کە بەکوردی و عەرەبی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکراونەتەوە.


بە ناوی (گوڵان)ەوە دەستخۆشی لە نووسەر و دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین بۆ ئەم کتێبە کە کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند کراوە.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

# ماڵئاوا شوکور خەیات
# مامۆستای مەقامی کوردی

قسە کردن لە بارەی شوکور خەیات، کە هەم ناوە هەم ناونیشان، بە هونەری مەقام دەست پێ دەکات و هەر بەویش کۆتایی دێت. مەقام جۆرە هونەرێکی بەرزی سترانە. لە هونەری میللیی کورددا، هونەری گۆرانی دابەش دەبێتە سەر چەندین چەشن، دیارترینیان (بەستە، مەقام، بەند، دەنگبێژی )یە. مەقام لە هەموویان قووڵتر و هونەرانەترە. هەر کات باسی مەقام دێتە پێش، گەرمیان وەك پێشەنگ و کانگای مەقامی کورد ئامادەیە. ئەگەرچی گەرمیان و گەرمەسێری کوردەواری ناوچەیەکی فراوانە، بەڵام ئەو ناوچانەی گەرمیان کە لە ڕۆژهەڵاتی خڕی خاسە و دەوروبەری کەرکووکەوە دەست پێ دەکات و لە نزیکی گولاڵە و زەنگاباد کۆتایی دێت، ڕێك ئەوێ کانگای مەقامی کوردە. هونەری مەقام لە لای کورد و فارس و تورك و بەشێکی عەرەب باوە. هەر یەك لەو نەتەوانە خۆی بە خاوەنی هونەری مەقام دەزانێت، کرۆکی بابەتەکەش ئەوەیە، هەر یەکەیان ڕچە و ڕێبازی خۆیان لە مەقام خوێندندا هەیە، هەر یەکەشیان مەقامی تایبەت بە خۆیان هەیە.

ڕیشەی مەقام زۆر قووڵ بە مێژوودا ڕۆچووە، هەندێك توێژەر بنەچەکەی بۆ ئاوازی سروودی گاتاکانی زەردەشت پێغەمبەر دەگێڕنەوە. ئەم هونەرە زووتر یان درەنگتر پەیدا بوو بێت، ئەوە ساغ بووەتەوە کە هونەرێکی باڵای سترین و چڕینە. هیچ شوێنێکی کوردستانی مەزن وەك گەرمیان نەبووە بە ناوەندی مەقامناسی و مەقام خوێندن. هیچ دەڤەرێکی کوردستان نییە لە یەك مەقام زیاتری تێدا باو بێت، لە گەرمیاندا هەموو مەقامەکان دەخوێندرێن و باون. سەدان ساڵە ئەو دەڤەرە مەقامبێژ و مەقامناس و مەقامخوێنی زۆر بە توانای تێدا هەڵکەوتووە. لە کەرکووکدا تەکیە و خانەقا و دیوەخان شوێنی مەقام خوێندن و مقامناسی و مەقامزانی بوون، لە کەرکووك بەرەو خواریش، شوێنانی وەك لەیلان، قادرکەرەم، خورماتوو، کفری و گوندەکانیان، ناوەندی مەقام چڕین و مەقام خوێندن بوون.

بەهانە و پاساوی ئەم وتارە، کۆچی یەکجارەکیی مەقامناس و مەقامخوێن و مەقامزان شوکور محەمەد قادرە، کە بە شوکور خەیات ناسراوە. ئەم زاتە ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی قەلخانلوو سەر بە شاری خورماتوو لە دایك بووە. لە تەمەنی منداڵییەوە خانەوادەکەی هاتوونەتە کەرکووك. تەمەنی ١١ ساڵ دەبێت، واتە لە ساڵی ١٩٥١دا پاشای مەقامی کورد، مامۆستا عەلی مەردان دێتە گوندەکەیان و بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لەوێدا دەمێنێتەوە. لەو کاتەدا عەلی مەردان گوێی لە دەنگی شوکوری مێردمنداڵ دەبێت و دەفەرمووێت «ئەم منداڵە دەنگی زۆر خۆش دەبێت.» دوو ساڵ دواتر (١٩٥٣) شوکور دەست بە بەستە چڕین و مەقام خوێندن دەکات. هێندە عەشقی هونەری مەقام دەبێت، زۆر تێیدا قووڵ دەبێتەوە. گەردشی ڕۆژگار زۆر شار و دەڤەری لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ کردووە. گەرمیان کە چاوگی مەقامی کوردە، زۆر مامۆستای مەقامناس و مەقامخوێن و مەقامزانی تێدا هەڵکەوتووە، هەندێکیان (عەلی مەردان، حوسێن عەلی، سەلاح داودە، شوکور خەیات)، لە پای بە دەنگ و ڕەنگ تۆمار کردنی مەقامەکانیانەوە، لە ئاستی کوردستان و نەتەوەی کورددا ناسران، گەلێك مامۆستای دیکەی مەقامیش کە هاوشان یان مامۆستای ئەوان بوون، لە پەیای تۆمار نەکردنی هونەرەکەیانەوە، ناو و ناوبانگیان بزر



بووه. هەر بە نموونە، ئەگەر کۆمپانیای پەیزافۆن و ئەوانی دی، لاوکەکانی کاوێس ئاغایان تۆمار نەکردبا، لەوە بوو کەس ناوی کەڵە لاوکبێژی وەك کاوێس ئاغای نەبیستبا. جێی خۆیەتی بڵێین ئەوانەی لە مەقام خوێندن و مەقامزانی و مەقامناسیدا دەگەنە پلەی مامۆستایەتی، هەم دەبنە خاوەن ڕچە و شێوازی خۆیان لە مەقام خوێندن، هەمیشە شاگرد و مریدیان لە بوارەکەدا بۆ دروست دەبێت. شوکور خەیاتی مەقامزان و مەقامخوێن یەکێکە لەو مامۆستایانەی مەقام کە گەلێك شاگردی بە پێی ڕچەکەی خۆی پێگەیاندووە. بۆیەش بە ناسناوی خەیات ناسراوە، چونکە لە شاری کەرکووکدا پیشەی بەرگدوور بووە.

شوکور خەیات پێی وایە لە نێو هەر چوار نەتەوەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کورد خاوەنی ڕاستەقینەی هونەری مەقامە، دیارترین مەقامەکانی کوردیش ئەمانەن (خاوکەر، ئای ئای، قەتار، خورشیدی، کورد، سێگا.. هتد). هەر خۆی گوتوویەتی «عارەب لە ئێمەوە مەقامیان وەرگرتووە. محەمەد گوبەنچی کە گەورەترین مەقامخوێنی بەغدایە، مامۆستاکانی مەقامزان و مەقامخوێنانی شاری کفری بوون، کە مەقامناس و مەقامخوێنی وەك حاجی عومەر بەگلەر، ئەحمەد شاباز، ئەحمەد حەمەی کۆترمل، عەبەی سەعە عەربەتی، سەید سمایلی وێڵە و گەلێك مامۆستای دیکەی مەقام لەو شارەدا هەڵکەوتوون.»

شارەکانی گەرمیان هەر لە کەرکووکەوە تا دەگاتە زەنگاباد، ئامێز و ناوەندێك بوون بۆ گەشە کردنی هونەری مەقام. لەو دەڤەرەدا چوار هۆزی (زەنگەنە، کاکەیی، ڕۆژبەیانی، شێخانی) لە پاڵ چەندین هۆزی دیکەی کورد دەژین.






حوسێن قلی خان فەیلی :



**مەلا مستەفا بارزانی وەکو تەحەددایەک لەناو جەرگەی بەغدا و لە ماڵی کوردێکی فەیلی یەکەم کۆنگرەی پارتی بەڕێوە برد**

عەبدولڕەزاق عەلی



**٢٥ی ئاب.. ڕووداوێکی مێژوویی دەگمەن.. سەروەرییەکی لەبیرکراو**

سەردار هێتوتی




**ئاڤ و گرنگیا وێ د ناڤا ئابووری دا**

پرۆفیسۆر فوئاد ئیزەدی :



**سعودیە نایەوێت هەموو هێلکەکانی بخاتە سەبەتەی ئەمریکاوە**

ستیفن بلانک :



**پوتین وەک پاڵەوانی نێو شانۆکانی شکسپیری لێ هاتووە**


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

جەودەت نەجار :

بارەگای بارزانی چەترێکە بۆ کۆکردنەوەی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان تاوەکو بە ئاسوودەیی بژین و بە مافەکانی خۆیان بگەن



خانمانی کەرکووک
بوونی بەربژێری ئافرەت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەرزدەنرخێنن



شیردانی سرووشتی
بۆ شەش مانگ، دڵی ئافرەت بۆ سێ ساڵ دەپارێزێت!



کاتژمێرێکی
شاشە چەماوەی
زیرەک





نەسرین عەبدین :

ئێمە لە سینەماکارە ڕۆژئاواییەکان زیاتر دەتوانین گوزارشت لە واقعی خۆمان بکەین



ئیڤان فەرهاد :

ئێستا خەڵک یاریزانانی کچ دەناسن و پشتگیرییان دەکەن




مەسعود بارزانی
بارزانی
و
بزووتنەوەی
ڕزگاریخوازی کورد
بەرگی شەشەم
٢٠٠٣ - ٢٠١٦
کوردستان و عێراقی نوێ
بەشی یەکەم



# شەڕە سەختەکەی نووسینەوەی دەستووری ٢٠٠٥ و ناسەقامگیریی ئەمنی و سیاسی و پێشێلکارییە دەستوورییەکان

بەشی دووەم

سەرۆک بارزانی لە بەرگی شەشەمی «بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد»، ئاماژەی بەوە کردووە، دوای ئەوەی بڕیاری گۆڕینی ئاڵای عێراق بە نادیاری هەڵوەشێندرایەوە، بڕیاری داوە ئاڵاکەی «بەعس و سەدام» چیدیکە لە هەرێمی کوردستان هەڵنەکرێت

هەر لە سەرەتای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣وە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەتایبەتی ئەو لایەنە سەرەکییانەی کە رێککەوتنی لەندەنیان ئیمزا کردووە، بەوەی دەبێت عێراقی دوای رژێمی سەدام حوسێن «عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی» بێت، نییەتیان پاک نەبووە و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بووە کە ناوەرۆکی ئەو رێککەوتنە لە چوارچێوەی «فیدراڵیی پارێزگاکان»دا، پووچەڵ بکەنەوە

## ● عێراقی فیدراڵی دیموکراتی پەرلەمانی لە گۆڕینی ئاڵاکەیەوە بونیاد دەنرێتەوە

لە دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن و پاشانیش دوای ئەوەی ئەمریکا خۆی کردە داگیرکار و پۆل بریمەری وەک حاکمی مەدەنیی عێراق دامەزراند، هاوکات ئەنجومەنێکیش بە ناوی «ئەنجومەنی حوکم» لە سەرکردە عێراقییەکان پێکهات و لە ماوەی ١٠ مانگی ئەنجومەنی حوکم، ئەم سەرکردانە «محەمەد بەحرئەلعلووم، ئیبراهیم جەعفەری، ئەحمەد چەلەبی، ئەیاد عەلاوی، جەلال تاڵەبانی، عەبدولعەزیز حەکیم، عەدنان پاچەچی، موحسین عەبدولحەمید، مسعود بارزانی، عیزەدین سەلیم و غازی مەشعەل» هەر یەکەیان بۆ ماوەی مانگێک سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی حوکمیان دەکرد و، یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی حوکمیش لە رۆژانی ١٤-١٦ تەمموزی ٢٠٠٣ دەستی پێ کرد، دوای ئەویش لە ئەیلولی ٢٠٠٣ حکومەتێکی کاتی لە ٢٥ وەزارەت دامەزرا و لە ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ بە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ئینتیقالی کاری ئەم ئەنجومەنە کۆتایی هات.

ئەم ئەنجومەنە لە ماوەی کارکردنی لەگەڵ حکومەتی کاتیی بریمەر چەند کارێکی گرنگی ئەنجام دا:

١. بڕیاری دا، ئاڵای رژێمی بەعس بگۆڕێت و بە شێوەیەکی کاتی ئاڵایەکی نوێ بۆ عێراق دروست بکرێت، بۆ ئەمەش دیزاینی ئاڵایەکی نوێ لەلایەن ئەندازیار «رەفعەت چادرچی»یەوە پێشنیار کرا و ئەنجومەنی حوکم پەسەندی کرد، بەڵام وەک سەرۆک بارزانی ئاماژەی پێ کردووە و نووسیویەتی «ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نازانم کێ و چۆن ئەو بڕیارەی هەڵوەشاندەوە».

٢. نووسینەوەی «یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی وڵات»، یاسایەکی گرنگی بنەرەتی بوو بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی کاتیی «ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دامەزراندنی لێژنەیەک بۆ نووسینەوەی دەستوور»، وا بڕیار بوو، ئەو حکومەتە ئینتیقالییەی کە بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی دامەزرابوو، کاربکات بۆ ئەوەی ئەم یاسا گرنگە کە تێیدا هاتووە «عێراقێکی دیموکراتی و یەکگرتوو» لە بڕیاری ١٥٤٦ی ئەنجومەنی ئاسایش بنووسرێت و، بەرواری دەرچوونی ئەم بڕیارەش ٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ بوو، واتە هەفتەیەک دوای دامەزراندنی حکومەتی ئینتیقالیی عێراق، بەڵام وەک سەرۆک بارزانی لەلایەن غازی یاوەر سەرکۆمار لە قۆناغی ئینتیقالی ئاگادار کراوەتەوە، غازی یاوەر لەگەڵ جۆرج دەبلیو بووشی سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا، باسی ئەوەی کردووە کە یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەت بخرێتە ناو بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەڵام بووش بە غازی یاوەری گوتووە «لەبەر سیستانی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت نەخراوەتە ناو بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە.

سەبارەت بەم دوو رووداوەی ئەنجومەنی حوکم، سەرۆک بارزانی لە بەرگی شەشەمی «بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد»، ئاماژەی بەوە کردووە، دوای ئەوەی بڕیاری گۆڕینی ئاڵای عێراق بە نادیاری هەڵوەشێندرایەوە، بڕیاری داوە ئاڵاکەی «بەعس و سەدام» چیدیکە لە هەرێمی کوردستان هەڵنەکرێت، لەمبارەیەوە نووسیویەتی «لە کوردستان بڕیارماندا، ئێمە بە هیچ شێوەیەک ئاڵای سەردەمی بەعس هەڵناکەین، بەڵکو دەگەڕێینەوە بۆ ئاڵای سەردەمی کۆماری ١٤ی تەمموز کە کاتی خۆی پێشنیار کرابوو، هەتا ئەو کاتەی ئاڵایەکی نوێ بۆ عێراق دروست و پەسەند دەکرێت. دوای بڕیارەکەمان سەبارەت بە هەڵنەکردنی ئاڵای سەردەمی بەعس، ژمارەیەک دەستخۆشییان لێ کردین و، ژمارەیەکی تریش بابەتەکەیان کردە ماددەیەکی چەور بۆ هەڵڕشتنی رق و کینە بەرانبەر کوردستان و خودی مـن».

سەرۆک بارزانی سەبارەت بەم هێرشە ناڕەوایەی دەکرانە سەر کوردستان و شەخسی خۆی، لە وەڵامی نامەیەکی مام جەلالدا کە لەم هێرشە شۆڤێنییانە ئاگاداری دەکاتەوە، بەمجۆرە وەڵامی مام جەلالی داوەتەوە «لە راگەیاندنەکاندا زۆر بە رق و کینە و بە شێوەیەکی چەواشەکارانە هەواڵەکە بڵاو کراوەتەوە، بڕیارە بەیانی بچمە پەرلەمانی کوردستان و لە

پەرلەمان ڕوونکردنەوەی پێویست بدەم».

دوای ڕوونکردنەوەکەی سەرۆك بارزانی و ئاشکرادنی ڕاستییەکان لەوەی کە ئەم ئاڵایەی ئێستای عێراق بە پشتبەستن بە بڕیارێکی «ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش هەڵوەشاوە «یاسای بۆ دەرکراوە و ئاڵایەکە شەڕی قادسیەی لە سایەدا کراوە و سێ ئەستێرەی ناو ئاڵاکە بە دروشمی بەعس «وەحدە حورییە ئیشتراکییە» تەفسیر کراوە و، لە هۆیە نەرێنییەکانی ئەم یاسایەدا هاتووە «ئەم یاسایە شانازیی شۆڕشی حەڤدە و سی تەمموزە».

دوای ئاشکراکردنی ئەم ڕاستییانە، وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ کردووە و نووسیویەتی «دیار بوو بەرپرسانی عێراق هەستیان بە هەڵەکەیان کرد، بۆیە زوو هەوڵی چارەسەرکردنیان دا، ئەویش بە هەڵکردنی ئاڵای ئێستای عێراق کە بە بێ ئەستێرە و تەنیا بە خەتی کوفی «الله اکبر»ی لەسەر نووسراوە، تا ئێستاش ئاڵاکە کاتییە، نەك ئاڵایەك لە دەستووردا ئاماژەی پێ کرابێت و بڕیاری لەسەر درابێت».

سەبارەت بە نووسینەوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتیش، هەر لە سەرەتاوە عەدنان پاچەچی پڕۆژەیەکی ئامادە کردبوو، هەوڵ دەدرا، ئەو پڕۆژەیەی پاچەچی پەسەند بکرێت، کە چەندین خاڵی نەرێنی و دژی مافەکانی گەلی بە کۆکردنەوەی ئیمزای هاووڵاتیان باس کردبوو، توانیبوویان «١٧٣٢٥٣٥» ئیمزا کۆبکەنەوە، کە داوای سەربەخۆییان کردبوو، پاشان ئەم بزووتنەوەیە ئەم ئیمزایانەی بردە ئەنجومەنی حوکم بۆ ئەوەی بزانرێت کە داوای سەرەکیی گەلی کوردستان سەربەخۆیی کوردستانە، بەڵام کاتێك سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان باسی عێراقێکی فیدراڵی دەکات، دەبێت ئەوە بزانرێت گەلی کوردستان بە سەربەخۆیی کەمتر ڕازی نابێت، هەر بۆیە دوای بردنی ئەم ئیمزایانە، ڕۆژی ٢٩ی شوباتی ٢٠٠٤ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی حوکمدا ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر یاساکە کرا و ڕۆژی ٥ی ئاداری ٢٠٠٤ یاساکە ئیمزا کرا.

ئەم دوو ڕووداوە گرنگەی سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەی ئاماژەی پێ کردوون، ئاماژەن بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣وە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەتایبەتی ئەو لایەنە سەرەکییانەی کە ڕێککەوتنی لەندەنیان ئیمزا کردووە، بەوەی دەبێت عێراقی دوای ڕژێمی سەدام حوسێن «عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی» بێت، نییەتیان پاك نەبووە و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بووە کە ناوەرۆکی ئەو ڕێککەوتنە لە چوارچێوەی «فیدراڵیی پارێزگاکان»دا، پووچەڵ بکەنەوە، لەمەش زیاتر ئەمریکاش پابەند نەبووە بە بەڵێنەکانی، بەتایبەتی کە خۆی لە ڕزگارکەرەوە گۆڕی بۆ داگیرکار و پاشانیش لە سەردەمی حوکمی حاکمە مەدەنییەکەی «پۆل بریمەر» زۆر بە ڕاشکاوی داوای ئەوەیان دەکرد کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵبوەشێندرێتەوە، بۆیە سەرۆك بارزانی لەم کتێبەدا پەردەی لەسەر ڕووی هەموو ئەو ڕاستییانە هەڵداوەتەوە و جارێکی دیکەش ئەوەمان بیر دەهێنێتەوە، کە ئێستاش هەمان ئەقڵییەتی شۆڤێنی و هەمان نییەتی خراپ بوونی هەیە، کە دەیانەوێت قەوارەی هەرێمی کوردستان بچووك بکەنەوە و، ئەگەر بۆیان بکرێت لەناویشی بەرن.

## • هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئینیتقالی- عێراق

**دامەزراندنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان**

دوای پەسەندکردنی یاسای بەڕێوەبردنی وڵات، حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی لە حوزەیرانی ٢٠٠٤ دامەزرا و، نوێنەرێکی عەرەبی سوننە (غازی یاوەر) وەك سەرۆك کۆماری کاتیی عێراق هەڵبژێردرا، ئەرکی سەرەکیی ئەم حکومەتە ئەوە بوو، کە زەمینەسازی بکات بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە عێراقدا ئەنجام بدرێت و لەبەر ڕۆشنایی ئاکامی ئەو هەڵبژاردنەدا «ئەنجومەنی نوێنەرانی ئینتیقالی — عێراق» دابمەزرێت، بۆ ئەوەی ئەم ئەنجومەنە هەم حکومەتێکی ئینتیقاڵی دابمەزرێنێت، هەمیش لێژنەیەك بۆ نووسینەوەی دەستووری عێراق پێکبهێنێت.

یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد لە عێراقدا و دووەمین هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لە

**لە چوارچێوەی پرۆسەی تازەی سیاسیی عێراقدا، سەرۆك بارزانی پێداگرییەکی زۆری کرد، کە دەبێت یەکێك لە پۆستە سەرووەرییەکانی سەرۆکایەتییەکانی دەوڵەتی عێراق بدرێتە کورد، بۆ ئەمەش جەختی لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆمار کرد**

**لای هەموو لایەك ئاشکرایە کە پۆستی سەرۆك کۆمار لە عێراقدا پۆستێکی تەشریفییە و ئەگەر زۆر گرنگ بوایە عەرەبی شیعەی عێراق بواریان نەدەدا هیچ لایەکی دیکە وەری بگرێت**

**سەرۆك بارزانی ئەوەشی لەسەر میدیا و ڕاگەیاندنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان فەرز کرد، کە دەبێت لە دارشتنی هەواڵەکاندا، هەواڵەکانی مام جەلال لە پێش هەواڵەکانی خۆی بلاو بکرێتەوە**

٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئینتیقاڵیی عێراق و هەروەها هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش بەڕێوە چوو.

لە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی عێراق، ئەنجومەنێکی نوێنەرانی ئینتیقالی بە ٢٧٠ کورسی پێکهات لە ٢٧٥ ئەندام و فراکسیۆنی کوردستانیش ٧٠ کورسی بە دەست هێنابوو، ئەم ئەنجومەنە بۆ ماوەی یەك ساڵ بەردەوام بوو، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش پەرلەمانێکی تازە هەڵبژێردرا، کە ئەرکی سەرەکیی ئەوە بوو یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەر بکات و هەردوو ئیدارەی «هەولێر و سلێمانی» لە چوارچێوەی دامەزراندنی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەك بگرێتەوە.

لە چوارچێوەی پرۆسەی تازەی سیاسیی عێراقدا، سەرۆك بارزانی پێداگرییەکی زۆری کرد، کە دەبێت یەکێك لە پۆستە سەرووەرییەکانی سەرۆکایەتییەکانی دەوڵەتی عێراق بدرێتە کورد، بۆ ئەمەش جەختی لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆمار کرد، ئەم پێداگرییەی سەرۆك بارزانی لەبەر ئەوە نەبوو کە پۆستی سەرۆك کۆمار، پۆستێکی زۆر گرنگە، بە پێچەوانەوە لای هەموو لایەك ئاشکرایە کە پۆستی سەرۆك کۆمار لە عێراقدا پۆستێکی تەشریفییە و ئەگەر زۆر گرنگ بوایە عەرەبی شیعەی عێراق بواریان نەدەدا هیچ لایەکی دیکە وەری بگرێت، بەڵام گرنگیی ئەم پۆستە لای سەرۆك بارزانی، بەتایبەتی پێش نووسینەوەی دەستووری عێراق لە هەمان ساڵدا، زەمینەخۆشکردن بوو بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت «عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب»و دواتریش لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا بەمجۆرە چەسپێندرا «عەرەبی عێراق بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب» نەك عێراق وەك دەوڵەت، بەمجۆرەش سەرۆك بارزانی، مام جەلالی وەك نوێنەری کورد بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان کرد و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا مام جەلال وەك کاندیدی گەلی کورد لە ٦ی نیسانی ٢٠٠٥ بووە سەرۆك کۆماری عێراق.

بوونی کوردێك بە سەرۆك کۆماری عێراق کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم دەوڵەتەو لە ساڵی ١٩٢٠ـەوە هەموو هەوڵەکانی عەرەبی عێراق بۆ ئەوە بووە، عێراق وەك دەوڵەت بکەنە بەشێك لە نیشتمانی عەرەبی و بە یاسا و دیکۆمێنت خاکێك بسڕنەوە کە ناوی کوردستانە، مەغزا سیاسییەکەی زۆر لەو موزایەدە حزبییانە گەورەتر بوو، کە دوای هەڵبژاردنی مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق، لەلایەن میدیا حزبییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە هاشوهۆشی پێوە کرا، هەر بۆیە جارێکی دیکە سەرۆك بارزانی گشتاندنێکی بۆ هەموو میدیاکان پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند «بە هیچ شێوەیەك نابێت بە هەمان ئاست و شێواز وەڵامی میدیاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدرێتەوە و نابێت ئەم دەستکەوتە گەورەیەی گەلی کوردستان بشێوێندرێت»، لەمەش زیاتر سەرۆك بارزانی ئەوەشی لەسەر میدیا و ڕاگەیاندنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان فەرز کرد، کە دەبێت لە دارشتنی هەواڵەکاندا، هەواڵەکانی مام جەلال لە پێش هەواڵەکانی خۆی بڵاو بکرێتەوە.

**● دامەزراندنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە لە کابینەی پێنجەمدا**

دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەکان و ڕاسپاردنی ئیبراهیم جەعفەری بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئینتیقالی، لە هەرێمی کوردستانیش جارێکی دیکە کۆبوونەوەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی بۆ دامەزراندنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆك و دەرکردنی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەستیان پێ کردەوە، بەڵام ئەوەی لەم زنجیرە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی هەردوولا تێبینی دەکرا، ئەوە بوو دوای هەڵبژاردنی مام جەلال وەك سەرۆك کۆماری عێراق، بەشێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ١٨٠ پلە هەڵوێست و ڕوانگەیان گۆڕانکاری بەسەردا هات و لە ناو ئەندام و لایەنگرانی یەکێتیدا پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە، بەوەی گوایە لە پێناوی

**لەو دانیشتنە دوو قۆڵییەی نێوانیان مام جەلال لە بەشێکی قسەکانیدا ئەمەشی بە سەرۆک بارزانی گوتووە «جگە لەوەی کوڕی مەلا مستەفای، گەورەی بارزانییەکانی و سەلماندووشتە کە پیاوی ڕۆژانی تەنگانەی**

**پێداگریی سەرۆک بارزانی لەسەر ئەوەی کە دەبێت یاسای بەڕێوەبردنی وڵات لە بڕیاری ١٤٥٦ی ئەنجومەنی ئاسایش ئاماژەی پێ بکرێت، بۆ چەسپاندنی ناسنامە نوێیەکەی دەوڵەتی عێراقە کە یاساکەدا ئاماژەی پێ کراوە «عێراقی دیموکراتی و فیدراڵی و فرەیی» بێت، هەروەها قەوارەی هەرێمی کوردستان پارێزراو و پرسی پێشمەرگە چارەسەر بکرێت و شەراکەتی ڕاستەقینە بوونی هەبێت**

وەرگرتنی پۆستی سەرۆك كۆماردا یەكێتی تەنازولی زۆری بۆ پارتی كردووە، چونكە لە یاسای سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستاندا دەسەڵاتێكی زۆر بە سەرۆكی هەرێمی كوردستان دراوە. بۆیە پێویستە دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش هاوشێوەی دەسەڵاتەكانی سەرۆك كۆماری عێراق پرۆتۆكۆڵی بێت.

سەرۆك بارزانی لە بەرگی شەشەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد»، لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی كردووە و «دكتۆر مەحموود عوسمان و فەخری كەریم»ی ناردووە بۆ سلێمانی و لەگەڵ مەكتەبی سیاسیی یەكێتی چەندین كۆبوونەوەیان كردبوو، سەرەنجامی ئەو كۆبوونەوانە ئەوەیان بۆ دەركەوتبوو، بەشێك لە ئەندامانی مەكتەبی سیاسیی یەكێتی جیاوازی و ناكۆكییەكی قووڵیان لەگەڵ مام جەلال هەیە و دەیانەوێت مام جەلال ئازار بدەن، لەسەر ئەم تێڕوانین و هەڵوێستە سەرۆك بارزانی بەم شێوەیە هەواڵی بۆ سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ناردووە و پێی گوتوون «من نە داوای پۆستی سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستانم كردووە، نە بڕیاری وەرگرتنی ئەو پۆستەكەم داوە. حەز دەكەم پێتان بڵێم، ئەگەر من ئامادە بم پۆستی سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان وەربگرم، بەبێ ئێوەش دەكرێت. هەموو لایەنەكان داوایان كرد، كە پۆستی سەرۆك كۆماری عێراق وەربگرم، من قبووڵم نەكرد و پۆستەكەم ڕەت كردەوە، بەڵام ئەگەر پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان وەربگرم، سەرۆكێكی پرۆتۆكۆڵی نابم، بۆیە بڕیاری خۆتان بدەن...».

ئەم هەڵوێستەی بەشێك لە ئەندامانی مەكتەبی سیاسیی یەكێتی، تەواو مام جەلالی نیگەران كردبوو، هەر بۆیە لە ٢٨ی ئایاری ٢٠٠٥ خۆی سەردانی سەرۆك بارزانی كرد و، ناوەڕۆكی قسەكانی مام جەلال بۆ سەرۆك بارزانی ئەمانە بوون:

١. هاتووم و ناگەڕێمەوە، تا بەڵێنی وەرگرتنی پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستانم پێ نەدەیت.

٢. پێم گوتوون هەرچی لە دەستتان هات، دژی من و هێرۆ و منداڵەكان و كەسوكارەكانم كردتان. ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات و ئێوە دەیكەن، قبووڵ ناكرێت و كارەساتی لێ دەكەوێتەوە.

٣. ئێستاش لە هەموو بابەت و پرسەكاندا پشتگیریتان دەكەم و هاوڕام لە گەڵتان، جگە لە دژایەتیكردنی پارتی و تێكدانی نێوان من و مسعود بارزانی.

لەو دانیشتنە دوو قۆڵییەی نێوانیان مام جەلال لە بەشێكی قسەكانیدا ئەمەشی بە سەرۆك بارزانی گوتووە «جگە لەوەی كوڕی مەلا مستەفای، گەورەی بارزانییەكانی و سەلماندووشتە كە پیاوی ڕۆژانی تەنگانەی. حەزدەكەم ڕێوشوێنی پێویست بگریتە بەر بۆ ئەوەی پێكەوە سەردانی مەزاری بارزانیی نەمر و كەسوكاری سەربەرزی شەهیدان بكەین و پێیان ڕابگەیەنین كە ماندووبوون و قوربانیدانیان بەفیڕۆ نەچووە».

دوای ئەم سەردانەی مام جەلال بۆ لای سەرۆك بارزانی، ڕۆژی ٢٩ی ئایاری ٢٠٠٥ جارێكی دیكە مەكتەبی سیاسیی پارتی دیموكراتی كوردستان كۆدەبێتەوە و بڕیار دەدات، ڕۆژی ٤ی حوزەیران پەرلەمانی كوردستان یەكەمین كۆبوونەوەی خۆی دوای هەڵبژاردنەكانی كانوونی دووەمی ٢٠٠٥ گرێ بدات و ئەندامانی پەرلەمان سوێندی یاسایی بخۆن و دەست بەكار بن. دوای دیاریكردنی دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان و كاروبارە یاساییەكانی پەرلەمانی كوردستان، لە كۆبوونەوەی ڕۆژی ١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ پەرلەمانی كوردستاندا، بە تێكڕای دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان مسعود مستەفا بارزانی وەك یەكەمین سەرۆكی هەرێمی كوردستان هەڵبژێردرا و، بڕیار بوو هەر لەم كۆبوونەوەیەدا بەبەرچاوی ژمارەیەكی زۆری كەسایەتی و میوانەوە سەرۆكی هەرێمی كوردستان سوێندی یاسایی بخوات، بەڵام بە هۆی خراپیی كەشوهەواوە میوانەكان نەیانتوانیبوو ئامادەی دانیشتنەكەی پەرلەمانی كوردستان بن، بۆیە لە ڕۆژی ١٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ بە ئامادەبوونی سەرۆك كۆماری عێراق، سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارەیەك لە وەزیر و پەرلەمانتار و سەرۆك و سكرتێری حزبە سیاسییەكانی كوردستان و عێراق، ژمارەیەكی زۆر لە دیپلۆمات و باڵیۆزی وڵاتان ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە

**نەبوونی هاودەنگی و هەمانگی و تێڕوانینی تەسكی حزبییانە دەستكەوتە گرنگەكانی نەتەوەكەمان دەباتەوە سەر لێواری هەڵدێر**

**سەرۆک بارزانی پێمان دەڵێت «بە تەبایی و یەکڕیزی زۆر دەستکەوتی گەورە لەو ڕۆژانە بەدەست هاتن، وەک بوونی مام جەلال بە سەرۆک کۆماری عێراق، دانانی ماددەی ٥٨ لە یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ماددەی ١٤٠ لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، بوونی پێشمەرگە بە پاسەوانی کوردستان و دانانی ماددەی ١١١ و ١١٢ سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سامانە سرووشتییەکان و...هتد»**



پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرۆك بارزانی لە بەرگی شەشەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان» بەمجۆرە وێنای ساتی سوێندخواردنەکەیمان بۆ دەکات «لە چرکە ساتەکانی سوێندخواردنمدا، وێنە و یادی باوکم و کاك ئیدریس و هەموو ئەو هەڤاڵانەی سەردەمێك پێکەوە پێشمەرگە بووین و شەهید بوون، ئێش و ئازاری گەلەکەمان و کیمیابارانکردنی کوردستان و ئەنفال و کۆڕەو و ئاوارەبوونی میللەتەکەمان بە زەین و بەرچاومدا تێدەپەڕین، ئەمە دەستکەوت و ماندووبوون و خەبات و قوربانیدانی ئەوان بوو، زۆر هەوڵم دا دان بە خۆمدا بگرم و بەسەر هەستەکانمدا زاڵ بم، بەڵام چاو هەر پڕ لە فرمێسك بوو..».

دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان هەڵبژێردرا و دەستبەکار بوو، هاوکات کۆبوونەوە و هەوڵەکانی هەر دوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی بۆ یەکخستنەوەی هەر دوو ئیدارە لە هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان چڕ کرانەوە، بەڵام ئەم پرسە لەگەڵ ئەوەی پرسێکی زۆر گرنگ بوو و ئامانج و خواستی تەواوی خەڵکی کوردستان بوو، بەڵام بەردەوام لە کۆبوونەوەکاندا کۆسپ و کێشەی نوێ دەهاتنە بەردەم پرۆسەی یەکگرتنەوە، هەر بۆیە ئەم کێشانە وای کرد کە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەلەفۆن بۆ عەدنان موفتی سەرۆکی ئەو کاتی پەرلەمانی کوردستان بکات و داوای کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی پەرلەمان بکات، بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێم هەموو ڕاستییەکان سەبارەت بە هۆکاری یەکنەگرتنەوەی حکومەت و شکستی کۆبوونەوەکان بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکات. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە جددییەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم کۆبوونەوەیە تێ دەگات، بۆیە پەیوەندی بە مام جەلالەوە دەکات، مام جەلالیش گوشارە دەخاتە سەر مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بۆ سەرخستنی کۆبوونەوەکان و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە و دامەزراندنی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان ڕابگەیەندرێت. ئەم گوشارانە وای کرد، دانوستاندن و کۆبوونەوەکان بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە کۆتاییان بێت و لە ڕۆژی ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە و یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم ڕاگەیەندرا، ئەم هەنگاوە مێژووییە گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە پێشوازییان لێ کرد.

ئەوەی لەم دوو ڕووداوە مێژووییە سەرۆك بارزانی وەك دیکۆمێنت تۆماری کردوون، خستنە ڕووی ئەو ڕاستییانەیە کە پێویستە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو پەند و وانەی لێ وەربگرن، سەرۆك بارزانی پێمان دەڵێت «بە تەبایی و یەکڕیزی زۆر دەستکەوتی گەورە لەو ڕۆژانە بەدەست هاتن، وەك بوونی مام جەلال بە سەرۆك کۆماری عێراق، دانانی ماددەی ٥٨ لە یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ماددەی ١٤٠ لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، بوونی پێشمەرگە بە پاسەوانی کوردستان و دانانی ماددەی ١١١ و ١١٢ سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سامانە سرووشتییەکان و...هتد»، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەشمان پێ دەڵێت کە چۆن «نەبوونی هاودەنگی و هەمانگی و تێڕوانینی تەسکی حزبیانە دەستکەوتە گرنگەکانی نەتەوەکەمان دەباتەوە سەر لێواری هەڵدێر، وەك ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی بۆ دامەزراندنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و یەکخستنەوەی هەر دوو ئیدارە و یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوویان دا و، ئێستاش هەمان سنیاریۆی بیرکردنەوەی تەسکی حزبیانە ئاستەنگ و کێشەی گەورە لە بەردەم دەستکەوتە نیشتمانییەکانمان دروست دەکەن».

### ● شەڕە سەختەکەی دەستوور
## چەسپاندنی فیدراڵیی جوگرافی و مێژوویی

پێداگریی سەرۆك بارزانی لەسەر ئەوەی کە دەبێت یاسای بەڕێوەبردنی وڵات لە بڕیاری ١٤٥٦ی ئەنجومەنی ئاسایش ئاماژەی پێ بکرێت، بۆ چەسپاندنی ناسنامە نوێیەکەی دەوڵەتی عێراقە کە یاساکەدا ئاماژەی پێ کراوە «عێراقی دیموکراتی و فیدراڵی و فرەیی» بێت، هەروەها قەوارەی هەرێمی کوردستان پارێزراو و

**سەرۆك بارزانی لە بەرگی شەشەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان» بەمجۆرە وێنای ساتی سوێندخواردنەکەیمان بۆ دەکات «لە چرکە ساتەکانی سوێندخواردنمدا، وێنە و یادی باوکم و کاك ئیدریس و هەموو ئەو هەڤاڵانەی سەردەمێك پێکەوە پێشمەرگە بووین و شەهید بوون، ئێش و ئازاری گەلەکەمان و کیمیابارانکردنی کوردستان و ئەنفال و کۆڕەو و ئاوارەبوونی میللەتەکەمان بە زەین و بەرچاومدا تێدەپەڕین**

**سەرۆك بارزانی بەمجۆرە وەڵامی ئەمریکییەکانی داوەتەوە «پێ دەچێت پاشگەزبوونەوەیەک لە هەڵوێستەکانتاندا هەبێت و، هەوڵ دەدەن لەسەر حیسابی کورد کێشەکان چارەسەر بکەن، ئێمە هەوڵ دەدەین نەرمی بنوێنین، بەڵام بە هیچ شێوەیەک سازش لەسەر مافەکانمان ناکەین»**

**پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوە چڕەکان لە ٨ی ئاب تا ٢٨ی ئابی ٢٠٠٥ بۆ نووسینەوەی دەستوور، ژینگەیەکی ئاڵۆز و ناتەندروست هەبووە کە لەسەر حیسابی مافەکانی گەلی کوردستان لایەنەکانی دیکە بەتایبەتی عەرەبی شیعە و سوننە ڕازی بکرێن**

**بەشێک لەو عەرەبە سوننەیانەی کە ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور بوون، زۆر شۆڤێنییانە ڕەفتاریان کردووە، زۆربەی ئەندامانی عەرەبی شیعەش کە ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور بوون، دەیانویست هەر لە سەرەتای نووسینەوەی دەستووردا هەژموون و باڵادەستیی خۆیان لە دەستوورەکەدا بسەپێنن**

**ئەمریکا بەڵێنی دابوو، وەک وەفایەک بۆ بەشداریی کارای پێشمەرگە لە شەڕی ئازادی و ڕزگاریی عێراقدا، مەشق و ڕاهێنان بە پێشمەرگە بکات و پڕ چەکی بکات، بەڵام ئەم بەڵێنەشی نەبردە سەر**

پرسی پێشمەرگە چارەسەر بکرێت و شەراکەتی ڕاستەقینە بوونی هەبێت. بەڵام بەداخەوە بۆ ڕازیکردنی دڵی ئایەتوڵا سیستانی «عەرەبی شیعە» جۆرج دەبلیو بوش سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا ڕێگەی نەدابوو ئەو یاسایە لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێ بکرێت.

لەم ڕووداوەوە، سەرۆك بارزانی ئەو ترسەی لا دروست بوو، ئەمریکییەکان دەیانەوێت لەسەر حیسابی مافەکانی گەلی کوردستان خەڵکی دیکە ڕازی بکرێت و، ئەم ترسەی سەرۆك بارزانی لە جێگەی خۆیدا بوو، هەر بۆیە کاتێك زۆر بە جددی پێداگری لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان دەکرد، ئەمریکییەکان و لایەنەکانی دیکەش جار و بار دەیانگوت لەسەر فلان بڕگە و مادده هەموو لایەك ڕازین، تەنیا مسعود بارزانی ناڕازییە.

لە بەرگی شەشەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد»، سەرۆك بارزانی سەردانی شاندێکی ئەمریکیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە پێش نووسینەوەی دەستوور ئەم داواکارییەیانەیان هەبووە:

١. چوار کورسیی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بە بەرەی تورکمانی و کۆمەڵەی عەرەبی بدرێت.

٢. لەم قۆناغەدا پێداگری و داکۆکیەکی زۆر لەسەر ماددەی ٥٨ و ١٤٠ی دەستوور نەکرێت.

سەرۆك بارزانی بەمجۆرە وەڵامی ئەمریکییەکانی داوەتەوە «پێ دەچێت پاشگەزبوونەوەیەك لە هەڵوێستەکانتاندا هەبێت و، هەوڵ دەدەن لەسەر حیسابی کورد کێشەکان چارەسەر بکەن، ئێمە هەوڵ دەدەین نەرمی بنوێنین، بەڵام بە هیچ شێوەیەك سازش لەسەر مافەکانمان ناکەین».

کەواتە پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوە چڕەکان لە ٨ی ئاب تا ٢٨ی ئابی ٢٠٠٥ بۆ نووسینەوەی دەستوور، ژینگەیەکی ئاڵۆز و ناتەندروست هەبووە کە لەسەر حیسابی مافەکانی گەلی کوردستان لایەنەکانی دیکە بەتایبەتی عەرەبی شیعە و سوننە ڕازی بکرێن، ئەمەش لە کاتێکدا بەشێك لەو عەرەبە سوننەیانەی کە ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور بوون، زۆر شۆڤێنییانە ڕەفتاریان کردووە، زۆربەی ئەندامانی عەرەبی شیعەش کە ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور بوون، دەیانویست هەر لە سەرەتای نووسینەوەی دەستووردا هەژموون و باڵادەستیی خۆیان لە دەستوورەکەدا بسەپێنن، بۆیە پێش ئەوەی کۆبوونەوەکانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور دەست پێ بکات، سەرۆك بارزانی بە ئامادەبوونی ئەیاد عەلاوی ئەم مەرجانەی بۆ نووسینەوەی دەستوور بە زاڵمای خەلیلزاد باڵیۆزی ئەوکاتی ئەمریکا لە عێراق ڕاگەیاندووە:

١. وەك پێشتر ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، پێویستە ناسنامەی عێراق وەك خۆی بپارێزرێت و بە هیچ شێوەیەك گۆڕانکاری تێدا نەکرێت، کە بریتییە لە» عێراقی دیموکراتی و فیدراڵی و فرەیی».

٢. بۆ کورد دەرفەتێکی مێژووییە و نابێت لە دەستووردا کەمتر لە یاسای بەڕێوەبردنی وڵات، باس لە مافەکانی کورد بکرێت.

٣. پشتگیری لە دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهات و سەرچاوە سرووشتیەکان دەکەین، بەڵام گەرووی خۆمان ڕادەستی بەغدا ناکەین.

٤. پێویستە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پێشمەرگە لە دەستووردا بدۆزرێتەوە.

٥. بەپێی ڕێککەوتن، سنووری هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ڕاستییە مێژوویی و جوگرافیەکان دەستنیشان و دیاری بکرێت.

٦. ئێمە بە پێچەوانەی هەموو خەڵکی تر، خوێنمان بۆ ڕزگاری و ئازادی عێراق داوە، بە هیچ شێوەیەك نابێت خەڵکی تر لەسەر حیسابی کورد ڕازی بکرێن.

ئەم هۆشدارییانەی سەرۆك بارزانی بۆ باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، لەو باکگراوەندەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەمریکییەکان دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لەو بەڵێنانە پاشگەز بوونەوە کە پێشتر بە کوردیان دابوو، لەوانە:

- ئەمریکیەکان دوای ڕای گشتیی ئەمریکا و دروستکردنی هاوپەیمانی، پێویستیان بەوە بوو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کۆنگرەیەك ببەستێت و لەسەر شێوازی سیستمی داهاتووی عێراق ڕێك بکەون، ئەم کۆنگرە کە بە کۆنگرەی لەندەن

ناسراوە، بە هەوڵی سەرۆك بارزانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام ئەمریکا هەر دوای ٤٠ ڕۆژ لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس پابەندی بەڵێنەکانی خۆی نەبوو.

- ئەمریکا بەڵێنی دابوو، وەك وەفایەك بۆ بەشداریی کارای پێشمەرگە لە شەڕی ئازادی و ڕزگاریی عێراقدا، مەشق و ڕاهێنان بە پێشمەرگە بکات و پڕ چەکی بکات، بەڵام ئەم بەڵێنەشی نەبردە سەر.
- ئەمریکا بەڵێنی دابوو، یاسای بەڕێوەبردنی وڵات لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێ بکرێت، کە ناسنامەی عێراقی بە «عێراقی دیموکراتی و فیدڕاڵی و فرەیی» پێناسە کردبوو، بەڵام بۆ ڕازیکردنی عەرەبی شیعە سەرۆکی ئەمریکا ئەم کارەی نەکرد.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانە کە ناتوانرێت لەم پرسە هەستیارەی نووسینەوەی دەستوور بە تەواوەتی پشت بە ئەمریکییەکان ببەسترێت، سەرۆك بارزانی هەر لە سەرەتاوە و بە ڕاویژ و کۆبوونەوەی تایبەتی لەگەڵ مام جەلال، هەوڵی ئەوەی دابوو کە تەبایی و یەکڕیزی لەسەر پرسی دەستوور لەناو گەلی کوردستان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی دروست بکات، ئەو لیژنەیەی بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستوور و مافەکانی گەلی کوردستان دروست دەکرێت، دەبێت وەك یەك تیم کار بۆ ئەم پرسە بکەن.

ئەم تەبایی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەی پارتی و یەکێتی بووە هۆکاری ئەوەی، ئەو خاڵانەی سەرۆك بارزانی پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکانی لیژنەی دەستوور، لەگەڵ ئەمریکییەکان باسی کردبوو، توانرا لە ناو دەستوورەکەدا بچەسپێندرین، ئەمە لەگەڵ ئەوەی خواستی گەلی کوردستان زۆر لەو مافانە زیاترە کە لە دەستوورەکە دیاری کراون، ئاکامی ڕاپرسییە نافەرمییەکەی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥یش کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنی عێراق بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئینتیقالی، لەلایەن کۆمەڵێك خۆبەخشەوە ئەنجام درا، ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە گەلی کوردستان بە هاوشێوەی ڕیفراندۆمەکەی ئەیلوولی 2017 بە ڕێژەی زۆر و لە سەرووی ٩٠٪ دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دابوو.

خاڵی هەرە گرنگ کە توانرا لە دیباجەی دەستوورەکەدا ئاماژەی پێ بکرت، ئەوە بوو کە بە هەوڵی سەرۆك بارزانی دیباجەی دەستوورەکە بەم شێوەیە کۆتاییەکەی نووسرا «ئێمەی گەلی عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە بە تەواوەتی ویستی خۆمان بە ئازادانە و ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکگرتنی ئارەزوومەندانەمان داوە و دەرس وەردەگرین لە ڕابردوومان بۆ داهاتوومان و لە بەها باڵاکانی پەیامە ئاسمانییەکان و دۆزینەوەی زانست و شارستانیەتی مرۆڤەوە ئەم دەستوورەمان دانا. پابەندبوون بەم دەستوورەش یەکێتیی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەریی عێراق دەپارێزێت».

لەم چوارچێوەیەدا کە سەرنج لە پەیامەکانی سەرۆك بارزانی دەدەین سەبارەت بە داهاتووی عێراق و پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دەبینین کە بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت ئەم دەستوورە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت و جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە ئایندەی کوردستان و عێراقیش پڕشنگدارتر دەکات، هەر بۆیە بەر لەوەی ئەم دەستوورە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ بخرێتە دەنگدانەوە، سەرۆك بارزانی سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد و داوای لە هەموو لایەك کرد کە دەنگ بەم دەستوورە بدەن.

- **لابردنی ئیبراهیم جەعفەری وەك سەرۆك وەزیران - باڵادەستبوونی ئەقڵییەتی شیعەگەرایی لە حوکمڕانیدا**

لە ڕۆژی ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ دووهەمین هەڵبژاردنی گشتی لە عێراقدا بۆ هەڵبژاردنی «ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق» ئەنجام درا و، لە سەرەتای کانوونی دووەمی ٢٠٠٦یشەوە، هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی عێراق دەستی پێ کرا، لەلای کوردەوە مام جەلال کاندیدی سەرۆك بارزانی بوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆك کۆمار، لەلایەن لایەنەکانی شیعەشەوە ئیبراهیم جەعفەری کاندید بوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق وەربگرێتەوە، بۆ ئەمەش ئیبراهیم جەعفەری

**ئەمریکا بەڵێنی دابوو، یاسای بەڕێوەبردنی وڵات لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێ بکرێت، کە ناسنامەی عێراقی بە «عێراقی دیموکراتی و فیدڕاڵی و فرەیی» پێناسە کردبوو، بەڵام بۆ ڕازیکردنی عەرەبی شیعە سەرۆکی ئەمریکا ئەم کارەی نەکرد**

**ئەم تەبایی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەی پارتی و یەکێتی بووە هۆکاری ئەوەی، ئەو خاڵانەی سەرۆك بارزانی پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکانی لیژنەی دەستوور، لەگەڵ ئەمریکییەکان باسی کردبوو، توانرا لە ناو دەستوورەکەدا بچەسپێندرین**

**ئاکامی ڕاپرسییە نافەرمییەکەی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥یش کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنی عێراق بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئینتیقالی، لەلایەن کۆمەڵێك خۆبەخشەوە ئەنجام درا، ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە گەلی کوردستان بە هاوشێوەی ڕیفراندۆمەکەی ئەیلوولی ٢٠١٧ بە ڕێژەی زۆر و لە سەرووی ٩٠٪ دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دابوو**

**دووڕوویی و نیفاقی ئیبراهیم جەعفەری کە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی ئینتیقاڵی بوو و هەوڵی دەدا بۆ چوار ساڵی داهاتوو سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق بێت، لەوەدا بوو لەو کاتەی هەوڵی دەدا کە پشتگیریی سەرۆک بارزانی بەدەست بهێنیت، لە هەمان کاتدا لە ژێرەوەش پیلانی داڕشتبوو سەردانی تورکیا بکات و لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا لە دژی فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن بکات**

**ڕاستە سەرۆک بارزانی و مام جەلال پابەندی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی بوون و هەوڵەکانیان بۆ ئەوە بوو کە نێوماڵی کورد ناسەقامگیر نەبێت، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع «ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی» هەر بە ناو مابوو، ببووە ڕێککەوتنێکی ناوەرۆک بەتاڵ و ئەو هێزەی نەمابوو کە پێش جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی هەیبوو**

زۆر پێویستی بە پشتگیریی سەرۆک بارزانی بوو، چونکە دەیزانی پشتگیریی سەرۆک بارزانی واتە پشتگیریی تەواوی فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی عێراقدا، هەر بۆیە لەو ماوەیەدا چەندین جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و، لە بەغداش لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆبووەوە و بە فەرمی داوای لە سەرۆک بارزانی کردبوو، کە پشتگیری بکات بۆ دووبارە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران، بۆ ئەمەش بەرگرییەکی زۆری لە خۆی کردبوو، بەوەی هەوڵی داوە، ماددە ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی وڵات تایبەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات و ئۆباڵی جێبەجێنەکردنی ماددەی ٥٨ی خستبووە ئەستۆی ئەو لیژنەیەی کە بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە دامەزرابوو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دوای دەنگدان بە دەستوور بەڵێنێکی دیکەی ئیبراهیم جەعفەری بوو، وەك پیشاندانی پابەندبوونێك بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە دەیزانی زۆر لای سەرۆک بارزانی جێگەی بایەخ و گرنگیپێدانە.

بەڵام دووڕوویی و نیفاقی ئیبراهیم جەعفەری کە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی ئینتیقاڵی بوو و هەوڵی دەدا بۆ چوار ساڵی داهاتوو سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق بێت، لەوەدا بوو لەو کاتەی هەوڵی دەدا کە پشتگیریی سەرۆک بارزانی بەدەست بهێنیت، لە هەمان کاتدا لە ژێرەوەش پیلانی داڕشتبوو سەردانی تورکیا بکات و لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا لە دژی فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن بکات، لە پێناوی ئەوەی تورکیا گوشار لە عەرەبی سوننە بکات، پشتگیری لە ئیبراهیم جەعفەری بکەن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران. لەسەر ئەو ڕووداوە سەرۆک بارزانی نووسیویەتی «ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ٢٠٠٦ ئیبراهیم جەعفەری بەبێ پرس و ڕاوێژ بە لایەنەکان، لە ناکاو سەردانی تورکیای کرد، سەردانەکەی لەو بارودۆخەدا بۆ هەموو لایەنەکان جێگەی سەرسوڕمان بوو، بەتایبەتی کە حکومەتەکەی، حکومەتێکی کاربەڕێکەر بوو. سەبارەت بەم کۆبوونەوەیە چەندان سەرچاوە ئاگاداریان کردمەوە و زانیارییان بۆ ناردم کە مەبەستی سەرەکیی جەعفەری لە سەردانەکەی بۆ تورکیا، ئیمزاکردنی چەند ڕێککەوتنێکە لەگەڵ ئەو وڵاتە و لە دژی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان، لە بەرانبەریشدا تورکیا هەوڵی ڕازیکردنی سوننەکان بدات، بۆ پشتگیری لە جەعفەری و بەشداری لە حکومەتدا. لەم چوارچێوەیەدا، کۆبوونەوەیەك لە ماڵی مام جەلال — لە بەغدا- ساز درا . دوای تاوتوێکردنی پێشهات و گۆڕانکارییەکان، ئێمە وەك هاوپەیمانیی کوردستان بڕیارماندا بە هیچ شێوەیەك جەعفەری لە پۆستی سەرۆك وەزیران نەمێنێتەوە و نابێت جارێکی تر پۆستەکە وەربگرێتەوە».

دوای ئەم بڕیار و هەڵوێستە مێژووییەی هاوپەیمانیی کوردستانی، هاوپەیمانیی شیعەکان ناچار بوو کەسێکی دیکە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران کاندید بکەن، بەڵام لەسەر ناوێکی دیکە بە ئاسانی ڕێك نەدەکەوتن و هەر ڕۆژەی ناوێکیان کاندید دەکرد، هەتا لە کۆتاییدا لەسەر کاندیدکردنی نووری مالیکی بۆ ئەو پۆستە ڕێککەوتن، سەبارەت بە مالیکی سەرۆک بارزانی ئاماژەی بەوە کردووە کە زاڵمای خەلیل زاد ڕاوێژی پێ کردووە و سەرۆک بارزانی پشتگیری لە مالیکی کردووە، ئەمەش لەو بۆچوونەوە بووە کە ماوەیەکی زۆر بووە سەرۆک بارزانی مالیکی ناسیوە و ڕای وا بووە کە زۆر لە جەعفەری باشتر دەبێت و ئەو ساڵانەشی لە کوردستان بووە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد لەبیر ماوە. بەڵام دیسان بەداخەوە کە مالیکیش پۆستەکەی وەرگرت، ئەویش بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد. سەرۆک بارزانی لەبەرگی شەشەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد» بەم شێوەیە ڕای خۆی نووسیوە سەبارەت بە بارودۆخەکانی دوای دامەزراندنی کابینەکەی نووری مالیکی «دوای تەواوبوونی هەنگاوەکانی پێکهێنانی پەرلەمان و سەرۆك کۆمار و ڕاسپاردنی نووری مالیکی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق.. وێنەیەکی وا لەبەر چاومان دروست بوو کە عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی دامەزراوە و تێیدا ئەرك و مافی هەموو لایەن و پێکهاتە و هاووڵاتیان لە ناو دەستووردا نووسراوە و دیاری کراوە، بە نیاز و مەبەست و نییەتێکی

پاکەوە هەوڵی سەرکەوتن و سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی عێراقمان دا، بەڵام زۆر بەداخەوە دواتر دەرکەوت کە فەرهەنگ و ئەقڵییەتی خۆسەپاندن و قبووڵنەکردنی بەرانبەر و.. هتد، هەمان فەرهەنگ و ئەقڵییەتی ڕابردووە و تەنیا دەموچاوەکان گۆڕدراون».

## دەرکەوتنی بیری تاکڕەوی و پێشێلکردنی ماددە دەستوورییەکان

لە ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٦ کابینەی حکومەتەکەی نووری مالیکی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی پێ درا و مالیکی بوو بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی، وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ کردووە ڕۆژانە گازندە و گلەییەکی زۆری لەلایەن کەسایەتی و لایەنە عێراقییەکانەوە لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکڕۆیانەی مالیکی پێگەیشتووە، سەرەنجامیش لایەنە سیاسییەکان لەناو خۆیاندا بڕیاریان دابوو، پێویستە مالیکی بگۆڕدرێت، بەڵام تەنیا ڕێگەش بۆ ئەم گۆڕانکارییە ئەوە بوو کە دەبێت لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بکرێت، بەڵام ئەمریکا و ئێران بەو بیانووەی بۆشایی دروست دەبێت، پشتگیریی لادانی مالیکییان نەکرد.

بۆ ڕاستەڕێکردنی پرۆسەی سیاسی ڕێککەوتنێکی پێنج قۆڵی لە نێوان «پارتی، یەکێتی، ئەنجومەنی باڵا، حزبی دەعوە، حزبی ئیسلامی» ئیمزا کرا، بۆ ئەوەی نووری مالیکی پابەندی ئەو ڕێککەوتنە بێت و لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنە ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات، بەڵام لادانی مالیکی بەرەو تاکڕۆیی کارەکەی گەیاندبووە ئەوەی کە ڕایان کرۆکەر بالیۆزی ئەمریکاش لە عێراق گلەیی و گازندەی خۆی گەیاندبووە سەرۆك بارزانی و داوای لێ کردبوو سەردانی بەغدا بکات و هەوڵ بدات کە مالیکی پابەندی ڕێککەوتنە پێنج قۆڵییەکە بێت، نەك لابرێت.

سەرۆك بارزانی پێش ئەوەی سەردانی بەغدا بکات، بەشداری کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی دەکات، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار دەدرێت کە بە ناوی هاوپەیمانیی کوردستانەوە یاداشتنامەیەك ئاراستەی مالیکی بکرێت و تێیدا زۆر ڕاشکاوانە نیگەرانی و دڵگرانیی هاوپەیمانیی کوردستانی نیشان بدرێت، داوای چارەسەرێکی بنەڕەتیی کێشەکان بکرێت، ئەگینا هاوپەیمانیی کوردستانی هەڵوێستێکی دیکەی دەبێت.

سەرۆك بارزانی لەسەر ئەم یاداشتنامەیە نووسیویەتی «لە کاتی خستنە ڕووی یاداشتنامەکە منیش ڕازی بووم، چونکە منیش لەسەر هەڵسوکەوتی مالیکی هەر ئەو بۆچوونەم هەبوو، بەر لەوانیش هەستم بە مەترسییەکە کردبوو، بەڵام دەستپێشخەرییەکە لەلای منەوە نەبوو، کەچی بەداخەوە چەند کەسێك بە مالیکییان ڕاگەیاندبوو کە یادداشتنامەکە لەژێر گوشاری مەسعود بارزانیدا نووسراوە و ئێمە لەگەڵی نین، لەسەر ئەم بابەتە مالیکی ئەم بابەتەی کردە گرێیەکی شەخسی و دوژمنکارییەکی تەواو لەگەڵ من».

ئەم بەروارەی سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ دەکات، کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٧ و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ـە، لەم بەروارەشدا یەکریزی و تەبایی لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا پەرتەوازە ببوو، بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان جیا بووەوە، ڕاستە سەرۆك بارزانی و مام جەلال پابەندی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی بوون و هەوڵەکانیان بۆ ئەوە بوو کە نێوماڵی کورد ناسەقامگیر نەبێت، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع «ڕێککەوتنامەی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی» هەر بە ناو مابوو، ببووە ڕێککەوتنێکی ناوەڕۆك بەتاڵ و ئەو هێزەی نەمابوو کە پێش جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی هەیبوو، زیاد لەمەش «کۆمپانیای وشە» کە پاشان خۆی کرد بە « گۆڕان»، هەر لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە و دوای پێکهێنانی کابینەی پێنجەم، کەوتە دژایەتیکردنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی و بەشی هەرە زۆری ئەندامان و لایەنگران و تەنانەت سەرکردایەتیی یەکێتیش، پشتیوانیی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفایان دەکرد، هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ش ئەو ڕاستییەیان دەرخست کە لیستی کوردستانی «پارتی و یەکێتی» تەنیا ٥٩ کورسی هێنا و بە تەنیا بزووتنەوەی گۆڕان ٢٥ کورسیی پەرلەمانی کوردستانی بە دەست هێنا.

**«کۆمپانیای وشە» کە پاشان خۆی کرد بە « گۆڕان»، هەر لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە و دوای پێکهێنانی کابینەی پێنجەم، کەوتە دژایەتیکردنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی و بەشی هەرە زۆری ئەندامان و لایەنگران و تەنانەت سەرکردایەتیی یەکێتیش، پشتیوانیی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفایان دەکرد**

**وەک سەرۆک بارزانی نووسیویەتی «لە ساڵی ٢٠١٣ حزبە ئیسلامییەکانی شیعە بە دوای ڕێگە و دەرفەتێکدا دەگەڕان، بۆ ئەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی ببڕن. لە ڕاستیدا نابێت هەموو ئۆباڵەکە بخەینە سەرشانی ئیئتلاف و گازندەیان لێ بکەین، چونکە عادل موراد ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی سەردانی مالیکی و هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەی کردبوو، پێشنیاری کردبوو کە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت، بۆ ئەوەی پارتی تووشی شکست بێت**



**وەک مەلا بەختیار لە دوایین دیداری لەگەڵ تەلەفزیۆنی رووداو ئاماژەی پێ کرد، بڕی دوو ملیۆن دۆلار نێردراوە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەی بە حیساب ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکات**

ئەو پەرتەوازەییە سیاسییە کە بە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا هاتە ئاراوە، هیچ بەها و پیرۆزییەکی نەهێشت، تەنانەت پەنایان بۆ سیخوڕیی ژەنراڵەکانی سوپای ئەمریکا برد، بۆ نموونە «مایکل ڕۆبن» کە هەرێمی کوردستان لە میدیاکانی ئەمریکا ناشیرین بکات و هەموو پیرۆزییەکانی خاك و نیشتمان بخاتە ژێر پێ و پێشێلی بکات، لەسەر ئاستی لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراقی، وەك مەلا بەختیار لە دوایین دیداری لەگەڵ تەلەفزیۆنی ڕووداو ئاماژەی پێ کرد، بڕی دوو ملیۆن دۆلار نێردراوە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەی بە حیساب ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکات.

ئەم واقیعە ئاڵۆزە وای کرد، جڵەوی سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەستی مام جەلال دەربچێت و، گەیشتە ئەوەی لەلایەن ئەمریکییەکانیشەوە بیر لەوە بکرێتەوە کە پۆستی سەرۆك کۆمار لە کورد بسەندرێتەوە و، ئەگەر پێداگریی سەرۆك بارزانی نەبووایە، ئەوا وا دانرابوو کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ی پەرلەمانی عێراق، عەرەبێکی سوننە بکرێتە سەرۆك کۆماری عێراق.

ئەم لەتبوونەی نێوماڵی کورد وای کرد، پێگەی کورد لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا لاواز بێت و حیسابێکی ئەوتۆی بۆ نەکرێت، هەر بۆ نموونە سەرۆك بارزانی لە کێشەی قەرەتەپەی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق زۆر ڕاشکاوانە نووسیویەتی «کاتێك ئەمریکا داوای ناردنی پێشمەرگەیان لێ کردین بۆ دیالە، بە مەرجێك ئامادە بووین پێشمەرگە بنێرین، بۆ هەمیشە پێشمەرگە لە ناوچەکە نەمێننەوە، لە کاتی ئامادەکردنی فیرقەی سوپای عێراق ئێمە سەردانی دەرەوەمان کردبوو، فەرماندەی فیرقە نامەیەکی بۆ فەرماندەی پێشمەرگەکان ناردبوو کە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ناوچەکە چۆڵ بکرێت و لە ئەگەری چۆڵنەکردنی هەموو بەرپرسیاریەتییەك دەکەوێتە سەرشانتان. فەرماندەی پێشمەرگەش مەردانە وەڵامی دابووەوە کە «ئێمە نە بە بڕیار و فەرمانی تۆ لێرەین و نە بەفەرمانی تۆش ناوچەکە چۆڵ دەکەین»، دوای ئەوە مالیکی فەرمانی بە تانکەکان کردبوو بۆ دەرکردنی پێشمەرگە



جووڵە بکەن». زیاتریش لەمە کە سەرۆك بارزانی لەسەر ئەم بابەتە ئاماژەی پێ کردووە ئەو گوتەیەی مالیکییە کە لە کۆبوونەوەیەکی سەربازیدا گازندەی لە هەڵسوکەوتی هەرێمی کوردستان کردووە، دەستبەجێ عەلی غەیدان فەرمانەدەی هێزی زەمینیی عێراق هەستابوو گوتبووی «سەیدی، فەرمان بدە لە چەند کاتژمێرێکدا هەولێر دەگرم»، مالیکیش لە بەرانبەردا گوتبووی «خۆت بگرە، با ئێف شانزەکان بگەن، ئینجا ئەرکتان ئاسان دەکەم».

ئەم قسانەی کە لە کتێبی بەرگی شەشەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد» وەك دیکۆمێنت و ڕاستی تۆمار کراون، ئەگەر لە لایەنێکەوە ئەقڵییەتی شۆڤێنیی ڕابردوو و بەرانبەر قبووڵنەکردن لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە وێنا بکات، ئەوا لە لایەکی دیکەوە مەترسییەکانی پەرتەوازەیی و نەبوونی یەکڕیزی لە نێوماڵی کورددا چەندین مەترسیی گەورە لەسەر قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروست دەکات. سەرۆك بارزانی زۆر باش ئاماژەی پێ کردووە، تەنیا عەلی غەیدان نەبووە کە پێشنیاری بۆ مالیکی کردووە، هێز دژی کوردستان بەکار بهێنێت، بەڵکو وەك سەرۆك بارزانی نووسیویەتی «لە ساڵی ٢٠١٣ حزبە ئیسلامییەکانی شیعە بە دوای ڕێگە و دەرفەتێکدا دەگەڕان، بۆ ئەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی ببڕن. لە ڕاستیدا نابێت هەموو ئۆباڵەکە بخەینە سەرشانی ئیئتلاف و گازندەیان لێ بکەین، چونکە عادل موراد ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی سەردانی مالیکی و هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەی کردبوو، پێشنیاری کردبوو کە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت، بۆ ئەوەی پارتی تووشی شکست بێت، دوا بە دوای ئەوە، بەرهەم ساڵح ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی پێشنیاری بە مالیکی کردبوو، هێز دژی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنێت و بە زەبری هێزی سەربازی نەوتی کوردستان لە دەستی هەرێمی کوردستان دەربهێنێت».

**بەرهەم ساڵح ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی پێشنیاری بە مالیکی کردبوو، هێز دژی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنێت و بە زەبری هێزی سەربازی نەوتی کوردستان لە دەستی هەرێمی کوردستان دەربهێنێت**

لە دوماهی ئەم بەشەدا دەڵێین، هێندەی ناتەبایی و پەرتەوازەیی نێوماڵی کورد هۆکارە بۆ ئەوەی نەگەینە ئامانجەکانمان، هێندە دوژمنەکانمان بەو ئاستە بەهێز نین

کەمال محەمەد ساڵح
وەزیری سامانە سرووشتییەکان بە وەکالەت، بۆ گوڵان:

# ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای نەوت و غازی فیدراڵی بە هاوبەشی و گفتوگۆ لە نێوان ناوەند و هەرێم ئامادە دەکرێت

■

**لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان هەموو ئیلتزاماتەکانی خۆمان جێبەجێ کردووە**

■

**پێویستە ڕێز لە ڕێککەوتنەکان بگیرێت کە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی واژوو کراون**

■

**پێویستە یاسایەک تێپەڕێندرێت کە لەگەڵ ماددە و بڕگەکانی دەستووردا ناکۆک نەبێت و قابیلی جێبەجێکردن بێت**

**لە ئەسڵی پێنج ماددە کە (ئیدارەدان، دەرهێنان، گواستنەوە، ئەمبارکردن و بەبازاڕکردن) بوو، تەنیا دادگای ناوبژیوانیی پاریس لە خاڵی بەبازاڕکردن بڕیاری لە بەرژەوەندیی عێراق داوە و هەموو خاڵەکانی دیکەی لە بەرژەوەندیی هەرێمن**



**یاسای نەوت و غازی فیدراڵی کە لە کارنامەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانیدایە، ئەو حکومەتەی بەرهەمی لایەنە سیاسییەکانی ناو هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە و کورد لایەنێکی سەرەکیی هاوپەیمانێتییەکەیە، گفتوگۆکانی نێوان هەر دوو وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئامادەکردنی ڕەشنووسی ئەم پرۆژە یاسایە بەردەوامیی هەیە، هەرچەندە زۆر لە ماددە و بڕگەکانی ناو ئەم یاسایە پەیوەندی بە ڕێککەوتنی سیاسییەوە هەیە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا و سامانە سرووشتییەکان بە وەکالەت ساز دا، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق نەیانتوانی ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی لە پەرلەمان تێپەڕێنن، ئایا پێت وایە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی دەتوانێت ئەم کارنامە گرنگەی دەرکردنی یاسای نەوت و غاز لە ماوەیەکی نزیکدا جێبەجێ بکات؟**

- حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی بەرهەمی لایەنە سیاسییەکانی پێکهێنەری هاوپەیمانێتیی دەوڵەتە، کوردیش لایەنێکی سەرەکیی پێکهێنەری ئەم حکومەتەیە، بەتایبەتی دوای ڕێککەوتنە مێژووییەکەی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، کە لەم ڕێککەوتنەدا ئاماژە بەوە کراوە، بە هاوبەشی لە نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵدا ڕەشنووسی پرۆژەی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی ئامادە دەکرێت، لە ئێستاشدا وێڕای ئاستەنگەکان، گفتوگۆکانی نێوان هەر دوو وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ بە شێوەیەکی باش بەڕێوە دەچێت و تیمە تەکنیکی و هونەرییەکان کارەکانی خۆیان بە باشی بەڕێوە دەبەن، ئێمە لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان هەموو ئیلتزاماتەکانی خۆمان جێبەجێ کردووە، بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە ناردنی شاندەکانی هەرێم بۆ بەغدا کرد، بۆ گفتوگۆکان لەسەر بابەتی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە و لەسەر بابەتی بودجە، هاوکات تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە هەوڵەکانمان بەردەوامە کە تا دوایین قۆناغ لەگەڵ بەغدا بگەینە ئەنجامێك، کە بەرهەمەکەی لە خزمەتی هەموو خەڵکی عێراق و بەتایبەتی لە خزمەتی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا بێت، لە تەوەرێکی قسەکانیدا سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە «ئێمە واز لە مافە دەستوورییەکانمان ناهێنین، بە پشتیوانیی ئێوە و خوای گەورە بەردەوام دەبین لە داکۆکیکردن لەسەر هەموو مافەکانی خۆمان و گەشبینیشم بەوەی دەگەینە ئەنجامێکی باش»، بەم شێوەیە پێویستە ڕێز لە ڕێککەوتنەکان بگیرێت کە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی واژوو کراون.

تەنانەت سوودانی دوای ئەوەی لێژنەیەکی بۆ گفتوگۆکانی تەکنیکیی نێوان بەغدا و هەولێر پێك هێنا، لەو کۆبوونەوەیەشدا کە سەرۆکی لایەنە سیاسییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی نێوان هەردوو وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی تێدا بوو، سوودانی ئەوەی خستە ڕوو کە نووسینەوەی ڕەشنووسی یاسای نەوت و غاز جگە لە لایەنی تەکنیکی، پێویستی بە بڕیاری سیاسیش هەیە، ئەم بابەتە زۆر هەستیار و گرنگە و دەبێت هەمووان لە خزمەتی دارشتنەوەی ڕەشنووسێکی نەوت و غازی فیدراڵیدا بن، کە لە خزمەتی هەموو گەلانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا بێت.

**گفتوگۆکانی نێوان هەر دوو وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ بە شێوەیەکی باش بەڕێوە دەچێت و تیمە تەکنیکی و هونەرییەکان کارەکانی خۆیان بە باشی بەڕێوە دەبەن**

**سوودانی ئەوەی خستە ڕوو کە نووسینەوەی ڕەشنووسی یاسای نەوت و غاز جگە لە لایەنی تەکنیکی، پێویستی بە بڕیاری سیاسیش هەیە**

*** تێبینی و سەرنجەکانتان لەسەر یاسای نەوت و غازی فیدراڵی چییە و ئایا لیژنە هونەری و تەکنیکییەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان هیچ تێبینی و سەرنجێکیان لەسەر ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی هەیە، بەتایبەتی لەسەر ئەو ڕەشنووسەی حکومەتی عێراق پێشکەشی کردووە و لەگەڵ ئێوەدا گفتوگۆی لەسەر دەکەن؟**

- ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێشکەش کراوە و لە ئێستادا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، تێبینی و سەرنجمان لەسەری هەیە، هەر خۆی لە خۆیدا گفتوگۆکان و کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوو شاندی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر ئەو مادده و بڕگانەیە و، لە زۆر خاڵدا گەیشتووینەتە لێکتێگەیشتن و لە چەندین خاڵی دیکەدا گفتوگۆکان بەردەوامیی هەیە، ئێمە پێمان وایە زۆر لەو مادده و بڕگانە پێویستی بە بڕیاری سیاسی و پاڵپشتیی لایەنە سیاسییەکان هەیە و دەبێت بەپێی ئەو ڕێککەوتنە بێت کە لە نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا واژوو کراوە.

یاساکە لەم قۆناغەدا هەردوو حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێویستی پێی هەیە، ڕەشنووسی یاسای نەوت و غاز لە ئێستادا بەغداد و هەولێر پێداچوونەوەی بۆ دەکەن بۆ ئامادەکردن و دواتر بۆ پەسەندکردنی، لە بەرنامەی کاری حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە دیارترین بەڵێنەکانی بۆ کورد ئەوەیە کە بە هاوبەشی و گفتوگۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا چارەسەری کێشەی نەوت و بودجە لە نێوان هەولێر و بەغدادا بکات، هەڵبەتە تێبینی و سەرنجەکانمان زۆر جار بۆ ئەو ئیجتیهاداتانە دەگەڕێتەوە کە لە ناو مادده و بڕگە دەستوورییەکاندا هاتووە، بە هەرحاڵ گفتوگۆکان بەردەوامییان هەیە و ناکرێت تا دەگەنە ئەنجام لەسەر ئەو وردەکارییانە قسە بکرێت، چونکە دواجار شاندی ئێمە لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و شاندی بەغدا لە وەزارەتی نەوت هەر دەگەنە شێوازێکی کۆتایی ڕێگەچارە و گەیشتن بە ئەنجامێکی باش. پێشتریش لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا دوو ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی ئامادە کرا کە یەکێکیان لە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشی پەرلەمان کرا و ئەوی دیکەیان لە ساڵی ٢٠١١ لەلایەن لیژنەی نەوت و وزەی پەرلەمانەوە خرایە بەردەم پەرلەمان، لە پڕۆژەی دووەمدا داوای زامنکردنی هەماهەنگی و هاوبەشی دەکات لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمدا لە بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی سەرچاوەکانی نەوت، هەروەها داوای پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵیی نەوت و غاز دەکات کە بە جۆرێك بێت، نوێنەری هەرێمیشی تێدا بێت، ئەم دوو ڕەشنووسەی یاسای نەوت و غاز لەو سەردەمەوە ماوەتەوە و چارەسەر نەکراوە، لە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتی و ڕێکخستن و سەرپەرشتی پرۆسە نەوتییەکان و چالاکییە پەیوەندیدارەکانی نەوت لە نێویاندا بەبازاڕکردن و دانوستان و جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی خستبووە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنانەت یاساکەی ئێمە مافی بەشداریکردن و بەڕێوەبردنی ئەو کێڵگە نەوتییانەی داوە بە حکومەتی عێراق کە بەر لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/١٥ لە هەرێمدا دۆزراونەتەوە و بەرهەمهێنانی تێدا کراوە، ئەوە بوو ناکۆکییەکان بەردەوام بوو، تاوەکو دادگای فیدراڵیی عێراق یاساکەی هەڵوەشاندەوە، دواتر تا ڕێککەوتنە مێژووییەکەی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق فشارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو، تا بڕیارەکەی دادگای نێودەوڵەتیی پاریس. لە ئێستادا هەمووان پێویستمان بە دەرچوونی یاسای نەوت و غاز هەیە و پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە پاڵپشتی لە جێگیرکردنی ئەو مادده و بڕگانە بکەن کە مافی تەواوی خەڵکی کوردستان زامن دەکات.

*** زەمان چییە ئەم ڕەشنووسی پڕۆژە یاسایەش لە پەرلەمانی عێراقدا بە دەردی بودجە نەبرێت و زۆرینەی پەرلەمانتارە شیعە و سوننەکان بە زۆرینە دەستکاریی زۆر مادده و بڕگەی نەکەن، دەرئەنجام لەگەڵ ماددەکانی دەستووردا نەگونجێت، یان بەپێی لێتێگەیشتنی ئەوان بێت و لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان نەبێت؟**

**ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێشکەش کراوە و لە ئێستادا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، تێبینی و سەرنجمان لەسەری هەیە**

**زۆر لەو مادده و بڕگانە پێویستیان بە بڕیاری سیاسی و پاڵپشتیی لایەنە سیاسییەکان هەیە و دەبێت بەپێی ئەو ڕێککەوتنە بێت کە لە نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقدا واژوو کراوە**

**هەمووان پێویستمان بە دەرچوونی یاسای نەوت و غاز هەیە و پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە پاڵپشتی لە جێگیرکردنی ئەو مادده و بڕگانە بکەن کە مافی تەواوی خەڵکی کوردستان زامن دەکات**

**پێویستە یاسایەک تێپەڕێندرێت کە لەگەڵ مادده و بڕگەکانی دەستووردا ناکۆک نەبێت و قابیلی جێبەجێکردن بێت و، ناکۆکی و گرفت بۆ هەر دوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست نەکات**



**پێویستە چیتر حکومەتی عێراق خۆی سەرقاڵی ئەم ناکۆکییە سیاسی و ململانێ توندوتیژانە نەکات و ڕوو لە باشکردنی باروبژێوی تاکی عێراقی و باشکردنی خزمەتگوزارییەکان بکات**

- دواجار پەرلەمانی عێراق لە ئەندامانی لایەنە سیاسییەکان پێك هاتوون، پێویستە لە مانگەکانی دیکە بگەینە ڕەشنووسێك کە لەگەڵ بەند و ماددەکانی دەستوور ڕێك بێت و لایەنەکانی سیاسی ڕێککەوتنی خۆیان لەگەڵ هەرێم جێبەجێ بکەن، چونکە ئەمە لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی هەموو عێراق و هەرێمی کوردستانیشە، پێویستە سامانی نەوت و غاز و داهاتەکانی لە عێراقدا بۆ هەموومان بێت و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر گەلانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا دابەش بکرێت، هاوکات پێویستە یاسایەك تێپەڕێندرێت کە لەگەڵ ماددە و بڕگەکانی دەستووردا ناکۆك نەبێت و قابیلی جێبەجێکردن بێت و، ناکۆکی و گرفت بۆ هەر دوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست نەکات، ئەوەتا بە هۆی دەستکاریکردن و دەنگدانی زۆر لە پەرلەمانتاران و گۆڕینی ماددە و بڕگەکان لە پڕۆژە یاسای بودجەی گشتیی فیدڕاڵیی عێراقدا، حکومەتی عێراقی ناچار کردووە لە دادگای فیدڕاڵی شکات بکات و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە سێ بڕگە بە هەمان شێوە تانەی لەو دەستکاریکردنە داوە، منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام، ڕەنگە بە هۆی جیاوازیی ئەجێندەی سیاسیی زۆر حزب و لایەنی سیاسی ئەم کارەی سوودانی ئاسان نەبێت، بەڵام گەلانی عێراق چاوەڕوانی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی دەکەن و دەبێت بە شێوەیەکی خێرا یاساکە تێپەڕێندرێت و ئیدارەدانی مەلەفەکە بە شێوەیەکی باش بەڕێوە بچێت و ببێتە هۆی پێشخستن و بەهێزبوونی ئابووریی عێراق و ئابووریی هەرێمی کوردستان، پێویستە چیتر حکومەتی عێراق خۆی سەرقاڵی ئەم ناکۆکییە سیاسی و ململانێ توندوتیژانە نەکات و ڕوو لە باشکردنی باروبژێوی تاکی عێراقی و باشکردنی خزمەتگوزارییەکان بکات، پەرلەمانتارانیش کە نوێنەرایەتیی گەل دەکەن، ئەو هۆشیارییەیان هەیە کە ئەم پڕۆژە یاسایەی نەوت و غاز وردەکاریی تەکنیکی و هونەری و زانستی و یاسایی زۆری تێدایە و، گەمەکردن لەلایەن هەر پەرلەمانتارێك و لایەنێکی ناو پەرلەمانەوە وا ئاسان نییە و زیان بە هەموو پرۆسەکە دەگەیەنێت. پڕۆژە یاسای نەوت و غاز یەکێکە لەو یاسایانەی ساڵانێکی زۆرە لە پەرلەمانی عێراقدا ماوەتەوە، ئەم ڕەشنووسی



یاسایەی کە ئێستا بە هاوبەشی لە نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا ئامادە دەکرێت، نەخشە ڕێگەیەکی نوێیە بۆ بەڕێوەبردنی نەوت و غازی عێراق و هەرێمی کوردستان لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و بەهێزبوونی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

*** زۆر باس لە هۆکارەکانی دەستپێنەکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت دەکرێت لە ڕێگەی بۆڕیی نەوتی جیهانەوە، ئایا هیچ ئومێدێکی نوێ هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان لە نێوان عێراق و تورکیا و هەرێمی کوردستاندا؟**

- لە چوار ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تاوەکو هەرێمی کوردستان خۆی نەوتی هەناردەی دەرەوە دەکرد، مووچەکانی لە کاتی خۆیدا دەدرا و تەنانەت ئاستی هەناردەکردنی نەوت بەرز بووە، تاوەکو حکومەتی بەغدا پەنای برد بۆ ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتی لە پاریس، کە لە ئەسڵی پێنج مادده کە (ئیدارەدان و دەرهێنان و گواستنەوە و ئەمبارکردن و بەبازاڕکردن) بوو، تەنیا دادگای ناوبژیوانیی پاریس لە خاڵی بەبازاڕکردن لە بەرژەوەندیی عێراق بڕیاری داوە و هەموو خاڵەکانی دیکەی لە بەرژەوەندیی هەرێمە، ئێمە هەموو پابەندبوونەکانی خۆمان جێبەجێ کردووە، ئەوەی دیکە پەیوەندی بە دانوستانەکانی نێوان عێراق و تورکیاوە هەیە، کە تا ئێستا ئەنجامی نەبووە، لیژنەی نەوت و غاز و سامانە سرووشتییەکان لە پەرلەمانی عێراق پێشنیاری کردووە، لە ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا ئەو ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتە لە ڕێگەی بەندەرەکانی باشوورەوە هەناردە بکرێت و، بڕە نەوتێکی هەرێمیش لە ناوخۆدا بۆ پێداویستیی نێوخۆ لە بەنزین و سووتەمەنییەکان خەرج بکرێت.

**لە چوار ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تاوەکو هەرێمی کوردستان خۆی نەوتی هەناردەی دەرەوە دەکرد، مووچەکانی لە کاتی خۆیدا دەدرا و تەنانەت ئاستی هەناردەکردنی نەوت بەرز بووە**

بە شێوەیەکی گشتی هەموان لە چاوەڕوانی دەرئەنجامی گفتوگۆکان و ئامادەکردنی ڕەشنووسی پڕۆژە یاساکەی نەوت و غاز و پەسەندکردنین، تاوەکو عێراق و هەرێمی کوردستانیش بچنە قۆناغێکی نوێ و سامان و داهاتی نەوت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بۆ خزمەتی خەڵکی عێراق و کوردستان و بووژانەوەی ئابووری و چارەسەرکردنی کێشەکان بێت.

### حوسێن قلی خان فەیلی بۆ گوڵان:

# مەلا مستەفا بارزانی وەکو تەحەددایەک لەناو جەرگەی بەغدا و لە ماڵی کوردێکی فەیلی یەکەم کۆنگرەی پارتی بەڕێوە برد



**کوردانی فەیلی بەربەستێکی پۆڵایین بوون لە بەردەم شاڵاوی شۆڤێنی و تەعریب**

**ئێزگەی دەنگی کوردستان بە کۆمەک و پارەی کوردانی فەیلی کڕدرا و گەیەندرایە حاجی ئۆمەران و یەکەمین کەسیش کە تێستی کرد کوردی فەیلی بوو**

کوردانی فەیلی لەسەر کوردبوون و پشتگیرییان بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان و هاوکاریکردنی شۆڕشی ئەیلوول تووشی جینۆساید بوونەوە، لەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵاندا پەردە لەسەر ئەم جینۆسایدە و چەند زانیارییەکی نوێ هەڵدەدەینەوە و، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی حوسێن عەلی قلی خان فەیلی کرد، کە خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە ئەدەبی فارسیدا و باوکی یەکێک بووە لەو کەسانەی ئێزگەی دەنگی کوردستانی گەیاندووەتە حاجی ئۆمەران.

*** مێژووی کوردانی فەیلی وەکو جینۆسایدکردنەکەیان، جۆرێك لە شاردنەوە و نارِوونی پێوە دیارە، ئەوان دانیشتووانی ڕەسەنی بەغدا و ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە بوون، بەو پێیەی خانەوادەکەتان لە لوڕستان ناوبانگێکی گەورەی هەیە، دەکرێت باسێکی ئەو مێژووەمان بۆ بکەیت؟**

- لە مێژووی نوێی هاوچەرخدا دۆزی ڕەوای کوردانی فەیلی بە یەکێك لە دۆزە ئاڵۆزەکان دادەنرێت، دوای دارِمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ململانێیەکی توند لەسەر خێروبێری ناوچەکە و بەتایبەتی لەسەر وزە و نەوتی خاو دەستی پێ کرد، هەموو ئەم ململانێیەش لەسەر حیسابی کوردی ڕەسەنی خاوەن ناوچەکە بوو، ئەمەش دوای ئەوەی زیاد لە چوار سەدە و نیو کورد قوربانیی ئەو ململانێیەی نێوان عوسمانی و ئێرانییەکان بوون، ڕێککەوتنەکانی (قوستەنتینییە، زەهاو، هەمەدان، مەغان ئەرز ڕۆم و ئاستانە و...) ناکۆکی و ململانێکانی دوور خستەوە و، دووبەرەکی و گرفتی گەورەشیان لە نێوان هۆزەکانی ناوچەکە هەڵگیرساند و، گرفتەکانی موڵکداری و «التبعیة» و ڕەگەزنامەش دروست بوون، کە لە سەرەتای حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەربەدەربوونی کوردانی فەیلی لێ کەوتەوە و ناوچەکانی لوڕستانیش بووە چەقی ئەو ناکۆکی و گرفتانە، کە شوێنی ڕەسەنی کوردانی فەیلی بوو. لە سەردەمی ئینتدابی بەریتانی و دانانی پادشای عێراقیشدا کوردە فەیلییەکان پەراوێز خران، دوای ئەوەی باپیرم غولام ڕەزا ئەمیری ئیمارەتی لورستان کە لە پاڵ هەر یەك لە مەلیك فەیسەڵی یەکەم و شێخ خەزعەلی پاڵێوراو بوون بۆ چوونە سەر تەختی مەلیکی لە عێراقدا، بەڵام لەبەر کوردبوون و ترسی نارِەزایەتی هۆزە عەرەبەکان و پاڵپشتی نەکردنی لەلایەن مەرجەعی شیعەکانەوە، ئەم ئەمیرە نەبووە مەلیك، لە چلەکان و شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردووشدا لەگەڵ بوونی ململانێ لە نێوان عێراق و ئێران و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و پاڵپشتی و پشتگیریی کوردانی فەیلی بۆ مەلا مستەفا بارزانی ڕەمزی بەرگریی و بەرخۆدان، وای کرد، شاڵاوی ڕاپێچکردنی بەزۆرەملێ و کوشتنی کوردانی فەیلی زیاتر ڕوو لە هەڵکشان بکات.

*** مەبەستت ئەوەیە لە ساڵی ١٩٨٠ جینۆسایدی کوردانی فەیلی ڕووی لە هەڵکشان کرد؟ پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم تاوانە دژی کوردانی فەیلی دەچێتە چ خانە و شێوازێکی پاکتاوکردنەوە؟**

- سەرۆك مسعود بارزانی لە هەموو کەس زیاتر لە وردەکارییەکانی جینۆسایدی فەیلییەکان شارەزایی هەیە، بارزانی دەفەرموێت: «کوردانی فەیلی لە بارزانییەکان زیاتر جینۆساید کراون»، ئەم کاریزمایە کاتێك بەرگری لە کوردانی فەیلی دەکات، بەرگری لە مێژووی نەتەوەیەك دەکات کە بە درێژایی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق جینۆساید کراون؟ کوردانی فەیلی بە هۆی هەڵوێستی نەتەوەییان و پاڵپشتیکردنیان لە مەلا مستەفا بارزانی کە بە ڕێبەر و باوکی ڕۆحیی نەتەوەی کوردی دادەنرێت، لەلایەن دوژمنانی کوردەوە جینۆساید کران. باوکم لە ساڵی ١٩٦٢ لە شۆڕشی ئەیلوولدا بە ناسناوی «میرواسە» یەکێك بوو لەوانەی ئێزگەی دەنگی کوردستانیان گەیاندنە حاجی ئۆمەران، لەو سەردەمەوە حەرەس قەومی و دواتر بەعسییەکانیش دەستیان کرد بە پیلانێکی بەرنامەدارِێژدراو بۆ بەزۆرەملێ ڕاپێچکردنی کوردانی فەیلی و زیندانیکردن و کوشتنی گەنجەکانمان، تەنانەت بە بڕیاری ژمارە ٤٧٤ی (مجلس قیادة الثورة) دەستیان برد بۆ پیرۆزیی ناو خێزانەکان و ئەوانەی کوردی فەیلیان هێنابوو لە هاوسەرەکانیان جیایان کردنەوە، بە هەموو پێوەرەکان ئەم جینۆسایدە دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و ئامانج لێی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەکە.

*** ئاماژەت بە شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆڵی کوردانی فەیلی لەو شۆڕشە و پاڵپشتیکردنیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی کرد، تا چەند کوردانی فەیلی ڕۆڵیان لەو شۆڕشەدا هەبوو؟**

- کوردانی فەیلی لە هەموان زیاتر لە ناو جەرگەی بەغدا پاڵپشتییان لە مەلا مستەفا بارزانی دەکرد، ئەوان تا ئێستاش ڕێزێکی زۆریان بۆ ڕەمزی کوردایەتی هەیە، مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی سیمبولی نەتەوەیی کوردن و داکۆکیکاری سەرسەختی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیانن، فەیلییەکان جگە لەوەی وەکو

**باپیرم غولام ڕەزا ئەمیری ئیمارەتی لورستان کە لە پاڵ هەر یەک لە مەلیک فەیسەڵی یەکەم و شێخ خەزعەلی پاڵێوراو بوون بۆ چوونە سەر تەختی مەلیکی لە عێراقدا، بەڵام لەبەر کوردبوون و ترسی نارِەزایەتی هۆزە عەرەبەکان و پاڵپشتی نەکردنی لەلایەن مەرجەعی شیعەکانەوە، ئەم ئەمیرە نەبووە مەلیک**

**پاڵپشتی و پشتگیریی کوردانی فەیلی بۆ مەلا مستەفا بارزانی ڕەمزی بەرگریی و بەرخۆدان، وای کرد، شاڵاوی ڕاپێچکردنی بەزۆرەملێ و کوشتنی کوردانی فەیلی زیاتر ڕوو لە هەڵکشان بکات**

**سەرۆک مسعود بارزانی لە هەموو کەس زیاتر لە وردەکارییەکانی جینۆسایدی فەیلییەکان شارەزایی هەیە، بارزانی دەفەرموێت: «کوردانی فەیلی لە بارزانییەکان زیاتر جینۆساید کراون»**

**کوردانی فەیلی بە هۆی هەڵوێستی نەتەوەییان و پاڵپشتیکردنیان لە مەلا مستەفا بارزانی کە بە ڕێبەر و باوکی ڕۆحیی نەتەوەی کوردی دادەنرێت، لەلایەن دوژمنانی کوردەوە جینۆساید کران. باوکم لە ساڵی ١٩٦٢ لە شۆڕشی ئەیلوولدا بە ناسناوی «میرواسە» یەکێک بوو لەوانەی ئێزگەی دەنگی کوردستانیان گەیاندنە حاجی ئۆمەران**

**بە بڕیاری ژمارە ٤٧٤ی (مجلس قیادة الثورة) دەستیان برد بۆ پیرۆزیی ناو خێزانەکان و ئەوانەی کوردی فەیلیان هێنابوو لە هاوسەرەکانیان جیایان کردنەوە**

دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم و حەبیب محەمەد کەریم و یەدوڵڵا فەیلی و سەدان تێکۆشەری دیکە لە ڕیزی پێشەوەی سەرکردایەتیی پارتی بوون و لێپرسراوێتی قوتابیان و ئافرەتان و زۆربەی پایەکانی دیکەی پارتییان بەدەستەوە بوو، لە ناو بازرگان و کاسبکار و خەڵکە ئاساییەکەشدا ڕێز و خۆشەویستیی زۆریان بۆ بارزانی هەبوو، کۆنگرەی یەکەمی پارتی لە خانووی سەعید فەهیمی فەیلی بەڕێوە چوو کە لە نزیکی خانووی ڕەشید عالی گەیلانی سەرۆک وەزیران و نزیکی خانووی سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆ بوو، ئەمەش وەکو تەحەددایەك بۆ شۆڤێنییەکان بەوەی لەناو جەرگەی بەغدا کۆنگرەی پارتی



ئەوەی لەگەڵ مستەفا بارزانی قسە دەکات تالب جەبار داود فەیلییە، یەکەم بێژەرانی ئێزگەی شۆڕش

دەبەستین، تەنانەت کۆنگرەی دووەمیش لە کیفاح و لەناو جەرگەی بەغدا لە خانووی عەلی حەمدی بوو کە ئەویش فەیلی بوو، کۆنگرەی سێیەمیش هەر لە بەغدا لە ماڵی عەلی حەمزەی فەیلی بەسترا. لە ماڵی هەر کوردێکی فەیلی لە بەغدا وێنەیەکی مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، لە بیرم دێت من منداڵ بووم، دوو وێنە لە ماڵەکەماندا هەڵواسرا بوون، من لە داپیرەمم پرسی ئەو دوو وێنەیە کێن؟ لە وەڵامدا گوتی: «ئەمەیان وێنەی ئەمیر ئەلموئمنینە و ئەوی دیکەیان وێنەی قوربانی بم مەلا مستەفا بارزانییە. یەدوڵڵا فەیلی بەرپرسی لقی پێنجی پارتی بوو کە گەورەترین لقی پارتی بوو، خۆ وەکو ئەمانەی ئێستا مامەڵەی نەدەکرد، ئەو لەسەر ئەخلاق و ڕەفتار و کردەوەی مەلا مستەفا بارزانی پەروەردە کرابوو، بۆیە هەرچی کورد هەبوو لە بەغدا لە دەوری ئەو لقە کۆببوونەوە و بە بارەگای بارزانییان دادەنا، ڕێپێوانی کوردانی فەیلی بۆ پاڵپشتیکردنی بارزانی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار کە لە ناو گۆڕەپانی تەحریری بەغدا سازدرا، ڕژێمی عێراقی ڕاچڵەکاند، ڕژێمی عێراق هەرگیز چاوەڕوانی ئەو جەماوەرە زۆرەی بۆ مەلا مستەفا بارزانی نەدەکرد، بۆیە دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات دەستیان بە پلان و هێرشکردنە سەر کوردانی فەیلی کرد و گوتیان: «کار وا بڕوات مەلا مستەفا بارزانی و مسعود بارزانیی کوڕی لە شاخەکانەوە کۆنترۆڵی ناو جەرگەی بەغدا دەکەن و گرفت و سەرئێشەی زۆرمان بۆ دروست دەکەن..»، ئەم خۆشەویستی و پاڵپشتییەی کوردانی فەیلی بۆ مەلا مستەفا بارزانی هەروا لە خۆڕا نەبوو، بارزانیی نەمر کوردانی فەیلیی بە بەربەستێکی پۆڵایینی دادەنا لە بەردەم شاڵاوی شۆڤێنی و ڕق و قینی دوژمنانی کورد، گرتووخانەکانی نوگرەسەلمان و ئەبوغرێب و فەیسەڵییە و سەدر و زیندانەکانی موخابەرات شاهیدی جینۆسایدی گەنجەکانمانن، کەچی ئێستا پێم سەیرە پارتی لە ناو جەرگەی بەغدا وا کوردانی فەیلی فەرامۆش کردووە.

*** عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بۆچی جینۆسایدی کوردانی فەیلی وا پشتگوێ خستووە، ئایا بۆچی کوردانی فەیلی قەرەبوو نەکرانەوە؟**

- کوردانی فەیلی دەوڵەمەندی دەوڵەمەندەکانی بەغدا و عێراق بوون، ڕژێمەکانی عێراق و لە سەروویانەوە بەعسییەکان قۆناغ بە قۆناغ دژایەتییان کردین و ڕاپێچی زۆرەملێی ئێران و ئاوارە و دەربەدەری هەندەرانیان کردین، سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسەکەدا جەختی لەسەر تاوانی عەکاشات کردەوە کە لەگەڵ بارزانییەکان کوردانی فەیلی تاقیکردنەوەی کیمیاوی و بایۆلۆژییان لەسەر دەکردن، بە هۆی کوردبوونمانەوە لە عێراقدا پشتگوێ خراوین و هەر ئەمەشیان لێ چاوەڕوان دەکەین.

*** لە دوای کۆنفرانسی بە جینۆسایدناساندنی تاوانی دژ بە کوردانی فەیلی، ئایا هیچ هەنگاوێکی نوێ نراوە، بەتایبەتی کە سەرۆك**



وێنەی گەیشتنی ئێزگەی دەنگی کوردستان لە حاجی ئۆمەران

**بارزانی داوای کرد، قەرەبووی کوردانی فەیلی بکرێتەوە و دامەزراوەیەکیش بۆ بەدواداچوونی کاروبارەکانیان دابمەزرێت؟**

- سەرۆك بارزانی بۆ ئێمە کوردانی فەیلی پشت و پەنایە، لیژنەیەك لە بەغدا دامەزراوە، من جێگری سەرۆکی ئەو لیژنەیەم و لەسەر پێشنیار و داواکارییەکانی سەرۆك بارزانی کار دەکەین، بەڵام داوکارین لە پارتی گرنگیی زیاتر بە کوردانی فەیلی لە بەغدا بدات و بەو شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵ نەکرێت و پێویستە بە چاوی سەرۆك بارزانی مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت، تاوەکو بتوانین پێکەوە مافە زەوتکراوەکانی کوردانی فەیلی لە عێراق بگەڕێنینەوە و کوردیش پێگەیەکی زیاتری لە ناو جەرگەی بەغدا بۆ بگەڕێتەوە.

*** بەو پێیەی باوکی ڕەحمەتیت یەکێك بووە لەوانەی ئێزگەی دەنگی کوردستانی گەیاندە پەمۆ، حەز دەکەین لە دواپرسیارماندا باسێکی ئەو ئێزگەیەمان بۆ بکەیت؟**

- مەلا مستەفا بارزانی بیرۆکەی ئەوەی هەبوو، ئێزگەیەکی هەبێت تاوەکو دەنگی کورد بگاتە هەموو کووچە و قوشبنێکی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و جیهان، ئەوە بوو لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئەم ئێزگەیە پاشماوەی جەنگ بوو، لە ساڵی **١٩٦٢** بە پارەی بازرگان و کاسبکارەکانی کوردانی فەیلی لە ئەڵمانیاوە کەلوپەل و ئامێر و کەرەستەکانی ئەم ئێزگەیە کڕدرا و گەیشتە کوەیت و دواتر بەسرا و لەوێشەوە بۆ بەغدا، ئەو دەمە بە لۆرییەکی مارسیدس کە موڵکی حەمید کەڕادی بوو، شوفێرەکەشی ئەکرەم کۆکی بوو لەگەڵ باوکمدا ئێزگەکەیان گەیاندە حاجی ئۆمەران، یەکەمین کەسیش کە تێستی کرد و گوتی: «ئێرە دەنگی کوردستانە» تاڵیب جەبار داود مەلەکشاهی بوو کە ئەویش کوردی فەیلی بوو، ئەمەش لەسەر داوای سەرکردە ئیدریس بارزانی بوو، ئەو کەسەی لە ناوەڕاستی وێنەکەی گەیاندنی ئێزگەکە بۆ حاجی ئۆمەران دەردەکەوێت، باوکی ڕەحمەتیی منە.

**کۆنگرەی یەکەمی پارتی لە خانووی سەعید فەهیمی فەیلی بەڕێوە چوو کە لە نزیکی خانووی ڕەشید عالی گەیلانی سەرۆک وەزیران و نزیکی خانووی سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆ بوو**

**ڕێپێوانی کوردانی فەیلی بۆ پاڵپشتیکردنی بارزانی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار کە لە ناو گۆڕەپانی تەحریری بەغدا سازدرا، ڕژێمی عێراقی ڕاچڵەکاند، ڕژێمی عێراق هەرگیز چاوەڕوانی ئەو جەماوەرە زۆرەی بۆ مەلا مستەفا بارزانی نەدەکرد**

**دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات دەستیان بە پلان و هێرشکردنە سەر کوردانی فەیلی کرد و گوتیان: «کار وا بڕوات مەلا مستەفا بارزانی و مسعود بارزانیی کوڕی لە شاخەکانەوە کۆنترۆڵی ناو جەرگەی بەغدا دەکەن**



## جەودەت نەجاڕ

**بەرپرسی بەشی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان لە بارەگای بارزانی بۆ گوڵان:**

# بارەگای بارزانی چەترێکە بۆ کۆکردنەوەی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان تاوەکو بە ئاسوودەیی بژین و بە مافەکانی خۆیان بگەن

# سەرۆک بارزانی چەمکی کەمە نەتەوەیی نەهێشت و فەرمووی هەموو پێکهاتەکان نەتەوەن و هاوبەشی ڕاستەقینەی گەلی کوردستانن

**لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری١٩٧٠دا مافی پێکهاتەکانی کوردستان بەگشتی و مافی پێکهاتەی تورکمان بەتایبەتی چەسپا و لە دەستووری تازەی عێراق و نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری کوردستانیش جەنابی سەرۆك بارزانی داکۆکیکارێکی سەرسەختی بەدەستهێنان و چەسپاندنی ماف و بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان بووە. گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ جەودەت نەجار بەرپرسی بەشی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان لە بارەگای بارزانی ئەنجام دا. جەودەت نەجار لەناو پارتە تورکمانییەکان چەندین پلەی حزبی هەبووە و یەکەم وەزیری تورکمان بووە و لە ٢٠١٣ -٢٠١٨ ئەندام پەرلەمانی کوردستان بووە، بەمجۆرەش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** پێکەوە ژیانی ئاشتییانە یەکێکە لەو سیما جوانانەی کە هەرێمی کوردستان شانازی پێوە دەکات، لەمەش زیاتر لەو کاتەوەی دووبارە بارەگای بارزانی دامەزراوەتەوە، دەبینین هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە لە ژێر چەتری بارەگای بارزانی کۆبوونەتەوە، پرسیار ئەوەیە ئایا بارەگای بارزانی تا چەند بۆ پاراستنی مافی پێکهاتە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستاندا کاریگەریی هەیە؟**

- بارەگای بارزانی مێژوویەکی زۆر دوور و درێژی هەیە لە کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان، تەنانەت ئەو پێکهاتانەی لە هەرێمی کوردستانیش نین، وەك پێکهاتەی عەرەب، لە بارەگای بارزانی گرنگییەکی جددییان پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی نەریتی پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت. بارەگای پیرۆزی بارزانی بە شێوەیەکی بەرتەسك سەیری بابەتەکان ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکی کراوە و واقیعی سەیری هەموو پرس و بابەتەکان دەکات، چونکە بارەگای بارزانی چەترێکە بۆ کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی هەرێمی کوردستان، لەو بارەگا پیرۆزە کە جەنابی سەرۆك زۆر پابەندیەتی و ئەوەی جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەوەیە کە نابێت هیچ جیاوازییەك لەنێوان پێکهاتەکان بکەین، چ کورد بێت، چ تورکمان، چ عەرەب بێت، بە هەموو ئایین و ئایینزاکانیشەوە. ئێمە کار لەگەڵ هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان دەکەین، هەر کێشە و پرسێکیان هەبێت، لەو کاتەی دەگاتە لای ئێمەوە بە جددی و گرنگییەوە کاری لەسەر دەکەین بۆ چارەسەرکردنیان. ئەمڕۆ بارەگای بارزانی چەترێکی سەرەکییە بۆ نەهێشتنی هەموو ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی پێکهاتەکان دەبنەوە، ئێمە و لایەنەکانی پێکهاتەکان وەك مەرجەعێك سەیری بارەگای پیرۆزی بارزانی دەکەین. هەموو پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان ئومێدێکی زۆریان بە بارەگای بارزانی هەیە و لەو کاتانەی کە نوێنەر و کەسایەتی و لایەنەکانی پێکهاتەکان دێنە لای ئێمە، دەبینین

**تەنانەت ئەو پێکهاتانەی لە هەرێمی کوردستانیش نین، وەک پێکهاتەی عەرەب، لە بارەگای بارزانی گرنگییەکی جددییان پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی نەریتی پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت**

**لەو بارەگا پیرۆزە کە جەنابی سەرۆک زۆر پابەندیەتی و ئەوەی جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەوەیە کە نابێت هیچ جیاوازییەک لەنێوان پێکهاتەکان بکەین، چ کورد بێت، چ تورکمان، چ عەرەب بێت، بە هەموو ئایین و ئایینزاکانیشەوە**

**جەنابی سەرۆک بارزانی تا ئێستا هیچ کێشەیەکی نەگەڕاندووەتەوە، ئەگەر لە بەرژەوەندیی پێکهاتەکان بوبێت**

هیوا و ئومێد و ئاسوودەیی زۆریان پێوە دیارە، چونکە دڵنیان و متمانەیان بەوەیە کە بابەت و کێشە و پرسەکانیان ڕاستەوخۆ دەگاتە لای جەنابی سەرۆک و زۆر دڵنیایی دەردەبڕن کە لە لای جەنابی سەرۆک و لەو بارەگا پیرۆزەوە کێشەکانیان چارەسەر دەکرێت. ئێستا لە بارەگای بارزانی بەشێکی تایبەت بە پێکهاتەکان هەیە و هەموو کار و داوا و کێشە و پرسێك کە دەگاتە لای ئێمە، ئەگەر لە توانای ئێمەدا بێت، بۆیان چارەسەر دەکەین، بەڵام لەو کاتەی کێشەکان قورس و ئاڵۆز بن، ئەوا ڕاستەوخۆ دەگەیەندرێنە لای جەنابی سەرۆك و بەڕێزیشیان بەو پەڕی خەمخۆری و دڵسۆزییەوە چارەسەری کێشەکانیان دەکات، جەنابی سەرۆك بارزانی تا ئێستا هیچ کێشەیەکی نەگەڕاندووەتەوە، ئەگەر لە بەرژەوەندیی پێکهاتەکان بووبێت، هەموو کات جەنابی سەرۆك داکۆکی و بەرگری لە پێکهاتەکان دەکات و هەموو کات جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت مافی پێکهاتەکان پێشێل بکرێت و بە هیچ شێوەیەك قبووڵی ئەوە ناکات دەرهەق بە پێکهاتەکان بڕیاری نەرێنی بدرێت.

*** جەنابی مستەفا بارزانی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ مافی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بەگشتی و تورکمانەکانی بەتایبەتی لەو ڕێککەوتنەدا چەسپاند، هەروەها جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ بەردەوام پشتگیریی مافی هەموو پێکهاتەکانی کرد، ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەم پشتگیرییەی فیکر و عەقیدەی بارزان دەکەن بۆ لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لە کوردستاندا؟**

- ئەوە نەك تەنیا لە ئێستادا، بەڵکو لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانییەوە پێکەوە ژیان بایەخی پێ دراوە و هەمیشە ڕەوشتبەرزی پێناسەی خێزانی بارزانی بووە. خێزانی بارزانی ئەو خێزانە نەبوون کە خۆیان پێ گەورە بێت و تەنیا خۆیان بپارێزن، یان تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان ڕەچاو بکەن، بەڵکو هەمیشە خۆیان بە خاوەنی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان زانیوە. لەو پرسیارەدا کە ئاماژەتان بە ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئازاری (١٩٧٠) دەکەن، من بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بابەتێك دەخەمەڕوو کە شەهید سامی عەبدولڕەحمان بۆی گێڕاینەوە. لە ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئازار یەکێك لە بەرنامەکانی مفاوەزاتەکە ئەوە بووە لەلای جەنابی مەلا مستەفای بارزانیی نەمر کە لەو مفاوەزاتەدا مافی پێکهاتەکانی کوردستان جێگیر بکرێت و لەو کاتەی کە ئەو خاڵەی شاندی مفاوەزاتی شۆڕشی کوردستان لەگەڵ لایەنی عێراقی باسیان کردووە، ئەمە شتێکی قورس بووە بۆ لایەنی عێراقی، چونکە دەوڵەتی عێراق نایەوێت هیچ شتێکی ئیجابی بۆ پێکهاتەکان چارەسەر بکرێت، لەسەر دەستی شۆڕشی گەلی کوردستاندا، بەڵکو هەموو کات ویستوویەتی بارودۆخی پێکهاتەکان ئەگەر بە موزەیەفیش بێت، خۆی بیکات، هەر لە کاتی ڕێککەوتنەکە لایەنی عێراقی بە لایەنی کوردستانیان وتووە کە بریکارێکی وەزارەتێك لە وەزارەتەکان (وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، یان کار) تورکمان بووە، وتوویانە ئەو وەزارەتە پشکی ئێوەیە، دەتوانن ئەو بریکاری وەزارەتە بگۆڕن و بۆ خۆتان کوردێك لە جێگای دابنێن، بۆ وەڵامی ئەمە شاندەکە ڕایانگەیاندووە کە ئەمە دەبێت بگەڕێنینەوە بۆ لای جەنابی مەلا مەستەفا بارزانی، تەنیا جەنابیان دەتوانێت ئەو بڕیارە بدات، لەو کاتەی ئەو پرسە خراوەتە بەردەمی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی، ئەو ڕەتی کردووەتەوە کە ئەو بریکارە تورکمانەی وەزارەتەکە بگۆڕدرێت بە کوردێك و فەرموویەتی «بە هیچ شێوەیەك دەستکاریی هیچ کەسێکی پێکهاتەکان کە لە وەزیفەدان ناکرێت و لە شوێنی خۆیان لانادرێن و تورکمان بەشێکن لەو ڕێککەوتنە و تورکمان بەشێکن لە ئێمە و برای ئێمەن. ئەو تورکمانە کە بریکاری وەزارەتێکە دەبێت لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە»، ئەمەش لێدوانێکی گەورە بووە لەو کاتەدا لە حکومەت و ڕژێمی عێراقی و بەپێچەوانەشەوە هەست و سۆزێکی زۆری تورکمانی ڕاکێشاوە بۆ لای شۆڕشی گەلی کوردستان و جەنابی مەلا مستەفا بارزانی، ئەو ڕێککەوتنە بووەتە هۆکارێك کە حکومەتی عێراقی ناچار بکات، پێش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئازار دان بە مافی ڕۆشنبیریی پێکهاتەی تورکمان بنێت، بەڵام پاش چوار مانگ لە ڕاگەیاندنی



ڕێککەوتننامەکەی (١١)ی ئازار ئەو بڕیارەی کە حکومەتی عێراقی دابووی بە دداننان بە مافی ڕۆشنبیریی تورکمان ویستیان ئیلغا بکرێت، بەڵام لە سایەی سەروەری و حەکیمیی جەنابی مەلا مستەفا پێکهاتەی تورکمان وەك کورد بە هەموو ماف و بەرژەوەندییەکانیان شاد بوون، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە عەقیدە و هزری بنەماڵەی بارزانەوە، کە هەموو کات لە هەوڵی ئەوەدا بوون، هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بگرە سەرتاسەری کوردستان بە یەکەوە و بە برایەتی و لێبوردەیی و ئاشتی بژین. ئێمە سەیر دەکەین لە هەموو شاندەکان کە بۆ عێراق دەچن و لە هەموو بۆنە تەشریعی و تەنفیزییەکاندا کورد و بەتایبەتی بنەماڵەی بارزانی و لە سەرووی هەموویانەوە جەنابی مسعود بارزانی داکۆکیکار و بەرگریکارێکی ڕاستەقینە و سەرسەختی پێکهاتەکانە، بەتایبەت بۆ پێکهاتەی تورکمان. پێش نووسینەوەی دەستووری عێراق، جەنابی سەرۆك بارزانی ساڵی (٢٠٠٢ یان ٢٠٠٣) بوو لە ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند و فەرمووی لە هەرێمی کوردستان پێکهاتە بە ژمارە نییە، بەڵکو هەموو پێکهاتەکان نەتەوەن، نەك کەمە نەتەوە، هەر بۆیە جەنابی سەرۆك بارزانی دوو شتی جێگیر کردووە و مێژوو لە لاپەڕە پڕشنگدارەکانی خۆیدا تۆماری کردوون کە ئەمانەن:

یەکەم: جەنابی سەرۆك بارزانی لە هەرێمی کوردستان چەمکی کەمە نەتەوەیی نەهێشت و فەرمووی هەموو پێکهاتەکان نەتەوەن و هاوبەشی ڕاستەقینەی گەلی کوردستانن.

دووەم: مافی هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان پارێزراوە وەك مافی پێکهاتەی کورد.

هەروەها لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥) عێراق دەیویست تەنیا مافی پێکهاتەی کورد و عەرەب لە دەستوورەکەدا هەبێت و مافی پێکهاتەکانی دیکە جێگیر نەکات، بەڵام بەپێداگری و داکۆکیکردنی جەنابی سەرۆك بارزانی کە ئەو کات برادەرانی ئێمە وەك تورکمان لەگەڵ شاندەکەی نووسینەوەی دەستووری عێراق لە بەغدا بوون کە بەڕێزان (کەرخی ئاڵتی بەرماغ و سامی شەبەك و ڕیاز ساری کەهیە)

بوون، بە شاهێدی ئەوان کە ڕەشنووسی دەستوورەکەمان بردە لای جەنابی سەرۆك بارزانی، بە قەڵەمی سوور لەسەر ڕەشنووسەکە نووسی، دەبێت ئەوەی تورکمانەکان و ئەو ئەندامانەی لە لێژنەکە نوێنەری پێکهاتەی تورکمانن و دەیانەوێت، دەبێت ئەو مافانە لە ناو دەستوورەکە جێگیر بکرێن، ئەوەی نووسرابوو لە دەستوورەکە چەندین جار چووبووە لای ئەوانەی پێداچوونەوەی ڕەشنووسی دەستوورەکەیان دەکرد، ئەو بڕگە و ماددانەی بۆ مافی تورکمان داوا کرابوون، ڕەشیان دەکردەوە، لەو کاتەدا جەنابی سەرۆك بارزانی بە لێژنەکانی نووسینەوە و پێداچوونەوەی دەستوورەکەی فەرموو بووی، ئەگەر ماف و داواکاریی پێکهاتەی نەتەوەیی تورکمان جێگیر نەکەن، ئێمە وەك کورد و گەلی کوردستان دەکشێینەوە. هەموو ئەوانەی کە جەنابی سەرۆك بارزانی وەك ڕێباز و عەقیدەی بارزان ویستوویەتی پارێزگاری لێ بکرێت و ئەمڕۆ کە لە هەموو عێراق و لە هەرێمی کوردستان مافی پێکهاتەکان کە لە دەستوور جێگیر کراوە، لە سایەی عەقڵییەت و سیاسەت و ڕاستگۆیی جەنابی سەرۆك بارزانی بووە بەرانبەر پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستووری سەرەتای شۆڕشی گەلی کوردستان و لە دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لە ساڵی (١٩٦١) بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفای بارزانی، ئەمە لە چوارچێوەی ئەدەبیات و بیر و عەقیدەی بارزاندا بووە، هاوکات هەر ئەو عەقیدەی بارزانەیە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە هەموو پێکهاتەکان بەتایبەت وەك دەبینین تورکمان لە هەرێمی کوردستان لە هەموو جومگەکانی دەوڵەت و دامەزراوە حکوومییەکان و پەرلەمان و دادوەری بە پۆستی باڵا و کارا بەشدارین، هەر بۆیە شاراوە نییە تاوەکو بنەماڵەی بارزان و پارتی دیموکراتی کوردستان مابن، تورکمان و پێکهاتەکانی دیکەش ماف و بەرژەوەندییەکانیان پارێزراون.

*** پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە، جیا لەوەی بە سیستمی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەریان هەیە، لە هەمان کاتدا لە ناو حکومەتی کوردستان وەزیریان هەیە و لە دامەزراوەکانیشدا چەندین پۆستی باڵایان هەیە، ئایا تا چەند حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتی خزمەتی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی کوردستانی کردووە؟**

- لە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتەی کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان لە حکومەتەکەدا بە وەزارەتێك بەشدار بوون، کە بەڕێز یونادم یوسف وەزیر بوو، هەر لەو کاتەدا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیاری ئەوە کرا، کە پێویستە پێکهاتەی تورکمانیش لە حکومەتەکەدا بەشدار بن، بۆ ئەو مەبەستە شاندێکی حکومەتی کوردستان سەردانی حزبە تورکمانەکانیان کرد، کە ئەو کات دوو حزبی تورکمانی هەبوون کە یەکێکیان (پارتی نیشتمانیی تورکمان) بە سەرۆکایەتیی دکتۆر موزەفەر ئەرسەلان بوو، دووەمیان (حزبی ئیتیحادی تورکمانی ) بە سەرۆکایەتیی ڕیاز ساری کەهیە بوو، بەڵام بەداخەوە دەستێکی دەرەکی هەبوو، بۆ ئەوەی تورکمانەکان لە حکومەتی کوردستان بەشدار نەبن، ئەگەرچی لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە سێ پۆستی باڵا بۆ بەشداریی تورکمانەکان پێشنیار کرابوو، کە ئەمانە بوون (جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری پەروەردە و وەزیری هەرێم)، لە سەرەتادا پارتی نیشتمانیی تورکمان بەو پێشنیارە ڕازی بوون، لە پاشان پارتی نیشتمانیی تورکمانی بۆچوونی خۆی لەوبارەوە گۆڕی و ڕایانگەیاند کە بەشداریی حکومەتەکە ناکەن و بەدیلیش حزبی ئیتیحادی تورکمانی بوو، کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ پارتی نیشتمانیی تورکمانی ئەنجام دا و پێمانگوتن بەشداریی ئێمە وەك پێکهاتەی تورکمان لە حکومەتی کوردستان زۆر گرنگە و من گوتم، ئەگەر ئێمە بە یەك وەزارەتیش بەشدار بین، ئەوە بۆمان گرنگە و با داوای پلە و پۆستی زیاتر نەکەین، چونکە ئەو کات حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتادا بوو و ئیمکانیەتی زۆر باش نەبوو، گوتمان ئێمە وەك پێکهاتەی تورکمان پێویستە واز لە دوو شت بێنین، کە یەکێکیان ئەوە بوو، بە هیچ جۆرێك نابێت بە هەرێمی کوردستان بڵێین باکووری عێراق، چونکە ئەو پارت و لایەنانەی کوردستان چەندین ساڵە شۆڕشی

**لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانییەوە پێکەوە ژیان بایەخی پێ دراوە و هەمیشە ڕەوشتبەرزی پێناسەی خێزانی بارزانی بووە**

**خێزانی بارزانی ئەو خێزانە نەبوون کە خۆیان پێ گەورە بێت و تەنیا خۆیان بپارێزن، یان تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان ڕەچاو بکەن، بەڵکو هەمیشە خۆیان بە خاوەنی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان زانیوە**

**ئەمڕۆ کە لە هەموو عێراق و لە هەرێمی کوردستان مافی پێکهاتەکان کە لە دەستوور جێگیر کراوە، لە سایەی عەقڵییەت و سیاسەت و ڕاستگۆیی جەنابی سەرۆک بارزانی بووە**

ڕزگاریخوازییان لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری کردووە و خوێنی هەزاران شەهیدیان داوە و ماڵیان وێران بووە و ئەنفال و جینۆساید کراون، لەو کاتەدا کە ئێمە دەڵێین باکووری عێراق ئەوە ئیستیفزازە. دووەم بۆ ئەوەی ببینە هاوبەش لەو هەرێمە وەك پێکهاتەیەکی دێرین و سەرەکی پێویستە بەشدار بین لە حکومەتی کوردستان بە هەر پۆست و پلەیەك بێت و، چەندین جار تکام لە برادەرانی خۆمان کرد، ئەگەر پۆستی بەڕێوەبەری گشتیمان پێ بدەن، ئەوە ڕازی بین باشترە لەوەی لە دەرەوەی حکومەتەکە بین. ئەگەرچی بەداخەوە لەو کاتەدا ڕەزامەندییان دەرنەبڕی و لە پاشان بەرەی تورکمانی دروست بوو و زۆریش دەمارگیر بوون. گوتمان بەشداربوون لەو حکومەتەدا ئیجابیاتی یەکجار زۆری هەیە، سەرەڕای ئەو هەموو هێرشانەی ئێمە وەك تورکمان دەیکەینە سەریان، بەڵام ئەوان لەسەرخۆ و هێمنن و ددانیان بەخۆدا گرتووە. ئەوە بوو لە دوایساڵی (١٩٩٩) لە کابینەی چوارەم و بە بڕیاری پارتی دیموکراتی کوردستان، پێداگری کرا لەسەر ئەوەی بە فعلی پێکهاتەی تورکمان لە حکومەتی کوردستان بەشدار بن و من پۆستی وەزیریم وەك پێکهاتەی تورکمان بە خۆشبەختییەوە وەرگرت، ئەو کات بارودۆخی حکومەتی کوردستان وەك ئێستا پێشکەوتوو نەبوو لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە لە بەروارێکی دیاریکراودا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێتەوە، ئایا ئێوە وەك نەتەوەی تورکمان چۆن خۆتان ئامادە کردووە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو؟ هاوکات لەگەڵ ئەم پرسیارە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق ئەنجام دەرێت، ئایا لەو هەڵبژاردنانەش بەشداری دەکەن، بەتایبەتی لە کەرکووك؟**

- لەم قوناغەدا ئەگەر تورکمان بیر لە بەرژەوەندیی خۆی بکاتەوە وەك پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ڕەسەنی هەرێمی کوردستان، نابێت قبووڵ بکات، یان هەنگاو بنێت بۆ نەهێشتنی کورسیی کۆتا لە پەرلەماندا، چونکە تورکمان ناتوانێت ئەو دەنگە لە ئێستادا بێنێت، کە پێنج کورسی بێت وەك ئێستا لە پەرلەماندا، چونکە تا ئێستا سەرژمێرییەکی ڕاستەقینە نییە کە ژمارەی تەواوی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان بکات، لەلایەکی دیکەوە هەڵبژاردن بە هەر سیستەمێکی دیکە بێت لە دەرەوەی کۆتا، ئەوە دەنگ و ڕەنگ و ژمارەی ئێمەی تورکمان پەرش و بڵاو و بزر دەبێت، سەرەڕای ئەوانەش سیستەمی کۆتا سیستەمێکی باو و سرووشتییە و لە زۆر وڵاتانی پێشکەوتووش پیادە دەکرێت. سیستەمی کۆتایە وای کردووە کە پێکهاتەی تورکمان بە پێنج کورسی لە پەرلەمانی کوردستان و لە چەندین پۆستی وەزاری و گرنگ لە حکومەتی کوردستان بەشداربن و ئەو لایەن و حزبانەی دەیانەوێت کۆتا بۆ پێکهاتەکان لە کوردستان نەمێنێت، مەبەستی سەرەکییان ئەوەیە کە دەنگ و توانا و ئیمکانیاتی پێکهاتەکان بۆ نموونە وەك نەتەوەی تورکمان کەم بکرێتەوە و دەنگەکانیان پەرش و بڵاو بێت و نەتوانن ئەو ژمارە کورسی و نوێنەرایەتییەیان بمێنێت، کە ئێستا لە حکومەت و پەرلەمان هەیانە. ئەو هەڵمەتە زۆر و گەورەیەی کە چەندین ماوەیە لە سەر کورسیی کۆتا هەیە، ئەوە مەبەستیان ئەوە نییە سکیان بە تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە دەسووتێت، یان بۆ بەرژەوەندیی پێکهاتەکانە، نەخێر بە پێچەوانەوە لە دژی بەرژەوەندیی پێکهاتەکانە، لێرەدا تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانە پێداگری لەسەر سیستەمی کۆتاکان بۆ پێکهاتەکان دەکات، چونکە تەنیا پارتییە لەسەر ڕێباز و عەقیدەی بارزان دەڕوات کە دەیەوێت هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بەبێ جیاوازی بژین و مومارەسەی گوزەران و هەقی خۆیان بکەن. ئامانجێکی دیکەی هەندێك پارت و لایەن بۆ نەمانی کورسیی کۆتا بۆ ئەوەیە کە پێکهاتەکان بەتایبەت پێکهاتەی تورکمان لە پارتی جیا بکەنەوە، ئەمەش بە هیچ جۆرێك ڕوو نادات، چونکە پێکهاتەی تورکمان بەپێی مومارەسەی خۆیان گەیشتوونەتە ئەو ئیمان و باوەڕەی کە تەنیا هزر و عەقیدەی بارزان و پارتی دەیانپارێزێت و داکۆکی لە مافەکانیان دەکات، ئێمە وەك تورکمانەکان لە هەرێمی کوردستان ئیمان و باوەڕێکی گەورە و زۆرمان بە عەقیدەی بارزان هەیە.

**هەڵبژاردن بە هەر سیستەمێکی دیکە بێت لە دەرەوەی کۆتا، ئەوە دەنگ و ڕەنگ و ژمارەی ئێمەی تورکمان پەرش و بڵاو و بزر دەبێت**

**شاراوە نییە تاوەکو بنەماڵەی بارزان و پارتی دیموکراتی کوردستان مابن، تورکمان و پێکهاتەکانی دیکەش ماف و بەرژەوەندییەکانیان پارێزراوە**

**سیستەمی کۆتاییە وای کردووە کە پێکهاتەی تورکمان بە پێنج کورسی لە پەرلەمانی کوردستان و لە چەندین پۆستی وەزاری و گرنگ لە حکومەتی کوردستان بەشداربن**

# ٢٥ی ئاب.. ڕووداوێکی مێژوویی دەگمەن.. سەروەرییەکی لەبیرکراو

پەنجا ساڵی پڕ پێش ئێستا و لە ڕۆژی شەممە ٢٥ی ئابی ١٩٧٣، بە فەرمانی بارزانیی نەمر، مانگرتنی گشتیی لە تەواوی کوردستاندا ڕاگەیەندرا، مانگرتنەکە پارێزگاکانی دهۆك، هەولێر، سلێمانی، کەرکووك و قەزای خانەقینی گرتەوە، ئەم مانگرتنە گشتییە کە ڕووداوێکی مێژوویی دەگمەنە لە مێژووی کورد و کوردستاندا، بۆ دەربڕینی هاوسۆزیی کوردستانیان بوو لەگەڵ دانیشتووانی زوڵملێکراوی شنگال کە ماوەیەك بوو کەوتبوونە بەر زوڵمی حکومەتی بەعس و بۆمبارانکردنی ناوچەکانیان، بە مەبەستی تەعریبکردنی دەڤەرەکە و خەڵکەکەی لە ڕێی دەستبەسەرداگرتنی گوندەکانی دەڤەرەکە و ڕاگواستنی خەڵکەکەی و کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا، هەروەها هاوردەکردنی هۆزەکانی عەرەبی بۆ دەڤەرەکە و نیشتەجێکردنیان لە گوند و لەسەر زەویوزار و موڵکوماڵی ئێزدییان و کوردان بە گشتی لە سەرانسەری شنگالدا.

دیسان بۆ ئیدانەکردن و ڕیسواکردنی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دەرهەق شنگال و ئێزدییان ئەم مانگرتنە گشتییە ڕاگەیەندرا.

ئەوە بوو لە ٢٥ی ئابی ١٩٧٣دا، مانگرتنی گشتی لە کوردستان ئەنجام درا، دووکان و بازاڕەکان داخران (نانەواخانەکان نەبێت)، هاموشۆی ترۆمبێلان ڕاوەستا بە هەموو شێوەیەك، فەرمانبەران نەچوونە دەوام (نەخۆشخانە و کارگە بەرهەمهێنەکان نەبێت).

ئەڵبەت شەوی پێشوو، تەواوی ناوشار و ڕێگەوبان و شوێنە گشتییەکان دروشم و لافیتەی گەورە و بچووکیان بە کوردی و عەرەبی، پێدا هەڵواسرابوون، هەر هەموشیان، باسی دوو بابەتیان دەکرد: ڕاگرتنی تەعریبی کەرکووك، خانەقین و شنگال، دووەمیشیان، ئیدانە و سەرکۆنەکردنی بۆمباران و بە زۆر ڕاگوێزانی تەواوی گوندەکانی شنگال.

ئا لێرەدا سەرنجێك هەیە دەبێت بۆ مێژوو باسی بکەین: لەو شاڵاوی ڕاگواستنەی لە شنگال بەڕێوە چوو، خەڵکی گوندەکان سەرباری ئەوەی ئیغرائاتی پارەشیان خستنە بەردەست، کەچی هەر ئامادە نەبوون گوندەکانیان چۆڵ بکەن، دواجاربە زۆر و بە زەبری تۆپ و تەیارە و سوپا ڕایانگواستن، خۆڕاگرتنی خەڵکەکە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەو خەڵکە شۆڕش و پێشمەرگەیان شك دەبرد و پشتیان قایم بوو، بەڵام دوای ساڵی ١٩٧٥، کاتێك شۆڕش و پارتی و پێشمەرگە تووشی نسکۆیەکی کاتی بوون، بەعس بیست کیلۆمەتری سنوورەکانی ڕاگواست و خەڵکەکە ناچار بوون پارە و قەرەبووی خۆیان وەرگرن و لە یەك گوندیش مقاوەمەت موعارەزەی ڕاگواستن نەکرا، چونکە بەڕاستی خەڵکەکە بێ پێشمەرگە و بێ پشت و پەنا مابوونەوە.

گرینگی و بایەخی ئەو ڕووداوە لەوەدا بوو، بەپێی زانیاریی بەردەست، مانگرتنی ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٧٣، تاکە مانگرتنی گشتییە لە مێژووی کورد و کوردستاندا، هەروەها ڕاپرسییەکی گشتیی خەڵکی کوردستان بوو سەبارەت بە پابەندبوون بە فەرمانەکانی بارزانیی نەمر و پارتی و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ڕازیبوونێکی گشتی بوو لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئەو کاتەی سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتی. دوای ئەوەی شۆڕش و پارتی لەو چەند ساڵەدا ڕووبەڕووی دوو تەحەددا بووبوونەوە: لادانی جەماعەتێکی مەکتەبی سیاسی و پاڵدانیان بە حکومەتی عێراقەوە (سەرەتا عارف و دواتر بەعس) و دژایەتی و شەڕکردنی چەکداری دژی شۆڕشی ئەیلوول، تەحەددای دووەمیش هەر دوای

**لەو شاڵاوی ڕاگواستنەی لە شنگال بەڕێوە چوو، خەڵکی گوندەکان سەرباری ئەوەی ئیغرائاتی پارەشیان خستنە بەردەست، کەچی هەر ئامادە نەبوون گوندەکانیان چۆڵ بکەن**

**مانگرتنی ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٧٣، تاکە مانگرتنی گشتییە لە مێژووی کورد و کوردستاندا، هەروەها ڕاپرسییەکی گشتیی خەڵکی کوردستان بوو سەبارەت بە پابەندبوون بە فەرمانەکانی بارزانیی نەمر و پارتی و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول**



**عەبدولڕەزاق عەلی**

بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، بەعس دەستی بە پیلانگێڕی و ڕاگواستنی ناوچە کوردنشینەکانی (مەندەلی تا شنگال) و تەعریب و پارەبەخشینەوە و جاش دروستکردن کردبوو، بۆیە مانگرتنە گشتییەکە بووە ڕاپرسییەکی خەڵکی کوردستان دژی تەعریب و سیاسەت و پیلانگێڕییەکانی بەعس.

ئەم مانگرتنە گشتییە نامەیەکی میللیی سەرانسەری خەڵکی کوردستان بوو بۆ حکومەتی ئەوکاتی بەعس کە بە سیاسەتی نەگریسی تەعریب و لێکەوتەوە و ئەنجامەکانی ڕازی نین، هەروەها پیشاندانی یەکگرتوویەکی میللیی دەگمەن بوو لە مێژووی کورد و کوردستاندا، بەمەش خەڵکی کوردستان سەلماندی هاوسۆزییان بۆ کوردانی ئێزیدی هەیە وەکو بەشێکی ڕەسەن و زیندووی نەتەوەکەیان کە ئێزدین، لەکاتێکدا بە گشتی کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان موسڵمانە، ئەمە بۆ ئەو سەردەمە و بۆ ئێستاش مانا و وانەی قووڵ دەبەخشێت.

ئەنجامدانی مانگرتنی گشتی وەك نارەزایەتییەکی مەدەنی و ئاشتییانە لەلایەن حزب و شۆڕشێکەوە کە دەیان هەزار پێشمەرگەی هەبوو، بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە هەموو ئەم ناوچەیەی ئێمە و دەوروبەرمان سیخناخ بوو لە دەوڵەت و ڕژێم و سەرۆکی دیکتاتۆری، لە ناوچەیەك بگرە لە دونیایەکی دوور لە دیموکراسی و ممارەساتی ئاشتییانە و مەدەنییانەدا، لەو ڕۆژگارەدا، ناو و ناوبانگی بارزانیی نەمر و شۆڕش و کوردی زۆر بردە پێش، لانی کەم لای ئەو ژمارە کەمەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کە بە دونیای دیموکراسی و ئازاد دەناسران، لە بەرانبەریشدا ڕژێمی بەعسی و تەواوی دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەی ڕاچڵەکاند، کە تەوژمێکی دیموکراسی ڕووی لە ناوچەکەیە و لای ئەوان خەتەرەکەی لە موقاوەمەتی چەکدارانە زیاتر بوو، هەر بۆیە کاردانەوەی بەعس لە ڕووی توندکردنی شاڵاوەکانی سەربازی و بۆمباران و تەعریبەوە زیاتر بوو، لە ڕووی سیاسییشەوە هەنگاو و هەڵوێستی توندتری نواند، لە ڕووی ئیعلامییشەوە تا یەك دوو مانگ ڕۆژنامەی سەورە هەر وتاری دژی مانگرتنەکە دەنووسی و بڕێك تۆمەت و قسەی دروشمی سواو و درۆگەلی ڕیز دەکرد و لە کۆتاییدا پرسیاری دەکرد مانگرتنەکە بۆچی؟

لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە مێژوویییە و ئەو سەروەرییە لەبیرکراوەی خەڵکی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو یەکویژدانی و یەکهەڵوێستی و یەکدەستییەی ئەو ڕۆژگارە بە زیندوویی بمێنێتەوە، چەند پێشنیارێك دەخەمە ڕوو:

- چەسپاندنی ئەم ڕۆژە لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول و پارتیدا لە هەموو بڵاوکراوە و موفەکەرە و ئەدەبیاتی مێژوویی و سیاسیی کوردستاندا بچەسپێندرێت.

- هانی هەموو سەرکردە سیاسییەکان بدرێت، ئەو بەڕێزانەیان کە لەو ڕۆژگارەدا سەرکردە، یان کادێری پێشکەوتوو بوون، لە ژیاننامە و بیرەوەرییەکانیاندا باسی ئەو ڕۆژە تۆمار بکەن، تا نەوەکانمان پێی ئاشنا بن.

- ناولێنانی ئەو ڕۆژە وەك ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی تەعریب، یان ڕۆژی شنگال، یان هەر ناوێکی گونجاو، لە سەرانسەری کوردستانیشدا بە چالاکیی مەدەنییانە و ڕۆشنبیرییانە یادی بکرێتەوە.

- ڕۆژی ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٧٣ وەك ڕۆژی مانگرتنی گشتیی کوردستان، لە پرۆگرامەکانی خوێندنی وانەی مێژووی قوتابخانەکانماندا تۆمار بکرێت و بچەسپێندرێت.

**ئەم مانگرتنە گشتییە نامەیەکی میللیی سەرانسەری خەڵکی کوردستان بوو بۆ حکومەتی ئەوکاتی بەعس کە بە سیاسەتی نەگریسی تەعریب و لێکەوتەوە و ئەنجامەکانی ڕازی نین**

**تا یەک دوو مانگ ڕۆژنامەی سەورە هەر وتاری دژی مانگرتنەکە دەنووسی و بڕێک تۆمەت و قسەی دروشمی سواو و درۆگەلی ڕیز دەکرد و لە کۆتاییدا پرسیاری دەکرد مانگرتنەکە بۆچی**

دیمانەی تایبەت



### پڕۆفیسۆر فوئاد ئیزەدی بۆ گوڵان:

# سعودیە نایەوێت هەموو هێلکەکانی بخاتە سەبەتەی ئەمریکاوە

فوئاد ئیزەدی پڕۆفیسۆری دیپلۆماسییەتی گشتی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکایە لە زانکۆی تاران، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە ئاساییبوونەوەی ئەم دواییەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە و هۆکار و پاڵنەر و دەرئەنجامەکانی ئەم ئاساییبوونەوەیە و ڕۆڵی چین لە هێنانەئارای ئەم ڕێککەوتنە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** لە دوای ئاساییبوونەوەی پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبی، کە پێشهاتێکی گەورە و بەرچاو بوو، بەم دواییە ئاساییبوونەوەیەکی دیکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە نێوان دوو هێزی هەرێمی گەورە و کاریگەردا (ئێران و سعودیە) هاتەئاراوە، ئێوە چۆن لە گرنگیی ئەم پەرەسەندنە دەڕوانن و پێتان وایە هۆکاری هاتنەئارای ئەو دۆخە چی بوو؟**

- من پێم وایە ئەمە پەیوەندی بە گۆڕانی تێڕوانینی عەرەبستانی سعودیە هەبوو، واتە سعودیە دەرکی بەوە کرد، کە شەڕکردن و بەرەنگاربوونەوەی ئێران خزمەت بە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ناکات. چونکە ئاشکرایە کە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، عەرەبستانی سعودیە بڕیاری دا بە هەموو نرخێك ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە و لەم ڕووەوە داهاتی نەوت و چەندین ئامرازی دیکەی بەکارهێنا، بۆ پتر لە ٤٠ ساڵیش ئەم سیاسەتەی پەیڕە و پیادە کرد، بە بێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت. واتە ئێران سەرباری هەموو فشارەکان توانی خۆڕاگر بێت و بگرە بەردەوام بێت لە بەرەوپێشچوون و گەشەکردن. لەبەر ئەوە دووپاتی دەکەمەوە ئەمە پەیوەستە بە دەرکپێکردنی سعودیە بەو ڕاستییەی کە ململانێ و بەرەنگاری لەگەڵ ئێراندا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی ناکات. هەروەها کاتێك پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیش لەگەڵ ئێراندا هاتە ئاراوە، ئێران ئامادە بوو بۆ ئەم پرسە، چونکە هیچ کاتێك ئێران عەرەبستانی سعودیەی بە دوژمن سەیر نەکردووە. دواتر دەبێت ئەوە بڵێین کە دەوڵەتە دراوسێکان دەبێت پەیوەندیی باشیان لەگەڵ یەکدا هەبێت، ئێران و سعودیەش بۆ چەندین سەدەیە دراوسێی یەکترین و بۆ چەندین سەدەی دیکەش بەم شێوەیە دەمێننەوە. مەبەستم ئەوەیە، دەکرێت دەوڵەتە دراوسێکان بۆچوونی جیاواز و تێڕوانینی جیاوازیان هەبێت، بەڵام دەبێت ڕێگاچارەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی پێکەوە و بە ئاشتییانە درێژە بە پەیوەندییەکانیان بدەن.

*** بەڵام ئەم ئاساییکردنەوەیە دوای ساڵانێکی زۆر لە بەدگومانی و دژایەتی و دوژمنایەتیی نێوان ئەم دوو وڵاتە هاتووەتە ئاراوە، هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ کرد، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە، ئەم ئاساییبوونەوە و باشتربوونی پەیوەندییانە بەردەوام بن؟ ئایا ئەم ڕێککەوتنە تا سەر جێبەجێ دەکرێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە کارێکی باش بوو عەرەبستانی سعودیە بڕیاری دا، هەڵوێست و سیاسەت و تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت، دواتر پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سعودیە دەتوانێت بەردەوام بێت لەسەر ئەم سیاسەتە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆشحاڵ نییە بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە، چونکە ئێمە دەزانین کە سیاسەتی ئەمریکا لەم ناوچەیە بریتییە لە پەرت کە و زاڵ بە، ئەمریکا دەیەوێت وڵاتانی ئەم ناوچەیە لە شەڕدا بن لە دژی یەکتری بۆ ئەوەی بتوانێت چەکی زیاتریان پێ بفرۆشێت. بە هەمان شێوەیە ئیسرائیلیش خۆشحاڵ نەبوو بەم ڕێککەوتن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییانە. هەرچۆنێك بێت سعودیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پەیوەندییەکی نزیك و بەتینی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەبووە و دەبێت پرسی ئەوەی کە ئایا دەتوانێت بەرگەی ئەو گوشارانە بگرێت، هەڵبگرین بۆ داهاتوو.

*** ئەی پێت وایە تا چ ڕادەیەك ئێران خواستی ئەوەی هەیە ئەم ڕێککەوتنە سەرکەوتوو بێت و درێژەی بکێشێت؟**

- من پێم وایە ئێران دەیەوێت پەیوەندییەکان ئاسایی ببنەوە و پەیوەندی باشی لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکانیدا هەبێت، لە نێویاندا عەرەبستانی سعودیە. بەڵام ئایا بوار بە عەرەبستانی سعودیە دەدرێت بۆ ئەوەی درێژە بەم سیاسەتە بدات، ئەوا ئەمە دیار نییە و ئێمە نازانین، چونکە ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستڕۆیشتوویی و کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە نێو عەرەبستانی سعودیەدا و گوشار لە سعودیە دەکات، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی بکاتەوە، خۆ ئەگەر ئەمەش ڕوویدات(ئاساییبوونەوەی پەیوەندی سعودیە و ئیسرائیل)، ئەوا جۆرێك لە ڕێککەوتن دەبێت کە تێیدا سعودیە دەگەڕێتەوە بۆ گرتنەبەری

**سعودیە دەرکی بەوە کرد، کە شەڕکردن و بەرەنگاربوونەوەی ئێران خزمەت بە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ناکات**

**ئەمریکا خۆشحاڵ نییە بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە، چونکە ئێمە دەزانین کە سیاسەتی ئەمریکا لەم ناوچەیە بریتییە لە پەرت کە و زاڵ بە**

**ئەمریکا دەیەوێت وڵاتانی ئەم ناوچەیە لە شەڕدا بن لە دژی یەکتری بۆ ئەوەی بتوانێت چەکی زیاتریان پێ بفرۆشێت**

سیاسەتی ڕابردووی لە ئاست ئێران، کە سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە بوو. بەڵام پێم وایە ئێران مەبەستیەتی ئەو پرۆسەیەی لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا دەستی پێ کرد، بەردەوام بێت و پەیوەندییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە ئاسایی ببنەوە لە نێوان هەردوو وڵاتدا.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە لەوانەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوشار بخاتە سەر سعودیە و وتتان ئەمریکا خۆشحاڵ نییە بەم ڕێککەوتنە، ئایا پێت وایە ئەم هەنگاوەی ڕیاز ڕەنگدانەوەی دروستبوونی سارد و سڕییەك بێت لە پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئەمریکا؟**

- من پێم وایە عەرەبستانی سعودیە دەرکی بەو ڕاستییە کردووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزێکە و لە داکشاندایە و لەم ڕووەوە نایەوێت و خوازیاری ئەوە نییە هەموو هێلکەکانی بخاتە سەبەتەی ئەمریکاوە، بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، تا چەند سعودیە دەتوانێت برەو بەم سیاسەتە بدات، ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین. ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوێست و سیاسەتی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، بەتایبەتی ناوچەی کەنداوەوە هەبێت لە ئاستی ئەم پرسەدا، ئەوا دەتوانین لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، کە سەرۆکی ئێران دەچێتە نیویۆرك بۆ بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لەوێدا کۆبونەوەی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو و ئێران و عێراق ئەنجام دەدرێت، چونکە بۆ چەندین ساڵە ئێران داوای بونیادێکی ئاسایشی هەرێمایەتی دەکات و پشتیوانی لێ دەکات، واتە لە نێوان وڵاتانی باشووری کەنداو و هەر دوو وڵاتی باکووری کەنداو (ئێران و عێراق). بەڵام ئەوەی بەدی کراوە، ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ درێژەپێدانی مانەوەی خۆی لەم ناوچەیەدا لەگەڵ ئەم پرسەدا نەبووە، هەروەها هەمیشە ئیسرائیلیش بەرهەڵستیی ئەوەی کردووە کە ئێران ببێتە بەشێك لە ڕێوشوێنی ئەمنی هەرێمایەتی لەم ناوچەیەدا، ئێستاش ئومێدەکە ئەوەیە کە پەرەسەندنەکان بەم ئاراستەیەدا بڕۆن و وڵاتان و گەلانی ناوچەکە هاوشێوەی ناوچەکانی دیکە بتوانن بونیاد و ڕێوشوێنێك بگرنەبەر کە بوار بە هاریکاریی نێوانیان بدات.

*** ئاشکرایە کە ڕێککەوتنی نێوان عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەوڵی دیپلۆماتیی چین ئەنجام درا و هاتە ئاراوە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەمە ئاماژە و بەڵگەی هەڵکشانی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی چینە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- لە ڕاستیدا گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێران ماوەیەك بوو دەستی پێ کردبوو، ئەم گفتوگۆیانە لە عێراق ئەنجام دران، هەروەها لە وڵاتی عومان، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە دواتر وڵاتی چین هاتە نێو هاوکێشەکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئەوە نادیدە بگرین کە چین ڕۆڵێکی گرنگی بینی بۆ هێنانەئارای ئەو ئاساییبوونەوەی پەیوەندییانە. لەلایەکی دیکەوە دەبێت باس لەوەش بکەین، کە چین وڵاتێکە بەرەو ئەوە دەچێت، ببێتە هێزێکی مەزن لە جیهانێکی فرە جەمسەردا، بە چەشنێك کە هەوڵ دەدات دەستڕۆیشتووییەکی زۆری لە ئاسیا هەبێت، هەروەها پەیوەندییەکی بەرچاوی ئابووری هەیە لەگەڵ وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، چونکە چین دەیەوێت هەناردەی نەوت لەم ناوچەیەوە بەردەوام بێت و کێشەی بۆ دروست نەبێت، لەم ڕوانگەیەوە دەیەوێت کاریگەریی زیاتری هەبێت و ڕۆڵێکی گرنگتر بگێڕێت، لە ڕوانگەی ئێرانیشەوە ئەگەر ئەمە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا، ئەوا ئەمە پەرەسەندنێکی باش و ئەرێنییە.

*** بەم دواییە ڕێککەوتنێك لە نێوان ئێران و ئەمریکا ڕووی دا بۆ گۆڕینەوەی زیندانیکراوەکان و گەڕاندنەوەی هەندێ لە پارە بلۆککراوەکانی ئێران، بە تێڕوانینی ئێوە چی بووە هۆی گەیشتن بەم ڕێککەوتنە؟**

- پێم وایە چەند فاکتەرێك هەبوون، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە ئەو وڵاتانەی پارەی ئێرانیان لابوو و نەیاندەتوانی بە هۆی ئەمریکاوە ئەم پارەیە بەدەست بهێنن لە بەرانبەر ئەو کاڵایانەی لە ئێرانیان دەکڕی، بە ئەمریکایان ڕاگەیاند کە ئەمە کارێکی باش نییە.

**گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێران ماوەیەک بوو دەستی پێ کردبوو، ئەم گفتوگۆیانە لە عێراق عوممان ئەنجام دران، دواتر وڵاتی چین هاتە نێو هاوکێشەکەوە**

**چین وڵاتێکە بەرەو ئەوە دەچێت، ببێتە هێزێکی مەزن لە جیهانێکی فرە جەمسەردا، بە چەشنێک کە هەوڵ دەدات دەستڕۆیشتووییەکی زۆری لە ئاسیا هەبێت**

دیمانەی تایبەت



**ستیفن بلانک**

**توێژەری باڵا لە پرۆگرامی ئۆراسیا لە ئەنستیتیوتی توێژینەوەکانی سیاسەتی دەرەوە بۆ گوڵان:**

# پوتین وەک پاڵەوانی نێو شانۆکانی شکسپیری لێ هاتووە

**سیتفن بلانک، توێژەری باڵایە لە پرۆگرامی ئۆراسیا لە ئەنستیتیوتی توێژینەوەکانی سیاسەتی دەرەوە و زیاتر لە ٩٠٠ وتار و توێژینەوەی بڵاو کردووەتەوە، لەسەر سیاسەتی سەربازی و دەرەکیی یەکێتی سۆڤیەت و رووسیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاسیا و ئەوروپا، چەندین جاریش لە کۆنگرێسی ئەمریکادا ئامادە بووە بۆ باسکردن لە بارەی کاروبارەکانی رووسیا، چین و ئاسیای ناوەڕاست و راوێژی پێ کراوە لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا و ناوەندەکانی توێژینەوە. گوڵان لە میانەی دیدارێکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا و پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم شەڕە و ئەگەرەکانی پەیوەست بە ئاقاری شەڕەکە و، ئەگەری هەڵکشانی شەڕەکە بەرەو بەکارهێنانی چەکی ناوکی و چەند بابەتی دیکەی پەیوەندیدار.**

* شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا بەردەوامە و هیچ ئەگەری چارەسەر و رێککەوتنێك لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت، لە هەمان کاتدا پێ ناچێت هیچ لایەك بتوانن لە رووی سەربازییەوە شەڕەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان یەکلا بکەنەوە، لە ئێستاشدا جۆرێك لە چەقبەستن لە گۆڕەپان و بەرەکانی شەڕدا دروست بووە، تێڕوانینی ئێوە بۆ بارودۆخەکە چییە و ئایا پێشهات و پەرەسەندنەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن؟

- ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە جەنگەکە گۆڕدراوە بۆ شەڕی ئیستینزاف، ئۆکرانییەکان بەردەوامن لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنی تاکتیکی، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە رووسیا زیاتر بەرەو ئەوە دەچێت کە پشێوی باڵی بەسەردا بکێشێت، لەم رووەوە مردنی «یەڤگینی پرۆگۆژین»یش بەشێکە لەو پێشهات و پرسە، لە هەمان کاتدا بارودۆخی ئابووری لە نێو رووسیادا بەرەو خراپی دەچێت، هەروەها تووشی گیروگرفت بووەتەوە لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی ئەو چەکانەی پێویستی پێیانە بۆ بەردەوامیدان بە شەڕەکە، ئەوەتا ناچار بووە کە روو بکاتە وڵاتێکی وەك کۆریای باکوور بۆ ئەوەی ئەو چەکانە بەدەست بهێنێت کە لە بەردەست و لە ئارادان، نەك ئەو چەکانەی کە بە راستی پێویستییانە و دەیانەوێت، بە پێچەوانەوە رۆژئاوا بەردەوام دەبێت لەوەی بۆ ساڵی داهاتووش چەك و کەرەسەتە بۆ ئۆکرانیا دابین و دەستەبەر بکات و رەنگە زیادیشی بکات. هەرچۆنێك بێت پێم وایە ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە ئەم شەڕە کاولکاری و وێرانکارییەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لەو باوەڕەدام لە کۆتاییدا ئۆکرانیا لە شەڕەکەدا سەرکەوتوو دەبێت.

> **بارودۆخی ئابووری لە نێو رووسیادا بەرەو خراپی دەچێت، هەروەها تووشی گیروگرفت بووەتەوە لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی ئەو چەکانەی پێویستی پێیانە بۆ بەردەوامیدان بە شەڕەکە**

> **رۆژئاوا بەردەوام دەبێت لەوەی بۆ ساڵی داهاتووش چەك و کەرەسەتە بۆ ئۆکرانیا دابین و دەستەبەر بکات و رەنگە زیادیشی بکات**

* ئەی ئەگەر بارودۆخەکە بەم چەشنە خراپ بێت، ئایا بۆچی رووسیا هێندە پێداگرە لەسەر درێژەدان بە شەڕەکە و بۆچی هەوڵ نادات بیر لە رێگەچارەیەك بکاتەوە، بۆ ئەوەی شەڕەکە بە جۆرێك لە جۆرەکان یەکلا بکرێتەوە، نەك ئەوەی هێندەی دیکە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر باری ئابووریی وڵاتەکەی دابنێت، بە بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك لە ئارادا بێت کە رووسیا بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟

- پێم وایە هۆکاری پێداگریی رووسیا لەسەر درێژەدان بە شەڕەکە ئەوەیە کە سەرۆك ڤلادمیر پوتین پێی وایە ئەگەر پەنا بۆ گفتوگۆ ببات، ئەمە بە مانای شکست دێت و خۆ ئەگەر لە شەڕەکەشدا تووشی دۆڕانێکی تەواو ببێتەوە، ئەوا لە بارودۆخێکی خراپتردا خۆی دەبینێتەوە، واتە ئەو رێگەچارەیەکی لە بەردەمدا نییە لەم رووەوە، بگرە لەم بارەیەوە لە پاڵەوانەکانی شانۆکانی نێو شکسپیر دەچێت کە تێیدا شەڕانگێزەکان هیچ چارەیەکیان نییە، جگە لەوەی بەردەوام بن لەسەر کوشتن، لەبەر ئەوەی رێگەچارەی گەڕانەوەیان نییە. کەواتە ئێستا پوتین لە دۆخێکی لەم شێوەیەدایە و تاکە رێگەی بەردەمی بەدەستهێنانی سەرکەوتنە، چونکە ئێستا ناکرێت پوتین بێت و رایبگەیەنێت کە دەیەوێت گفتوگۆ لەگەڵ نازییەتدا بکات- کە پێشتر خۆی دەسەڵاتدارانی ئۆکرانیای بەم شێوەیە ناوزەد دەکرد)، خۆ ئەگەر سوپاکەشی بدۆڕێت لە شەڕەکەدا (کە

پێم وایە لە کۆتاییدا ئەمە چارەنووسی ئەم سوپایە دەبێت) ئەوا ڕووبەڕووی گوشارێکی زۆر دەبێتەوە و ناچار دەبێت بڕوات و دەسەڵات بەجێبهێڵێت و خۆیشی ئەم ڕاستییە دەزانێت.

*** بەڵام بۆ ئەوەی شەرعییەت بە شەڕەکە بدات، ڕووسیا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ناتۆ سەرقاڵی فراوانخوازییە و ناکرێت ڕووسیا ئەوە قبووڵ بکات کە ئۆکرانیا ببێتە بەشێك لە هەڕەشە و مەترسییەکی جددی لەسەر وڵاتەکەی و، دەبێت لەم ڕووەوە هەنگاو هەڵبگرێت بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە سیستمی سیاسیی ڕووسیا لەسەر پارانۆیا بنیاد نراوە و پێك هێنراوە، چونکە بە هیچ شێوەیەك ئەگەری ئەوە لە ئارادا نەبوو کە ناتۆ بەرفراوان بێت و ئۆکرانیاش لەخۆ بگرێت، دەقاودەق لەبەر ئەوەی نەیاندەویست دوژمنایەتی ڕووسیا بورووژێنن، تەنانەت لە ئێستاشدا زەحمەتە ئەندامێتیی ئۆکرانیا قبووڵ بکرێت، کە ئۆکرانیا خواستی خۆی خستووەتەڕوو و لە شەڕدایە، واتە هەموو ئەوانەی ڕووسیا بانگەشەی بۆ دەکرد نیگەرانییەك بوون کە لەسەر بنەمای ناڕاستی و وەهمێك بنیاد نرابوون، بەڵام بە هێرشکردنی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا ئەوە سەلمێندرا کە پێویستە ئۆکرانیا ببێتە ئەندامی ناتۆ، چونکە ئەمە تاکە بەدیلی ئاسایشی نەك تەنیا ئۆکرانیا، بەڵکو تێکڕای وڵاتانی دەوروبەری ئۆکرانیایە لە بەرانبەر ئیمپریالیزمی ڕووسیا، کە قابیلی قبووڵکردن نییە. دواتر دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەمە هەوڵی ڤلادمیر پوتین بوو بۆ بەهێزکردنی پێگە و ناوبانگی خۆی بەوەی کەسێکە خاکی ڕووسیای یەك خستووەتەوە، کە لە ڕاستیدا هەموو ئەوانە وەهم و خەیاڵ پڵاوی بوون.

*** بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت پێچەوانەی ئەم خواست و ویستەی سەرۆك ڤلادمیر پوتینە، چونکە ئاشکرایە کە ئەم شەڕە بووەتە هۆی لاوازکردنی پێگەی ڕووسیا لە ڕووی ئابووری و لە ڕووی نێودەوڵەتییشەوە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- ئەمە زۆر ڕاستە و ئەم شەڕە مایەی کارەسات بووە بۆ ڕووسیا.

*** بەڵام ئەگەر ئەمە هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورە بوویێت بۆ ڕووسیا و مایەی کارەسات بوویێت بۆ ئەم وڵاتە، ئایا پێت وایە پەرچەکردار و کاردانەوەی گەلی ڕووسیا چی دەبێت؟ ئایا بە چەشنێك دەبێت کە هەوڵ بدەن ڤلادمیر پوتین ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکەنەوە؟**

- من پێشبینی ئەم چەشنە کاردانەوەیە ناکەم، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە سوپای ڕووسیا بە تەواوی تووشی شکست ببێت و بدۆڕێت لە شەڕەکەدا، خۆ ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئەوا پەرچەکردارێکی زۆر و پشێوییەکی زۆر دێنە ئاراوە لە نێو ڕووسیادا.

*** بەڵام لە ئێستادا ئاماژەکانی دۆڕانی سوپای ڕووسیا لە ئارادا نین، وەك لە پرسیارەکانی پێشوودا باسمان کرد، جۆرێك لە چەقبەستوویی لە گۆڕەپانی شەڕدا دروست بووە؟**

- من پێم وانییە ئەو چەقبەستووییە درێژە بکێشێت، چونکە ئەوەی ئێستا لە ئارادایە ئەوەیە کە ئۆکرانیا یەکگرتووە و بگرە ڕۆژئاواش یەکگرتوون، لە کاتێکدا ڕووسیا بەرەو ئەوە دەچێت پشێوی باڵی بەسەردا بکێشێت، ئێوە لە پرسی پریگۆژین بڕوانن (ئەگەرچی ئێستا مردووە)، ئەوەتا بەهای ڕۆبڵی ڕووسیا لە سەروبەندی ئەوەدایە کە بە ڕاددەیەکی زۆر دابەزێت و بارودۆخی ئابووری بۆ ساڵانی داهاتوو ڕووبەڕووی سستی و خاووبوونەوە دەچێت و لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە ڕووسیا ناتوانێت پێ بە پێی وڵاتانی دیکە پێش بکەوێت و پەرە بستێنێت، ئێوە بڕوانن ڕووسیا ویستی کەشتییەك هەڵبدات بۆ سەر مانگ، بەڵام نەیتوانی و شکستی هێنا، لە کاتێکدا هیندستان لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو بوو.

*** هەمیشە باس لەوە دەکرێت ئەگەر ڕووسیا هەست بکات نزیکە لەوەی شەڕەکە بدۆڕێنێت، ئەوا پەنا بۆ هەڵکشانی بارودۆخەکە دەبات و ڕەنگە بیر لە بەکارهێنانی چەکی ناوکییش بکاتەوە، لەم ڕووەوە تێڕوانینی ئێوە چییە؟**

- ڕووسیا ڕانەوەستا لە هەڵکشاندنی بارودۆخەکە، بەڵام ئەوەی بەدی کراوە پێی دەگوترێت هەڵکشانی ئاسۆیی، کە هەڕەشەی لە پۆڵەندا کردووە و لە ڕێککەوتنی تایبەت بە دانەوێڵە کشایەوە، ئەوەی پەیوەست بێت بە پەنابردنەبەر بەکارهێنانی چەکی ناوکییەوە، ئەوا پێم وانییە ڕووسیا بیر لەم ڕێگە چارەیە بکاتەوە، چونکە بەکارهێنانی ئەم چەکە بەو مانایە دێت کە ناتۆ دێتە نێو شەڕەکەوە و ئەو کاتە ڕووسیاش ڕووبەڕووی هێرشی ناوکی دەبێتەوە و ناتوانێت شەڕەکە بباتەوە.

**ئەم شەڕە کاولکاری و وێرانکارییەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لەو باوەڕەدام لە کۆتاییدا ئۆکرانیا لە شەڕەکەدا سەرکەوتوو دەبێت**

**هۆکاری پێداگریی ڕووسیا لەسەر درێژەدان بە شەڕەکە ئەوەیە کە سەرۆک ڤلادمیر پوتین پێی وایە ئەگەر پەنا بۆ گفتوگۆ ببات، ئەمە بە مانای شکست دێت و خۆ ئەگەر لە شەڕەکەشدا تووشی دۆڕانێکی تەواو ببێتەوە، ئەوا لە بارودۆخێکی خراپتردا خۆی دەبینێتەوە**

**بە هیچ شێوەیەک ئەگەری ئەوە لە ئارادا نەبوو کە ناتۆ بەرفراوان بێت و ئۆکرانیاش لەخۆ بگرێت، دەقاودەق لەبەر ئەوەی نەیاندەویست دوژمنایەتی ڕووسیا بورووژێنن**

**بە هێرشکردنی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا ئەوە سەلمێندرا کە پێویستە ئۆکرانیا ببێتە ئەندامی ناتۆ، چونکە ئەمە تاکە بەدیلی ئاسایشی نەک تەنیا ئۆکرانیا، بەڵکو تێکڕای وڵاتانی دەوروبەری ئۆکرانیایە لە بەرانبەر ئیمپریالیزمی ڕووسیا**

# ئاڤ و گرنگیا وێ د ناڤا ئابووریێ دا

ئاڤ متایەکێ گرنگە، ئەو ئێکەم و سەرەکیترین ژێدەرە بو ژیانێ و خالا سەرەکی یە بو گەشەیا ئابووری ل هەر وەلاتەکی، ب ئەگەرێ گوهرینێن سەقا و کەشوهەوا و گوهرینێن نێڤ دەولەتی و هەرێمی و زێدەبوونا گەشەیا مروڤی و بەرەڤ پیشەسازیا جڤاکان و بکارئینانا بێ ئەندازە یا ژێدەرێن سروشتی د ئەڤرو دا ل سەر ئاستێ جیهانی بابەتێ گرێدای ئاڤێ بوویە جهێ نیقاشا مروڤاتیێ.

عیراق و دگەل دا هەرێما کوردستانێ ل سەر هێلا گەرم یا کێم ئاڤیێ نە و ئاڤا وان د دەستێ وەلاتێن هەرێمی دایە و ل ژێر کونترولا ڤان هەر دوو حکومەتان نینە و ئەڤە ژی دبیتە ئەگەر کو دگەل دەربازبوونا دەمی عەردێ عیراقێ زێدەتر دبیتە بیابان و مەترسیێن مەزن ل پاش خو دهێلیت.

د ئەڤرو یا خودا وەلاتێن جیران بو عیراقێ، ئاڤێ وەك چەکەکێ سیاسی ل هەمبەری وێ بکار دئینن و کار دکەن کو ب رێکا ئاڤێ بشێن سیاسەتێن خو ل ڤی وەلاتی بنەجهـ بکەن ژ وان ژی تورکیا و ئیران ئەڤ دوو وەلاتە ب گرانی خودان پێگەهـن ل عیراقێ چ ژلایێ داگیرکاریا سیاسی بیت یان ژی داگیرکاریا ئابووری بیت، تایبەتمەندێن بیاڤێ ئاڤێ چەندین پێناسە دانە ڤی تێگەهی و وان پێناسا تێگەهێ سیاسی ب ڤی ئاوایی دایە روونکرن: بکارئینانا ئاڤێ وەك کارتەکێ فشارێ بو چارەسەریا کێشەیێن دیتر کو ئەڤە ژی خو د ناڤا سێ حالەتان دا دبینن و ژ وان (سازش و هەرەشە، نەچارکرن و دەست دانانە سەر).

لەوما تورکیا ب هێجەتا هند هێزێن چەکدار و بالادەستیا سیاسەتا وەلاتەکێ هەرێمی ل سەر عیراقێ چەکێ ئاڤێ ل دژی ڤێ کومارێ بکاردئینیت و ئیران ژی ب هێجەتا بالادەستیا هێزێت شیعە و کێمکرنا پێگەهێ ئەمریکا و نەهێلانا دەلیڤێ بو زێدەبوونا هەژموونا تورکیا چەکێ ئاڤێ ل دژی عیراقێ بکار دئینیت.

رێڤەبرنا سیاسەتا ئاڤێ و چاوانیا سەرەدەریا وێ ژ لایێ هەر دوو وەلاتێن تورکیا و ئیرانێ ڤە بوویە ئەگەر کو هێدی هێدی عیراق بەرەڤ هشکبوونا ژێدەرێن خو یێن ئاڤێ بچیت و ئەڤە ژی مەترسیە ل سەر چولکرنا گوند و کومەلگەهـ و باژێرێن بچیك د نوکە دا و د دەمەکێ نێزیك دا ئەڤ مەترسیە دێ گەهیتە باژێرێن مەزن ژی کو دەستپێکێ دێ ل ناڤەراست و باشوورێ عیراقێ ئەڤ دیاردە هێتە دیتن، و کێمبوونا ئاڤێ و هشکبوونا ریبارێن عیراقێ ژ بلی چولکرنا باژێر و گوندان مەترسیا برسیبوونێ ژی دێ ل دویڤ هێت، چونکی ئەو چاندنا کو ل عیراقێ هەی ژی دێ کەڤیتە د ناڤا مەترسیێ دا و د گەل ڤان هەر دوو خالان، گەرمبوونا عەردێ عیراقێ و زێدەبوونا بەرەڤ بیابانیبوونێ ل عیراقێ دێ زێدەتر لێهێت و د ئەڤ سالەدا واتە ٢٠٢٣ چەند باژێرێن عیراقی گەرمترین باژێرێن جیهانی بوون، کو ب راستی مەترسینە.

تورکیا ژ وان وەلاتێن بالادەستە ل سەر ئاڤا عیراقێ کو هەر دوو ریبارێن دیجلە و فورات و پتریا لقێن وان و هەر دوو ریبارێن زیێ مەزن و خابوور ژێدەرێ وان ل وەلاتێ تورکیایە دگەل ئاڤاکرنا پروژێ گاپ ئەڤ وەلاتە دخازیت ب تمامی دەست دانیتە سەر ئاڤا دیجلە و فورات و پاشان ب رێکێن ئاڤاکرنا باژێرێن مەزن بو تورك زمانان، هژمارا کوردان ل باژێرێن باکوورێ کوردستانێ کێمکەت و ئیران ژی ب هەمان سیاسەتا تورکیا یا بالا دەستە ب سەر چەندێن ریبارێن عیراقێ ژ وان ژی ریبارێ سیروان و زیێ بچیك و ئەڤ وەلاتە ژی خودان ئارمانجێن خو یێن سیاسیە بو عیراق و هەرێما کوردستانێ.

د ئەڤرو دا عیراق د ناڤا لیستا وان وەلاتان دا

**دڤێت د ئەڤرو دا ئابوورا ئاڤێ و چاوانیا سەرەدەریکرنا وێ بکەڤیتە دناڤا بەرنامێ هەر دوو حکومەتێن هەرێما کوردستانێ و حکومەتا ناڤەند دا و ب پلانێن کورتخایەن و ناڤنجی و درێژخایەن کار ل سەر ڤێ سەرمایا مروڤی بهێتەکرن**



**سەردار هێتوتی**

ماستەر ب ئابوورا وزێ

بۆ گولانێ نووسیوە

جهـ دگریت کو توشی نەخوشیا کێم ئاڤیێ بوویە و ئابوورا ئاڤێ گرێدای چاوانیا بەرهەم ئینان و دابەشکرن و بکارئینانا وێ ڤەیە، دەما ئاڤ وەکی ژێدەرەکێ ئابووری جهێ خو دناڤا لیستا ژێدەرێن پێدڤی یێن مروڤی جهـ دگریت ل وی دەمی دبیتە متایەکێ پر بها و دڤێت لایەنێ وێ یێ مروڤی و بهایێ وێ یێ سروشتی ل بەر چاڤا بهێتە وەرگرتن، لەوما ب پلان و ب هەڤرا هەر دوو حکومەتێن هەرێما کوردستانێ و حکومەتا فیدرال یا عیراقێ دڤێت کار بکەن بو کێمکرن و پاشان نەهێلانا هەدەردانا ئاڤا شرین و بەردەستکرنا ئاڤا ڤەخارنێ بو خەلکی ل هەمی دەڤەران و پاشان ب رێکێن سەردەم سەرمایەگوزاری د ناڤا ئاڤێ دا بهێتەکرن و ئەگەر حکومەت نەشیا سەرەدەرییێ دگەل ئاڤا خو بکەت کەرتێ ئاڤێ بکەڤیتە ژێر چاڤدێریا لایەنێن تایبەتمەند و ب رێکا کەنالێن گەهاندنێ و میدیایی هشیاریا سەرەدەریکرنێ دگەل ئاڤێ بو رایا گشتی بهێتە دان ئەو ژی ب رێکێن سەردەم.


ئەگەر ئەم لایەنێ چاندنییێ ژی ل عیراقێ بەرچاڤ وەرگرین، دگەل کو ب وی داهاتێ چاندنییێ کو ل عیراقێ و هەرێما کوردستانێ دهێتە شینکرن، نەشیایە پێدڤییێن ناڤخو دابین بکەت لێ ب دوو رێکا هەر دوو حکومەت دشێن پاراستنێ ل سەر ئاڤا خو بکەن ئەو ژی چێکرنا رێکێن سەردەمانە یێن ئاڤدانێ داکو کێمترین ئاڤ ب هەدەر بچیت و پاشان کریا ئاڤدانێ چاڤخشاندنێ ل سەر بکەت چونکی هندا کێم و بێ بهایە کو جوتیار چ جاران د هزرا پاراستنا ئاڤێ دا نینە.

دڤێت د ئەڤرو دا ئابوورا ئاڤێ و چاوانیا سەرەدەریکرنا وێ بکەڤیتە دناڤا بەرنامێ هەر دوو حکومەتێن هەرێما کوردستانێ و حکومەتا ناڤەند دا و ب پلانێن کورتخایەن و ناڤنجی و درێژخایەن کار ل سەر ڤێ سەرمایا مروڤی بهێتەکرن چونکی خودانا مەزنترین پێگەهێ مروڤی یە و دەما کو هەر دوو حکومەت نەشیان مەزناهیا ڤی پێگەهی و مەترسییێن ل سەر رێکا وێ و فشارێن دەولەتێن هەرێمی بو خەلکی زەلال بکەن و چاوانیا پاراستنا ڤی سەرمایێ مروڤی بگەهینن ناڤا هەر مالەکێ، دێ هژمارەکا مەزنتر ژ خەلکێ عیراقێ توشی مەترسیا کێم ئاڤییێ و هشکەسالییێ بن.

لەوما ل ڤێرە ب فەر دبینم کو هەر دوو حکومەتێن هەرێما کوردستانێ و حکومەتا ناڤەندی یا فیدرالی ل عیراقێ، ژوورەکێ بو چاوانیا سەرەدەریکرنێ دگەل ئاڤا عیراقێ ئاڤاکەن و ب بەرنامە کار بو ئاڤاکرنا بەنداڤێن مەزن و یێن بچیك و بەنداڤێن گرێدای چاندنییێ بکەن دا کو بشێن رێکێ ل بەر هشکبوونێ و کوچبەرییێ و بیابانبوونێ بگرن و د هەمان دەمدا گەرمبوونا باژێرێن عیراقی ژی ب خو مەزنترین گەفە ل سەر پاشەروژا ڤی وەلاتی.

**ل سەر حکومەتا فیدرال مەرجە کو ب رێکا کارتێن خو یێن دبلوماسی و هەبوونا وێ دناڤا ناڤەندێن جیهانی و نیڤدەولەتی دا کار بکەت بو نەهێلانا فشارێن هەر دوو وەلاتێن تورکیا و ئیرانێ**

هەروەسا ل سەر حکومەتا فیدرال مەرجە کو ب رێکا کارتێن خو یێن دبلوماسی و هەبوونا وێ دناڤا ناڤەندێن جیهانی و نیڤدەولەتی دا کار بکەت بو نەهێلانا فشارێن هەر دوو وەلاتێن تورکیا و ئیرانێ و بەردانا پشکا عیراقێ ژ ریبارێن خودان پێناسەیێن نێڤدەولەتی و خو دیرئێخستنا حکومەتا ناڤەندی ژ ململانیکرنێ دگەل حکومەتا هەرێما ل سەر برگێت گرێدای ئاڤێ چونکی ئەڤە دبیتە رێخوشکرنەکا باشتر بو وەلاتێن جیران کو زێدەتر کومارا فیدرال یا عیراقێ نەچار بکەن پێگیرییێ ب مەرجێن وان بکەن ژ بو کێمکرنا سەنگ و بەهایێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ، ئەڤە ژی هەمی ژ پێخەمەت نەهێلانا پرسگرێکێن ل هەمبەر ئاسایشا خارنێ ل عیراقێ.



# لە دوو داهێنانی نوێدا ڕۆبۆتی دیاریکردنی دزەکردنی غاز و ڕێژەی شێ لە هەوادا دروست کرا



محەمەد عارف:

## دیاریکردنی ڕێژەی دزەکردنی غاز لە دوورەوە لە ڕێگەی ڕۆبۆتی ئۆتۆمبێل کۆنترۆڵکراو داهێنانێکی نوێیە

فەهد ماجد:

## لە ڕێگەی ئەم داهێنانەوە لە دوورەوە ڕێژەی شێ لەناو کۆگاکانی دەرمان و خۆراکدا دەستنیشان دەکرێت

کۆمەڵێك گەنجی زانکۆی تیشك لە داهێنانێکی نوێدا توانییان بە پێداویستییەکی کەمی سنووردار دوو داهێنانی نوێ بدۆزنەوە و لە ڕووی کردارەوە جێبەجێی بکەن، ئەویش پرۆژەی ڕۆبۆتی دیاریکردنی دزەکردنی غازی مەترسیداری LPG و دیارکردنی ڕێژەی شێ و بەرزونزمیی پلەی گەرما لە دوورەوە، ئەم دوو داهێنانە گرنگییەکی زۆری بۆ پاراستنی ژینگە و سەلامەتیی مرۆڤ و تەندروستیی هاووڵاتیان هەیە. بیرۆکە و داهێنانی یەکەم کە بریتییە لە دیاریکردنی غازی دزەکراو، لە ڕێگەی ڕۆبۆتێکی ئۆتۆمبێلەوەیە کە دەتوانرێت لە سێرڤەری وێب ڕووکاری بوونی غاز و کۆنترۆڵی دزەکردنی غاز بکرێت کە بۆ ژینگە و سەلامەتی زۆر گرنگە. داهێنانی دووەمیش کە تایبەتە بە دیاریکردنی ڕێژەی شێ و پلەی گەرما لە هەوادا، ئەمیش بۆ پاراستنی ئاستی پلەی گەرما و شێ لە کۆگاکانی دەرمان و ئارد و خۆراکدا زۆر پێویستە. گۆڤاری گوڵان بۆ بەدواداچوونی ئەم دوو داهێنانە لەگەڵ حەوت دەرچووی زانکۆی تیشك کە پێکەوە ڕۆڵیان هەبووە لە بیرۆکە و داهێنانەکەدا ڕاپۆرتێکی ئامادە کردووە.

**گەنجەکانی ناو زانکۆکانی کوردستان خاوەنی داهێنان و بیرۆکەی زۆر جوانن، زۆر لەو بیرۆکە و داهێنانانە تەنانەت لە وڵاتانی دونیادا بەو رادەیە نییە**

**داواکارم رێکخراوەکان و دامەزراوەکانی حکومەت پاڵپشتیمان بکەن و بیرۆکە و داهێنانەکەمان پێش بخرێت و پەرەپێدانی تێدا بکرێت**

**جێگەی داخە لە هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی تایبەت بە داهێنان و پەرەپێدانی ئەم داهێنانە نییە**

**بیرۆکەکە و داهێنانەکە لە قۆناغی سەرەتادایە و پێویستە زانکۆکەمان پێشکەشی لایەنی پەیوەندیداری بکات و پاڵپشتیمان بکرێت**

سەرەتا چەند پرسیارمان لە محەمەد عارف دەرچووی بەشی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر لە زانکۆی تیشک کرد، کە لەگەڵ سێ قوتابیی هاورێی توانیویانە رۆبۆتێك دروست بکەن، سەبارەت بە بیرۆکەی داهێنانەکە گوتی: «ساڵی رابردوو لە چەند تەقینەوەیەکی دزەکردنی غازی LPG کە لە سلێمانی و دهۆك روویان دا، ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیان بوونە قوربانی و رووداوێکی جەرگبڕی لێ کەوتەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ناچار بوو، بەکارهێنانی ئەم جۆرە شێوازەی خۆگەرمکردنەوە، یان بەکارهێنانی رابگرێت، بەراستی کارەساتێکی گەورە بوو کە غازی دزەکراو جگە لە بەهێزیی تەقینەوەکەی ژمارەیەکی زۆری قوربانیی لە منداڵ و ئافرەتانیش لێکەوتەوە، لە کاتێکدا لە رووی ئابوورییەوە بەکارهێنانی ئەم غازە زۆر سوودی هەیە و تێچوویەکی کەمتری لە شێوازەکانی دیکەی بەکارهێنانی سووتەمەنیدا هەیە و پاك و خاوێنتریشە، بۆیە بە سەرپەرشتیی دکتۆر گۆران عەبدولڕەحمان، من لەگەڵ دوو هاورێی دیکەم بە ناوەکانی (محەمەد ئازاد و برووسك باسیل) بیرمان لە دروستکردنی داهێنانێك کردەوە کە لە دوورەوە غازی هەستەوەر دیاری بکات، ئەم بیرۆکەیە پێشتر هیچی لەسەر نەکراوە، کە بە کۆنترۆڵ لە دوورەوە، یان لە رێگەی جووڵاندنی رۆبۆتەکەوە لە سەر مۆبایلەکە هاتوچۆ و گەڕانی رۆبۆتەکە کۆنترۆڵ بکرێت و ئۆتۆمبێلەکە وەکو بەکارهێنەرێکی دۆستانە سوودی لێ وەربگیرێت و بەوەش دزەکردنی غازەکە و رێژەکەی بدۆزینەوە و لە کاتی دزەکردنی غازەکەشدا تیمەکانی پشکنین سەلامەت بن، دیاریکردنی دزەکردنی غازی LPG کە زۆر مەترسیدارە بە برۆتۆز لەسەر مۆبایلی خۆمان دروستمان کردووە و رۆبۆتەکە کامێرای لە سەرە و کاتێك دەنێردرێتە ناو بیناکە لە ماوەی ٥٠-٦٠ مەتر دەتوانرێت کاری پێ بکرێت، جگە لەمەش دەتوانرێت هاوولاتیان لە ناو ماڵەکانیاندا ئەم رۆبۆتە بەکار بهێنن و رێژەی دزەکردنی غازەکە دیاری بکرێت و لە مەترسییەکانی دوور بکەونەوە، دیاریکردنی سیستمی لە دوورەوە کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن و ئاگادارکردنەوەی غازی بەفیڕۆچوو، یان ئەوەی پێی دەگوترێت دزەکردنی غاز، دەکرێت لە دوورەوە فەرمان بە رۆبۆتەکە بدرێت و کامێرا و ئامێری پشکیننی هەیە و تەنانەت لە کاتی شەو و لە ناو تاریکیشدا لایتی لە سەرە و رێگەکانی رۆشن دەکاتەوە».

محەمەد عارف سەبارەت بە گرنگیدان بەم داهێنە و پاڵپشتیکردنیان گوتی: «گەنجەکانی ناو زانکۆکانی کوردستان خاوەنی داهێنان و بیرۆکەی زۆر جوانن، زۆر لەو بیرۆکە و داهێنانانە تەنانەت لە وڵاتانی دونیادا بەو رادەیە نییە، ئێمە سوپاسی مامۆستا گۆران و تیمی پەیوەندیداری بەشەکەمان دەکەین، کە هاوکار و پاڵپشتمان بوون، داواکارم رێکخراوەکان و دامەزراوەکانی حکومەت پاڵپشتیمان بکەن و بیرۆکە و داهێنانەکەمان پێش بخرێت و پەرەپێدانی تێدا بکرێت، بەتایبەتی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و تیمەکانی فریاکەوتنی شارستانی و بگرە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە دەتوانێت جگە لە دانانی لە ناو ئەو ماڵانەی سیستمی غازی LPG بەکاردەهێنن، یان لە فرن و سەمونخانەکان و هۆتێلەکان و بینایە بەرزەکان سوود لە دانانی ئەم رۆبۆتە وەربگرن بۆ دیاریکردنی دزەکردنی غاز و هاوکات سەلامەتیی هاوولاتیان و کرێکاران بپارێزن، جێگەی داخە لە هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی تایبەت بە داهێنان و پەرەپێدانی ئەم داهێنانە نییە».

هەر لە هەمان زانکۆی تیشك چەند دەرچووی بەشی ئەندازیاری بە ناوەکانی (فەهد ماجد، ئەمیر ئیحسان، محەمەد جەلیل و هەمیسە ناتیق) توانیویانە داهێنانێکی دیکە بکەن بۆ دیاریکردنی رێژەی شێ، کە بۆ پاراستنی کۆگەکانی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان و زۆر بەرهەم و کاڵای دیکەی ناو کۆگاکان پێویستە، لەم بارەیەوە فەهد ماجد گوتی: «دکتۆر سامان میرزا سەرپەرشتیی داهێنانەکەی کردووە و بیرۆکەی داهێنانەکەشمان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە زۆربەی کۆگاکانی دەرماندا بە هۆی بەرزیی رێژەی شێ، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا زیانێکی گەورە بە دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان دەگات، بۆیە ئێمە بیرمان لەوە کردەوە، لە رێگەی هەستەوەرێکەوە ئەم ئامێرە دروست بکەین کە کاریگەریی زۆری هەیە بۆ دەستنیشانکردن و ئاگادارکردنەوەی ئەو دەرمان و پێداویستییە پزیشکییانەی دەکەونە بەر

کاریگەریی بەرزیی پلەی گەرمی، یان بەرزیی ڕێژەی شێ لە هەوادا، ئەم هەستەوەرەش لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بەستراوەتەوە بە ئەنتەرنێتەوە و لەوێشەوە لە ڕێگەی وێبسایتێکەوە زانیارییەکانی پلەی گەرما و ڕێژەی شێ کە چەندە و ئەگەر زیاد بێت، یان کەم بێت، ئاگادارمان دەکاتەوە، هەر خۆی لە خۆیدا ئەم بابەتە بۆ لایەنی تەندروستی زۆر گرنگە کە دەتوانرێت لە هەموو کۆگاکانی دەرمان و خۆراك و ئارد و زۆر بابەتی دیکە سوودی لێ وەربگرن، کە بە پلەی گەرمای بەرز، یان بە بوونی ڕێژەی شێی زۆر لە هەوادا تێك دەچن، هەرێمی کوردستانیش کە بەوە ناسراوە زستانی سارد و شێدارە و هاوینی گەرم و وشکە و پلەکانی گەرمان لە درێژایی ساڵدا زۆر جیاوازیی تێدایە، لە ڕێگەی دانانی ئەم ئامێرەوە لە دوورەوە لە ڕێگەی ئەو وێبسایتە و بە سوودوەرگرتن لە هێڵی ئەنتەرنێت، پێمان دەڵێت پلەی گەرمای کۆگاکە بەرزە، یان ڕێژەی شێ لە هەوادا لەو کۆگایە تا چەند بەرزە، بۆیە ڕاستەوخۆ هەر لە دوورەوە لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە پلەکانی ساردکەرەوەکە، یان سپلیتەکە بەرز و نزم دەکرێتەوە، ئەمەش بڕە پارەیەکی زۆر بۆ خاوەن کۆگاکان دەگەڕێتەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا بۆ چاودێریکردنی پلەکانی گەرما و ڕێژەی شێ لە هەوادا، پێویستمان بە کارمەندێك نییە، سەرقاڵی ئەم کارە بێت و تەنانەت هەڵەی مرۆڤ بەراورد بە ئامێر زۆر زیاترە و تێچوونیشی بەرزترە، بۆ حاڵەتی بچڕانی تەزووی کارەبا ئەم ئامێرە لە ڕێگەی باترییەکی بارگاویکردنەوە بەردەوام دەبێت لە کارکردن بۆ ماوەیەکی باش و لەسەر ئەنتەرنێت ٢٤ کاتژمێر زانیاری و داتامان دەداتێ».

گوتیشی: «ئێمە تێبینیمان کردووە لە زۆر لە کۆگا گەورەکانی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان، یان کۆگاکانی هەڵگرتنی خۆراکی وەکو ئارد و زەیت و دۆشاوی تەماتە و سەرجەم خواردەمەنی و خۆراکەکانی دیکەی قوتوبەند، کە لە کاتی ئەمبارکردنی پلەی بەرزی گەرمی و ساردیی شوێنەکە، زیانی گەورەیان بەردەکەوێت، لەسەر زۆر کاڵا و خۆراك بەتایبەتی لە قوتوبەندەکان نووسراوە کۆمپانیا بەرپرس نییە لەسەر خراپ ئەمبارکردنی، واتا مەرج نییە ماددەیەکی خۆراکی کە ماوەی بەسەرچوونەکەی لەسەر نووسراوە و بە هەڵە ئەمبار کراوە، ئەو ماددەیە خراپ نەبێت، ئێمە ئامانجی داهێنانەکەمان بۆ کۆگاکانی دەرمان و خۆراك باس کردووە، بەڵام دەکرێت ئەم ئامێرە بۆ سۆپەرمارکێت و دووکان و تەنانەت لە ماڵەکانیشدا دابنرێت و پلەکانی گەرما و ڕێژەی شێ لە هەوادا دیاری بکرێت و کۆنترۆڵیشی بکەین، بیرۆکەکە و داهێنانەکە لە قۆناغی سەرەتادایە و پێویستە زانکۆکەمان پێشکەشی لایەنی پەیوەندیداری بکات و پاڵپشتیمان بکرێت، بۆ نموونە ئێمە ئەو ئامێری هەستیارانەی بەکارمان هێناوە، ئامێری ئاسایین، لە کاتێکدا لە بازاڕەکاندا ئامێری هەستیاری زۆر باش و گران هەیە، کە ڕەنگە لە توانای ماددی ئێمەدا نەبووبێت تا ئەم ئامێرە پێشکەوتووانە بەکار بهێنین، لە کاتێکدا ئەگەر دەزگایەك، یان دامەزراوەیەکی حکوومی، یان کەرتی تایبەت هەبێت و پاڵپشتیی پڕۆژەکە و پەرەپێدانمان بکات، ئەوا داهێنانەکەمان زۆر باشتر دەکەین. ئێمە وەکو قوتابیی دەرچووی زانکۆی تیشك سوپاسی مامۆستا بەڕێزەکانمان دەکەین، کە پاڵپشتیی ئەم داهێنان و بیرۆکانەمان دەکەن، بەڵام ئەوانیش توانای داراییان کەمە، پێویستە ئێمەش وەکو وڵاتانی پێشکەوتوو دەزگا و تاقیگە و دامەزراوەی پێشکەوتوومان هەبێت، کە پاڵپشتی گەنجان بکەن لە داهێنانی نوێ و پەرەپێدانی داهێنانەکانیان، کە دەکرێت ئەم داهێنانانە لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و لە ناو کۆمپانیا بەناوبانگە جیهانییەکاندا مافی موڵکداریی داهێنانەکەمان دەست بکەوێت و خزمەتی بەشەرییەت و زۆر سێکتەر و بواری جۆراوجۆری پێ بکرێت، لە زانکۆکەماندا قوتابی هەبووە داهێنانێکی گەورەی هەبوو وەك بەکارهێنانی دەستی دەستکرد، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەت و کەرتی تایبەتەوە گرنگیی پێ نەدرا، لەکاتێکدا ئێمە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکانی کوردستان چەندین سەنتەرمان هەیە، بەڵام نەمبینیوە ئەم سەنتەرانە بتوانن گرنگی بە بیرۆکە و داهێنانەکان بدەن، لەمەشدا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنیش کەمتەرخەم بوون، ئێستاش من سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە گرنگی بەم دوو داهێنانە دەدات.

**ئەو ئامێری هەستیارانەی بەکارمان هێناوە، ئامێری ئاسایین، لە کاتێکدا لە بازاڕەکاندا ئامێری هەستیاری زۆر باش و گران هەیە، کە ڕەنگە لە توانای ماددی ئێمەدا نەبووبێت تا ئەم ئامێرە پێشکەوتووانە بەکار بهێنین**

**ئێمە وەکو قوتابیی دەرچووی زانکۆی تیشك سوپاسی مامۆستا بەڕێزەکانمان دەکەین، کە پاڵپشتیی ئەم داهێنان و بیرۆکانەمان دەکەن**

**پێویستە ئێمەش وەکو وڵاتانی پێشکەوتوو دەزگا و تاقیگە و دامەزراوەی پێشکەوتوومان هەبێت، کە پاڵپشتی گەنجان بکەن لە داهێنانی نوێ و پەرەپێدانی داهێنانەکانیان**

**لە زانکۆکەماندا قوتابی هەبووە داهێنانێکی گەورەی هەبوو وەک بەکارهێنانی دەستی دەستکرد، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەت و کەرتی تایبەتەوە گرنگیی پێ نەدرا**

## تەیب عەبدولعەزیز

بەڕێوەبەری چاکسازیی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێر:

# کەیسەکانی ماددەی هۆشبەر یەکێکە لەو کەیسانەی کە ڕوو لەزیادبوونە

**تەیب عەبدولعەزیز ئەحمەد بەڕێوەبەری چاکسازیی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێر، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان کۆی ئامار و زانیارییەکان دەخاتەڕوو، هەروەها بە ڕاشکاوی باس لە ڕەوشی چاکسازیی ئافرەتان و نەوجەوانان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** ئایا لە ئێستادا چەند کەیس لەم چاکسازییەدا هەن و ماددەی حوکم و ڕاگیرانەکانیان زیاتر چین؟**

-کەیسەکانمان بریتین لە نەوجەوان و ئافرەتان بە حوکم ڕاگیراو، بە حوکمی ئەوەی لێرە ڕاگیراومان هەیە، ڕۆژانە ژمارەی کەیسەکانمان لە گۆڕانکاریدایە، هۆکاری دەستبەسەرکردنیان بە تەواوی شتێکی دیاریکراو نییە، بەڵام کەیسەکانی ماددەی هۆشبەر یەکێکە لەو کەیسانەی کە ڕوو لەزیادبوونە، هەروەها کەیسەکانی دزی و ناپاکیی هاوسەریش زۆرن، لە ئێستادا بە نەوجەوان و ئافرەتانەوە ٣٠٧ کەیسمان هەیە، بەمجۆرە پۆلێن کراوە:

١٧٠ ڕاگیراوی ئافرەت و ٤٤ سزادراوی ئافرەت، ٦٩ ڕاگیراوی کوڕی نەوجەوان و ٢٥ سزادراوی نەوجەوانی کوڕ، ٣٤ منداڵ لەگەڵ دایکیاندا لە چاکسازیدان.

*** ئایا لە ڕووی خزمەتەوە لەناو چاکسازیدا چی بۆ ئەو منداڵانە دەکرێت؟**

- ئەو منداڵانەی لەگەڵ دایکیانن، ئەمە کێشەیەکە و بەردەوام ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بۆ هۆکارەکانی ئەمەش زۆر جار لەگەڵ دادوەرەکان، یان لەگەڵ بنکەکان کارمان لەسەر کردووە، کە هەر کەسێك تاوانبارە و دەگیرێت، لەلای خۆتانەوە هەوڵ بدەن منداڵەکانیان تەسلیمی کەسوکاریان بکرێت، بەڵام ئافرەتان ڕێژەیەکی زۆریان کەسوکاریان نییە، ناچار منداڵەکیان دێنە ناو چاکسازییەکەوە، ئێمەش لە ڕێگەی خۆمانەوە بەردەوام هەوڵ دەدەین خزمەتیان بکەین و، کۆمەڵە منداڵێکیشمان ڕەوانەی خانەی بێسەرپەرشتان کردووە. هەتا ئێستا لەو ٣٤ منداڵە نزیکەی ١٢ منداڵمان ڕەوانەی خانەی بێسەرپەرشتان کردووە، ئەوەش بە زۆر ناکرێت و دەبێت قەناعەتەك بۆ ئەو دایکە دروست بکەین، بەوەی چاکسازی بۆ منداڵ ژینگەیەکی تەندروست نییە، تەنانەت ئێمە بە یاساش ناتوانین ئەو منداڵانە بخەینە بەر خوێندن، خوێندن لەناو چاکسازییەکەماندا تەنیا بۆ تاوانبارەکانە، ئەو منداڵانەش کە لەگەڵ دایکیانن تاوانبار نین، ئێمە ناتوانین هەلی خوێندنیان بۆ دەستەبەر بکەین، بەڵام لە هەوڵداین لەگەڵ دایکەکان بۆ ئەوەی ڕازی بن، منداڵەکان ڕەوانەی خانەی بێسەرپەرشتان بکەین،



هەروەها لە ڕێگەی داواکاری گشتی لە هەوڵداین تاوەکو بە یاسا کارەکان ڕێك بخەین، بە پێی یاسا ئەو منداڵانەی لە خوار تەمەنی سێ ساڵن، دەتوانن لەگەڵ دایکیان بن، بۆ ئەوانەش دایەنگەیەکمان دروست کردووە، لەگەڵ مامۆستا کە ڕۆژانە بەیانیان تا نیوەڕۆ لە دایەنگە بن، لە ڕووی دەروونییەوە توێژەرمان هەیە و مامۆستامان بەردەوام هاوکاریانن، ئەوەی کە بە لای ئێمەوە گرنگە، خوێندنەکەیە کە بە ڕاستی یاسا ڕێگە نادات کە بتوانین بیانخەینە بەر خوێندن، هەرچەندە ڕەنگە لەو ٣٤ منداڵە ١٠یان شمولی خوێندن بکەن. تەنانەت منداڵی بیانیشیان هەیە و ئەوانیش بەپێی یاسای عێراقی ناتوانن لە خوێندن سوودمەند بن.

*** چاکسازی و شیاندنی ئافرەتان و نەوجەوانان لە ناو چاکسازییەکەتاندا بە چ ئاراستەیەکدا خزمەتگوزارییەکان دەستەبەر دەکات؟**

- خزمەتگوزارییەکان زۆرن لێرە، بەڵام بەپێی سیستمی چاکسازی بۆ ڕاگیراو ناتوانین هەندێك شتیان بۆ بکەین، بەڵام بەردەوام لە ڕێگەی توێژەرانی دەروونی ڕێنمایی دەکرێن و ڕۆژانە لەگەڵ کەیسەکان دانیشتن ئەنجام دەدرێت. بەڵام بۆ سزادراوان بەرنامە و چالاکیی زۆر هەن کە بتوانین بۆ ئەو کەیسانەی بکەین، یەکێك لەوانە قوتابحانەیە کە لە پێش هەموو شتێکە کە بتوانین ئەو کەسەمان کە لەناو چاکسازییە بە تایبەت نەوجەوانان هەلی دووبارە خوێندنیان بۆ فەراهەم بکەین، ئەوەش یەکەم شت و گرنگترین شتە کە ئێمە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەداین بیانهێنینە بەر خوێندن و ژینگەیەکی لەباریان بۆ دەستەبەر بکەین، چونکە ئەوە یەکێکە لە تمووحە سەرەکییەکانمان. هەروەها لە پشووی هاوینەش بەردەوام خولی سوودبەخش بۆ ئافرەتان و نەوجەوانان دەکرێتەوە، لەوانە خولی مۆسیقا، دروومان و ئارایشتگە، هەروەها خولی زمان و فێربوونی ئاسنگەری و دارتاشی و میکانیکی وێڕای خولی لەشجوانی دەتوانین بڵێین تا ئاستێك هەموو ئاسانکارییەك بۆ بەندکراوەکان فەراهەم کراوە.

*** باسی خوێندنت کرد، ئایا بەندکراوەکان دەنێردرێنە قوتابخانەی ئاسایی لە دەرەوەی چاکسازی؟**

_ بە دڵنیاییەوە دەچێتە قوتابخانەی ئاسایی و لە کوێ دابڕاوە لەوێ دەست پێ دەکاتەوە، بە خۆشحاڵییەوە قوتابیی ئاست بەرزمان زۆرە و لە ئێستادا قوتابی قۆناغی دوازدەی ئامادەیی و قوتابی زانکۆمان هەیە، یەکێك لە قوتابییە ئافرەتەکانمان لە کۆلێژ دەخوێنێت و یەکێکە لە یەکەمەکانی سەر کۆلێژەکەی خۆی، ئەم ساڵ قۆناعی چوارە و حوکمەکەشی شەش ساڵە.

*** بەپێی قسەکانتان زۆرینەی کەیسەکان بە هۆی ماددەی هۆشبەرەوە دەستبەسەر کراون، ئایا ڕێژەکە لە نێو ئافرەتانیش زۆرە؟**

- کەیسی ماددەی هۆشبەر هەم لە حوکم و هەم لە ڕاگیراو کەیسمان هەیە و لەناو ئافرەتان زیاترە وەك لە نەوجەوان، ئەوانەی ئێمە لەناو زیندان زیاتر ماددەکە بەکار دەهێنن کە پێیان دەوترێت قوربانی، ئافرەت هەیە هاوسەرەکەی فێری ماددەی هۆشبەری کردووە لە پێناو ئەوەی لە ماڵە خەسوو و خەزوورانی ئاشکرا نەبێت، هەمانە خۆشەویستەکەی تووشی کردووە، بەڕاستی ئافرەت و منداڵ قوربانیین، ناتوانم بڵێم تاوانبارن، چونکە ئەوانەی ئەو ڕێگەیەیان پیشان دەدات، گەورەکانن» چونکە زەحمەتە بتوانن ئەو ڕێگەیە ببیننەوە هەتا ڕێنیشاندەریان نەبێت، دیارە بەپێی یاسا بەکارهێنەر کە قوربانییە و ئالوودە بووە حوکمەکەی لە بازرگانەکان کەمترە.

ئێستا خۆشبەختانە وا خەریکە سەنتەرەری چارەسەری قوربانییانی ماددەی هۆشبەر تەواو دەبێت، کە سەنتەرێکی پزیشکی چارەسەر سازە بۆ ئەوانەی بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر بوون، لەوێ وەکو نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، نەك وەك تاوانبار، ئێستاش لایەنی جێبەجێکاری پڕۆژەکە خەریکن کارمەندەکانیش دابمەزرێن.

*** بۆ چارەسەری کەیسەکانی ماددەی هۆشبەر بەتایبەتی چیتان کردووە؟**

- ئێمە خولمان هەیە، توێژەری دەروونیمان هەیە، هەماهەنگیمان هەیە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر کار دەکەن، زیاتر بۆ ئەوانەی کە بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن، لێرە بەردەوام دیتنی کەیس هەیە، لە وانەیە کەیسێك پێویستی بە دە حەفتە هەبێت، دانیشتنی لەگەڵ بکەین، خۆشبەختانە ڕێژەی دووبارەبوونەوەی تاوان لە ناو کەیسەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر زۆر کەم بووە،واتە کە لەلای ئێمە دەردەچن، ڕێژەیان زۆر زۆر کەمە کە دێنەوە، واتە لێرە ئەوشتانەمان بۆیان تەرخان کردووە، کە وادەکات تاکێکی تەندروست بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە. خۆشبەحتانە لە مەرحەڵەی سزادراوان بە هۆی ئەوەی لێرە زۆر سەرقاڵ دەکرێن بە ڕێنمایی و چاکسازی و خوێندنەوەی بەردەوامی کتیب، ڕەنگە لە ٩٩٪ دووبارەبوونەوە نییە، ئەوەش جێی دڵخۆشییە کە تاوانەکە نەکاتەوە، ئەوەشی کە هەمانە لەگەڵیان دابنیشی قەناعەتی لا دروست دەبێت.

*** وەکو دوا وتە دەتەوێت باسی چی بکەیت؟**

- بە خۆشحاڵییەوە لە بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێر هەموو خزمەت و پێداویستییەك تا ئاستێکی باش فەراهەم کراوە، بەڵام شوێنەکەمان زۆر بچووکە و زۆرجاریش باسمان کردووە و سەرووی خۆشمانمان لێی ئاگادار کردووەتەوە، کە شوێنەکان گونجاو نییە، بینایەکەمان هەم بچووك و هەم زۆر کۆنە، کاتی خۆی کە دروست کراوە، بە ستاندار بۆ سەد کەیس دروست کراوە، کەچی ئێستا زیاتر لە ٣٠٠ کەیسمان لایە، هەرچەندە کاتی خۆی لە ساڵی ٢٠٠٤ شوێنیشمان بۆ تەرخان کرا و دەست بە دروستکردنی کرا، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی ڕاگیرا، کە ئەوەش گرفتی سەرەکیی ئێمەیە.

**ئافرەتان ڕێژەیەکی زۆریان کەسوکاریان نییە، ناچار منداڵەکیان دێنە ناو چاکسازییەکەوە**

**هەتا ئێستا لەو ٣٤ منداڵە نزیکەی ١٢ منداڵمان ڕەوانەی خانەی بێسەرپەرشتان کردووە**

**خوێندن لەناو چاکسازییەکەماندا تەنیا بۆ تاوانبارەکانە، ئەو منداڵانەش کە لەگەڵ دایکیان تاوانبار نین، ئێمە ناتوانین هەلی خوێندنیان بۆ دەستەبەر بکەین**


**یەکێک لە قوتابییە ئافرەتەکانمان لە کۆلێژ دەخوێنێت و یەکێکە لە یەکەمەکانی سەر کۆلێژەکەی خۆی**

# خانمانی کەرکووک

## بوونی بەربژێری ئافرەت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەرزدەنرخێنن

بڕیارە لە ١٨ـی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەبچێت و، لە دوای ١٨ ساڵ هەمان هەڵبژاردن لە کەرکووك بکرێت. لەوەتەی عێراقی فیدراڵی دامەزراوە، لە کەرکووك تەنیا یەك جار هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بەڕێوەچووە، ئەویش لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو، کە تێیدا کورد زۆرینەی کورسییەکانی مسۆگەر کرد و، بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی یاسایی ئیدارەی پارێزگاکەی بە دەستەوە گرت.بۆ ئەمجارەش کورد لە کەرکووك بە فرەلیست بەشدار دەبن و بە یەك لیست بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەن، هاوکات لە ناو بەربژێرەکاندا ژمارەیەکی باش لە خانمانی بەتوانا خۆیان کاندید دەکەن و، بە گوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان نۆ ئافرەتی پڕئەزموون دەستنیشان کراون، ئافرەتانی بەشداربووی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان بوونی بەربژێری ئافرەت لەم پرۆسەیەدا بە پێویستییەکی هەنووکەیی دەزانن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**ئافرەتان بەشێکن لەو توێژەی مرۆڤایەتی کە کەمترین پشکیان لە دەسەڵات بەرکەوتووە و زیاتر ژێردەستە و چەوساوە بوون. یاسا و رێساکانی ئافرەتان نووسراو بن، یان نەنووسراو، بەردەوام لەلایەن پیاوانی دەسەڵاتدارەوە دارێژراون و دەسەڵات بەردەوام لە نێوان پیاوانی چینە جیاوازەکاندا دەستاودەست کراوە**



**بەربژێرکردنی خانمان و چوونە نێو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ ئێمە گرنگی ڕۆری هەیە**

**کەرکووک شارێکی بێ خزمەتگوزاری و شارێکی پشتگوێ خراوە، هەروەها هیچ مافێکی سەرەتایی ئافرەت دابین نەکراوە و هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی نەدراوە**

**ئێمەی ئافرەت ئەگەر هەلمان بۆ برەخسێت، دەتوانین زۆر باشتر لە پیاوان خزمەت بە خاک و گەل بکەین**

**گرنگە ئێمەی ئافرەتان نوێنەری خۆمان بنێرینە ئەنجومەن، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانین خزمەتێک بەم شارە و دانیشتووانەکەی بکەین و ئاوڕێک لە مافە سەرەتاییەکانیان بدەینەوە**

١٦ هاوپەیمانێتی و قەوارە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک خۆیان لە کۆمیسیۆن تۆمار کردووە. لەو هەڵبژاردنەدا، ٢٣ ملیۆن و ٣٦٧ هەزار و ٨١ کەس مافی دەنگدانیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ١٥ پارێزگای عێراق بە پارێزگاکانی کەرکووک و نەینەواوە، هەروەها کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئامادەکاری دەکات بۆ کردنەوەی حەوت هەزار و هەشت بنکەی دەنگدان کە ٤٧ هەزار و ٦٥٥ وێستگەی دەنگدان لەخۆ دەگرێت.

ئیڤان فەیسەڵ بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە ئەنجومەنی ئافرەتانی کەرکووک، ڕای وایە «ئافرەتان بەشێکن لەو توێژەی مرۆڤایەتی کە کەمترین پشکیان لە دەسەڵات بەرکەوتووە و زیاتر ژێردەستە و چەوساوە بوون. یاسا و ڕێساکانی ئافرەتان نووسراو بن، یان نەنووسراو، بەردەوام لەلایەن پیاوانی دەسەڵاتدارەوە داڕێژراون و دەسەڵات بەردەوام لە نێوان پیاوانی چینە جیاوازەکاندا دەستاودەست کراوە، بەڵام ئافرەتان لەم ئاڵوگۆڕەی سیاسەت و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و یاساداناندا بێبەش کراون و بەردەوام لە سیاسەتدا لە سێبەری پیاوانەوە ڕاوەستاون، بۆیە پاش تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ بەسەر مێژووی نووسراوی مرۆڤایەتیدا، ئافرەتان هێشتا بە مۆمێکەوە عەودالی مافەکانیانن و هەوڵەکانیان بەردەوامە، ئەویش بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو ڕووناکیی هەڵهێنن». هاوکات دەڵێت: «خۆبەربژێرکردنی خانمان و چوونە نێو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ ئێمە گرنگی ڕۆری هەیە، هەم لەڕووی دەروونی کە هەست دەکەین ئێمەش ئیتر بەشێکین لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و یاسادانان و چاودێریکردندا، هەم لەڕووی مەعنەوییەوە هێزێکمان پێ دەبەخشێت و ئیتر ئێمە کێشە تایبەتەکانمان دەبینە بەر دیدی ئافرەتێك و ئافرەتێك لە نێو ئەنجومەندا لە بری ئێمە بیردەکاتەوە و عەودالی مافەکانمان دەبێت، ئەوکات ڕۆڵی ژن چیتر لە نێو چواردیوار و لە بەڕێوبردنی ماڵ و خێزاندا نامێنێتەوە، بەڵکو دەچێتە نێو دەسەڵاتی بڕیاردان و جێبەجێکردن بۆیە ڕۆڵی ئافرەت و بوونی ئافرەت لەنێو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک گرنگیی خۆی هەیە و زەروورێتێکی مێژووییە».

هەرێز جەبار بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی کەرکووک، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «پرۆسەی هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسییە، تاوەکو گەل لە ڕێگەی دەنگدانەوە نوێنەری خۆیان دیاری بکەن، بێگومان هەموو گەل و نەتەوەیەکیش لە دوو ڕەگەز پێك هاتووە و دەوڵەتی عێراق بەوە ناسراوە کە ڕەگەزی مێینە زۆرینەی دانیشتووانی پێك دەهێنێت، بۆیە گرنگە لەم پێکهاتە گرنگەی کۆمەڵگەی عێراقی لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەت نوێنەری خۆیان هەبێت، بەمەش پرۆسەی بەڕێوەبردن جوانتر و دیموکراسیتر دەبێت و جیاوازیی ڕەگەزی و جێندەریش کەم دەبێتەوە». هاوکات دەڵێت: «ئەوەی گرنگە بۆ کەرکووکییەکان ئەوەیە کە تا چەند لە ڕەگەزی ئافرەت کاندید هەبێت، یان لە پارێزگای کەرکووک ئەندامی ئەنجومەنی ئافرەت هەبێت، وەك ئاشکرایە کەرکووک شارێکی بێ خزمەتگوزاری و پشتگوێ خراوە، هەروەها هیچ مافێکی سەرەتایی ئافرەت دابین نەکراوە و هەوڵ بۆجێبەجێ کردنی نەدراوە، بۆیە گرنگە ئێمەی ئافرەتان نوێنەری خۆمان بنێرینە ئەنجومەن، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانین خزمەتێك بەم شارە و دانیشتووانەکەی بکەین و ئاوڕێك لە مافە سەرەتاییەکانیان بدەینەوە، لەو ڕێگەیەوەش پیشانی بدەین کە ئێمەی ئافرەت ئەگەر هەلمان بۆ برەخسێت، دەتوانین زۆر باشتر لە پیاوان خزمەت بە خاك و گەل بکەین، گرنگیی بوونی ئافرەت لە ئەنجومەنی پارێزگا ئەوەیە کە کاری ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا چاودێریکردنی کارەکانی ئیداری و دامودەزگاکانی حکومەت و پێشکەشکردنی پڕۆژەیە لە نێو پارێزگا، بێگومان ئافرەتان لەم کارانەدا زۆر وردن و تەحەمولیان زۆر زیاترە، بۆیە پێویستە شان بە شانی پیاوان ئێمەش بەشدار بین لە پرۆسەی چاودێریکردن و پێشکەشکردنی پرۆژەکان». گوتیشی: «گرنگییەکی دیکەی بەشداریی ئافرەت لە پارێزگای کەرکووك و بوونی بە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا ئەوەیە کە کەرکووك تا ڕاددەیەك دابڕاوە لە هەرێمی کوردستان و وەك شارەکانی هەرێم لە ڕووی فکری و ڕۆشنبیری گەشەی زۆری نەکردووە، ئێستاش زوڵمی زۆر لە ئافرەتان دەکرێت لەم شارە، بۆیە گرنگە ئافرەتان بەکارکردن لەنێو ئەنجومەنی پارێزگا، چاودێری ئەم پرۆسەیە بن و ڕێگرییەکانی بەردەم گەشەی

ئافرەتان کەم بکەنەوە و زیاتر کار بۆبەرەوپێشچوونی بکەن».

هەر لەمبارەیەوە سروە بەکر مامۆستا لە زانکۆی کەرکووک، هێما بۆ ئەوە دەکات:» گرنگی و پێویست بوونی بەربژێری ئافرەت بۆ باشترکردنی رەوشی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان زەرورەتێکی هەنووکەییە، دیارە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە و نیوەکەی تریش پەروەردە دەکات و ئەو بوونەوەریە کە بەردەوامی بە ژیان و مرۆڤایەتی دەدات.

خۆشبەختانە میلەتی کورد پێچەوانەی نەتەوەکانی دەوروبەری گرنگییەکی زۆری بە ئافرەت داوە و مافەکانیشی پاراستووە، هەر لە دێر زەمانەوە ئافرەتی کورد رۆڵی گرنگیان لە کۆمەڵگەدا هەبووە، لە رابردووشدا ئافرەتی کورد سەرکردایەتی هۆزەکەی کردووە و دیوەخانی بەڕێوەبردووە.»

هەروەها گوتی:» ئەگەر بۆ مێژوویەکی نزیکتر بگەڕێینەوە دەبینین چەندین ئافرەت قارەمانێتییان لە مێژوودا تۆمار کردووە، نموونەی حەپسەخانی نەقیب و عادیلە خان و رەوشەن بەدرخان و چەندانی تر، لە سەرەتای شۆڕشی نەتەوەیی کوردەوە لە سەردەمی شاخ تاوەکو ئەمڕۆ ئافرەتانی کوردستان شانبەشانی پیاوان ئەرکی پاراستنی وڵاتیان لە ئەستۆ گرتووە و پێشمەرگا ئاسا خەبات دەکەن، هەربۆیە کاتێك دوژمنانی گەلی کورد دژایەتییان دەکردین بەبێ جیاوازی ئازاری ئافرەت و پیاوی داوە و ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەت بەر شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران کەوتن و لە زیندانەکانی رژێمدا ئەشکەنجەدران، تەنانەت ئافرەتانی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان تاوەکو ئەمڕۆش لە خەبات بۆ گەڕانەوەی ناوچەکانیان بۆ باوەشی کوردستان بەردەوامن. لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئافرەتی کورد رۆڵیان لە پەرلەمانی کوردستان بینیوە، هەروەها لە دوای رووخانی رژێم بەشداری کارایان لە پەرلەمانی عێراقدا هەبووە و تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامن، ئەمڕۆش ئەگەر دەرفەتی زیاتر بە خانمان بدرێت و خانمانی پڕ ئەزموون بچنە ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بە دڵنیاییەوە پاراستنی مافەکانی تاکی کورد بە گشتی و ئافرەتان بە تایبەتی لە ئەولەویەتی کارەکانیاندا دەبێت.»

لە ئێستادا بەرەو چوارەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق نزیك دەبینەوە، ئەم هەڵبژاردنەش لەدوای هاتنی داعش لەساڵی ٢٠١٤وە تا ئێستا ئەنجام نەدراوە.

بەپێی ئاماژەکان پارێزگاکانی عێراق بەتایبەت (نەینەوا و کەرکووك) بۆ هەرێمی کوردستان لەرووی دیمۆگرافیا و دەسەڵاتی ئیداری و سیاسییەوە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، چونکە جیا لەو پرسانەی کە بەچارەسەر نەکراوی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ ماونەتەوە، ناوچە کوردستانییەکانیش کە سنووری هەردوو پارێزگای نەینەوا و کەرکووك دەگرێتەوە تا ئێستا جێگەی مشتومڕن.

بە گوێرەی راگەیاندراوەکەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ٥٠ هاوپەیمانێتی سیاسی لە عێراق کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ٢٧٥ ئەنجومەنە خۆجێیەکان دەکەن لە ١٥ پارێزگای عێراق، کە بڕیارە رۆژی ١٨ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت.

هاوکات هێزە کوردییەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا کێبڕکێی لەسەر ٧١ کورسی پارێزگاکانی کەرکووك و سەڵاحەدین و دیالە و نەینەوا دەکەن.

ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەگشتی و شاری کەرکووك بە تایبەتی بۆ کورد هەڵبژاردنێکی چارەنووساز دەبێت بە تایبەت کە کورد لەدوای رووداوەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧وە پۆستی پارێزگاری شارەکەی لە دەستداوە.

جگە لەمانەش حەوت هاوپەیمانی لە پێکهاتەکانی تری ناوچەکە کێبڕکێی بەدەستهێنانی کورسییەکانی پارێزگای کەرکووك دەکەن، کە سێ هاوپەیمانی سوننەکانە و هاوپەیمانێتییەکی شیعە و هاوپەیمانێتییەکی تورکمان و دوو هاوپەیمانی هێزە مەدەنیەکانن.

شیعەکان بەسەر سێ هاوپەیمانێتی گەورەدا دابەشبوون بەچەندین ناوی جیاواز لە١٥ پارێزگاکەی عێراق بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن، هاوکات سوننەکانیش بەسەر پێنج هاوپەیمانێتی دیاردا دابەشبوون کە هاوشێوەی شیعەکان لە زۆرینەی پارێزگاکانی عێراق لەژێر ناوی جیاواز و هاوپەیمانێتی جۆراوجۆر بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکەن.

**کاری ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا چاودێریکردنی کارەکانی ئیداری و دامودەزگاکانی حکومەت و پێشکەشکردنی پرۆژەیە لە نێو پارێزگا، بێگومان ئافرەتان لەم کارانەدا زۆر وردن و تەحەمولیان زۆر زیاترە**

**پێویستە شان بە شانی پیاوان ئێمەش بەشدار بین لە پرۆسەی چاودێریکردن و پێشکەشکردنی پرۆژەکان**

**کەرکووک تا رادەیەک دابڕاوە لە هەرێمی کوردستان و وەک شارەکانی هەرێم لە رووی فکری و رۆشنبیری گەشەی زۆری نەکردووە**

**کاتێک دوژمنانی گەلی کورد دژایەتییان دەکردین بەبێ جیاوازی ئازاری ئافرەت و پیاوی داوە و ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەت بەر شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران کەوتن و لە زیندانەکانی رژێمدا ئەشکەنجەدران**





نەسرین عەبدین بۆ گوڵان:

# ئێمە لە سینەماکارە ڕۆژئاواییەکان زیاتر دەتوانین گوزارشت لە واقعی خۆمان بکەین

نەسرین عەبدین کچێکی کوردی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە، لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی لە ساڵی ٢٠١٢ وەك پەنابەر ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، سەرەتا سینەما وەك خولیایەك بوولای نەسرین، دواتر وەك پیشەگەر دەستی بە کاری سینەما کرد، دوای ئەوەی ماوەیەك لە کەمپی دۆمیز ئاوارە بوو، ڕووی لە هەندەران کرد و لەوێ درێژەی بە کارەکانی خۆی داوە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.






*** سینەما لە ڕۆژئاوای کوردستان چۆنە؟**

- لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕاستەوخۆ دوای شۆڕش سینەما دەستی پێکرد، کە سیمای تایبەتی خۆی هەیە، پێشتر بەشێکی زۆری ئەستێرەکانی سووریا کورد بوون وەك (مونا وەسف خالد تاجا عەبدولرەحمان) و چەندانی دیکە کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا زۆر شتیان پێشکەش بە هونەر و سینەما و درامای سووریا کردووە، بەڵام بەداخەوە ئەم هونەرمەندانە هیچیان لەبارەی پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئەو ئازارانەی کە گەلی کورد پێوەی دەناڵاند، باس نەکردووە.

داعش بەدبەختی و کارەساتی بەسەر خەڵکی کوردستان هێناوە، بەڵام لە ڕوانگەی هونەرەوە، بەتایبەت لە سینەمادا بووە هۆی ئەوەی زۆرێك لە دەرهێنەرانی بیانی و کورد سەردانی ڕۆژئاوا بکەن و، لە بەرهەمە سینەماییەکان باس لە بارودۆخی ژیانی خەڵکی کوردستان بکەن و تیشکیان خستووەتە سەر ژیانی ئافرەتانی کورد، کە خەبات دەکەن بۆ ڕزگاربوون لە دەستی داعش، لە هەمان کاتدا ئازار دەچێژن و شەڕ بۆ مافەکانی دەکەن، بۆیە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە پیشاندانی پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان.

*** ئەو ئاستەنگانە چین کە ڕووبەڕووت دەبنەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئاستەنگەکان زۆرن، یەکەمیان ئەوەیە کە من ئافرەتم دەتوانم بڵێم من یەکەم یان دووەم ئافرەتم لە ڕۆژئاوای کوردستان کاری سینەمام کردووە، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی هیچ کارێك لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجام بدەم، بۆیە هاتمە باشووری کوردستان، لێرەش چەندین فیلمم پێشکەش کرد، یەکەم بەرهەمم فیلمی (دۆزەخی سارد) بوو کە خەڵاتی باشترین فیلمی لە فێستیڤاڵی واست لە عێراق بەدەست هێنا، دواتر فیلمێکم بەناوی (پێشوازیکردن لە مردن) دەربارەی قارەمانێتیی هێزەکانی پێشمەرگە پێشکەش کرد، ئەم فیلمە زیاتر لە چوار ساڵی خایاند و هێزی زێرەڤانی یارمەتییان دام، هەروەها وێنەگری بە توانا نزار میکائیل ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە وێنەگرتنی دیمەنەکانی شەڕ، ئێستا فیلمەکە لە فێستیڤاڵە سینەماییەکاندا نمایش دەکرێت و لە مانگی ئەیلول نمایشێکی تایبەتیی دەبێت لە ئەڵمانیا.

نەبوونی سپۆنسەر ئاستەنگێکی دیکە بووە بۆم، چونکە من پەنابەر بووم، نەمدەتوانی گەشت بکەم و بەشداریی ئەم فێستیڤاڵانە بکەم بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکان، بۆیە بڕیارم دا بچمە دەرەوە بۆ ئەورووپا و پەشیمان نیم لە جێهێشتنی وڵات، چونکە دەرفەتی زۆرم نەبوو و نەمدەتوانی ئەو بیرۆکانەی کە لە خەیاڵمدا بوون، لە ئەرزی واقعدا ئەنجامیان بدەم و لە فیلمەکاندا پیشانیان بدەم، ئێستا دۆخەکە زۆر گۆڕاوە بۆ من.

*** باشووری کوردستان چ ڕۆڵێکی هەبووە لە سەرکەوتنت؟**

- لەڕاستیدا باشووری کوردستان بە خاڵی سەرەکی و ئەو شوێنە دادەنرێت کە دەتوانرێ کاری سینەمایی کوردی لێ دەست پێبکرێت، لەبەر ئەوەی پاڵپشتی هەیە و جۆشوخرۆشی دەرهێنەرەکان لە ئەنجامدانی کارەکانیان بەدی دەکرێت، من سوودێکی زۆرم لە باشووری کوردستان و ئەو ئەزموونەی ئەوێ وەرگرتووە، ئەم پاڵپشتییە دەبێت بەردەوام بێت، بە تایبەتی بۆ ئەو گەنجانەی کە دەیانەوێت کارە هونەری و سینەماییەکان بکەن. فێستڤاڵەکانی دهۆك و سلێمانی نیشانەی پێشکەوتنی سینەمان، سینەماکارانی ڕۆژئاوایی کە بەشدارییان لە فێستیڤاڵەکانی باشووری کوردستان کردووە، هەست بەو پێشکەوتنە دەکەن کە لەم بەشەی کوردستان ڕووی داوە، گەنجانێك هەن شەو و ڕۆژ کار دەکەن و وزەی هونەریی زۆریان هەیە و دەیانەوێت پێشکەشی بکەن، هیوادارم ئەم ئەزموونە پێشەنگ و ناوازەیە بمێنێتەوە بۆ پشتگیریکردن لە سینەماکارانی باشوور و هەموو پارچەکان کوردستان بە مەبەستی پیشاندانی سینەمای کوردی بە جیهان.

*** پەیامت چییە کە دەتەوێ لە ڕێگای سینەماوە بیگەیەنیت؟**

- ژیانی ئاوارەییم هەڵبژارد، چونکە دەتوانم لە ڕێگەی سینەماوە پەیامێك بگەیەنم ولە ڕێگای سینەماوە بە جیهانی بگەیەنم کە کورد چی دەوێت و چی وای کردووە پەرش و بڵاو بن بەم شێوەیە، پەیامی من گەیاندنی دەنگی گەلی کوردە بە جیهان، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای ئەو ئازارانە بن کە بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕوویان بۆتەوە.

*** ئایا سینەمای کوردی پێشکەوتووە؟**

- بێگومان کاری زۆر کراوە، بەڵام هۆکارەکانی پێش نەکەوتنی سینەمای کوردی زۆرن، لەوانە هۆکاری سەرەکی نەبوونی پاڵپشتی و سپۆنسەری بەرهەمە سینەماییەکانی کوردە، ئەم پاڵپشتییە دەبێت هەبێت بۆ ئەوەی بتوانرێت بەرهەمی باش بۆ سینەماکارانی کورد مسۆگەر بکات، ئێمە خاوەن سینەماکاری گەورەین بۆ نموونە مانۆ خەلیل بکات، فیلمی (دراوسێکان)ی بە پاڵپشتی دەرەکی بەرهەم هێناوە، واتە پاڵپشتییەکە لە ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات، باشوور و باکووری کوردستان نەبوو، ئەم فیلمە سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا و بەشداریی زیاتر لە ٦٠ فێستیڤاڵی سینەمایی کرد، بە هەمان شێوە فیلمەکانی یەڵماز گونای. بۆیە ئەگەر پاڵپشتیمان هەبێت دەتوانین کاری سینەمایی گەورە بەرهەم بهێنین ئێمە دەتوانین لە هەموو دەرهێنەرێکی دیکە واقیعبینانەتر ئەم واقیعە دەرببڕین، چونکە دەبێت لەگەڵ سەختییەکاندا بژین، ئەمەش هۆکارێکی گەورەی دەبێت بۆ ئەوەی ئێمە بەرهەمی نێودەوڵەتی پێشکەش بکەین، کە لەوە زیاترە کە سینەماکارانی نێودەوڵەتی دەیکەن، یان داوا لە سینەماکارە نێودەوڵەتییەکان بکەین شتێکمان پێشکەش بکەن سەبارەت بە مێژووی کورد، کە ئەو ناتوانێ بەو شێوەیەی کە لە تواناماندایە بیگەیەنێ، چونکە ئێمە لەگەڵ واقیعدا دەژین و لەگەڵیدا ژیاوین، و دەتوانین ئەزموونێکی ناوازە و ناوازەی پێشکەشی بکەین.

**من یەکەم یان دووەم ئافرەتم لە ڕۆژئاوای کوردستان کاری سینەمام کردووە، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی هیچ کارێك لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجام بدەم**

**نەبوونی سپۆنسەر ئاستەنگێکی دیکە بووە بۆم، چونکە من پەنابەر بووم، نەمدەتوانی گەشت بکەم و بەشداریی ئەم فێستیڤاڵانە بکەم بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکان**

**پەشیمان نیم لە جێهێشتنی وڵات، چونکە دەرفەتی زۆرم نەبوو و نەمدەتوانی ئەو بیرۆکانەی کە لە خەیاڵمدا بوون، لە ئەرزی واقعدا ئەنجامیان بدەم و لە فیلمەکاندا پیشانیان بدەم**

**باشووری کوردستان بە خاڵی سەرەکی و ئەو شوێنە دادەنرێت کە دەتوانرێ کاری سینەمایی کوردی لێ دەست پێ بکرێت**

# غادە عەبدولڕازق:
# ئیستفزازیان کردم

خانمە ئەکتەری میسری غادە عەبدولڕازق بۆ یەکەم جار باسی جیابوونەوەی لەگەڵ دەرهێنەر هەیسەم زینیتا کرد و، توڕەیی خۆی دەربڕی لە شێوازی مامەڵەکردنی میدیاکان لەگەڵ هەواڵی جیابوونەوەی و تیشکی زیاتری میدیاکان لەسەر ژمارەی جارەکانی هاوسەرگیری.

غادە لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاندووە، قسەکردن لەسەر(١٢) جاری جیابوونەوەی لەگەڵ هاوسەرەکان دەبێتە مایەی توڕەیی جەماوەر بەرامبەری، لە کۆمێنتێکدا دەڵێت:

«بێگومان بێزار بووم، و هەست دەکەم شتگەلێك دەنووسن بۆ ئیستفزازی من و وروژاندنی بەشێکی خەڵك، بەتایبەتی جەماوەرەکەم لەسەر من، چونکە پێویستە پەیوەندییە تایبەتییەکان لەگەڵ بابەتی هونەری تێکەڵ نەکرێن».

سەبارەت بە دەنگۆی هاتنی بۆ لوبنان بە مەبەستی بەسەربردنی مانگی هەنگوینی غادە دەڵێ:

«بوونم لە لوبنان پەیوەندی بە بەسەربردنی مانگی هەنگوینیەوە نییە، بەڵکۆ بۆ وێنەگرتنی چەند دیمەنێکی کارێکی هونەریی نوێ هاتووم، بیرم لەوە کردووە کە بۆ پشووی کۆتایی هەفتە بچمە لوبنان و وێنەکانیش بگرم، من خۆشم زوو زوو سەردانی لوبنان دەکەم».

غادە سەبارەت بە دووبارە پێکهێنانەوەی ژیانی هاوسەریی بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

«خودا باشترین دەزانێت، جارێ نازانم لەوانەیە ئەم جارە کەسێك بدۆزمەوە فینیقی بێت».

لە لێدوانێکی هێمن و دوور لە کەشوهەوای نەرێنیدا غادە بڕیاریدا جیابوونەوەی خۆی لە هەیسەم زینتا ڕابگەیەنێت، دوای چەند مانگێك دەنگۆ کە پێشتر کاریگەری لەسەر ئەوان هەبووە.

غادە عەبدولڕەزێك لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە جیابوونەوەی فەرمی خۆی لە هەیسەم زینتا دوای ٣ ساڵ لە ژیانی هاوسەرگیری ڕاگەیاند، گوتی:

«خودای گەورە چاکە بۆ هەریەکێکمان بنووسێت، هیوادارم و بە درێژایی تەمەنمان بە هاوڕێی بمێنینەوە».

سەرچاوە: www.msn.com



# برێتنی سپێرز لە هاوسەری خۆی داوە!!

سام ئەسغەری هاوسەری گۆرانیبێژی نێودەوڵەتی بریتنی سپێرز وردەکاری نوێی لەبارەی هۆکاری جیابوونەوەیان ئاشکرا کرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی بڵاوکرایەوە کە برێتنی دەستدرێژیی کردووەتە سەری و لە خەودا لێیداوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئاوسانی یەك لە چاوەکانی.

لە کاتێکدا ئەو گۆرانیبێژە نێودەوڵەتییە بێدەنگی پێ باشتر بوو، سام ئەسغەری بڕیاری دا لە ڕێگەی پۆستێکەوە کە لە هەژمارە فەرمییەکانی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی کردەوە، باسی ئەو بابەتە بکات.

سام ئەسغەری قسەی نەکرد سەبارەت بە دەستدرێژیەکەی، بەڵام ڕوونی کردەوە کە بڕیاری داوە بە خۆشەویستی و ڕێزەوە کۆتایی بە پەیوەندییەکەیان بهێنێت و گوتی: «دوای ٦ ساڵ خۆشەویستی و پابەندبوون، من و هاوسەرەکەم بڕیارمان دا پێکەوە کۆتایی بە گەشتەکەمان بهێنین، ئەو خۆشەویستی و ڕێزەی کە بۆ یەکترمان هەیە ڕێزی لێ دەگرین، هەمیشەش هیوای باشترینی بۆ دەخوازم».

ئاماژەی بەوەش کرد، شتە خراپەکان لە ژیاندا ڕوو دەدەن و هێشتنەوەی بابەتەکە بە نهێنی لەم بارودۆخەدا شتێکی بێمانا دەردەکەوێت، بەڵام داوا لە هەموو کەسێك دەکەم بە میدیاکانیشەوە میهرەبان بن و هەستی کەسانی دیکە لەبەرچاو بگرن.

ئەمە یەکەمجار نەبوو کە برێتنی سپێرز لە هاوسەرەکەی جیاببێتەوە، ساڵێك لەمەوبەر ئەو جیابوونەوەیە لەنێوانیاندا ڕوویدا بەهۆی خیانەتەکەی لە هاوسەرەکەی، بەگوێرەی میدیا نێودەوڵەتییەکان، لەکاتێکدا ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی پشتڕاستی کردووەتەوە کە ئەسغەری قەناعەتی بەو ئەستێرەیە هەیە خیانەت لێی کردووە، و ماڵەکەی بەجێ هێشتووە، ئێستاش لە شوێنێکی دیکە دەژی.

لەلایەکی دیکەوە گۆڤاری پیپڵ لە سەرچاوەیەکی تایبەتەوە بڵاوی کردەوە کە ئەسغەری پێشتر کاغەزەکانی جیابوونەوەی لە سپێرز واژۆ کردووە.

بە گوتەی سەرچاوەیەکی نزیك لە خۆی برێتنی سپێرز خیانەتەکەی بەرامبەری ڕەت کردەوە، جەختی لەوە کردەوە کە لە ئێستادا هەست بە باشی ناکات و گوتی: «بریتنی دەنگۆکانی تۆمەتی خیانەتی ڕەت کردەوە، ئازاری پێگەیشتووە، ئەمە بوو دوا شت کە پێویستی پێی بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی منداڵەکانی ڕوویان لە هاوایی کرد و ئاگرەکانی ئەوێ زیاتر نیگەرانیی کردووە».

**سەرچاوە: www.msn.com**



**ئیڤان فەرهاد :**

**گۆڵپارێزی کوردی فوتساڵی یانەی قوە جەوییە**

# ئێستا خەڵک یاریزانانی کچ دەناسن و پشتگیرییان دەکەن



■

یانەکانی پارێزگای دهۆك گرنگیی تەواو بە یارییە جۆراوجۆرەکانی وەرزشیی ئافرەتان دەدەن، چەند یانەیەکی ئەو شارەش بەردەوام گرنگی بە یاریی تۆپی پێی دەدەن لە خولەکانی کوردستان و عێراق، چەندین کچە یاریزانی بەتوانا هەیە لە یارییە جۆراوجۆرەکان، کچە یاریزانانی دهۆکی ڕەنگین دەیانەوێ لە ڕێگەی وەرزشەوە زیاتر ئاستی خۆیان بەرەوپێش ببەن، لە یاریی فوتساڵیش شارەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرزە کە ئێستا بۆ یانەکانی دەرەوەی شارەکەیان یاری دەکەن و خاوەن ئاستێکی بەرزن، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق گۆڵپارێز (ئیڤان فەرهاد) ە، ئیڤان وەکو گۆڵپارێز یاریی بۆ یانەکانی زێرەڤانی و گارە و سێمێل و ئافرەتانی دهۆك و نەفتی میسان و دیفاع جەوی و قووەجەوییە کردوە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧ پارێزگای دهۆکە، لە جامی عێراقیش لەگەڵ یانەی قوەجەوییە پلەی دووەمی بەدەست هێنا و نازناوی باشترین گۆڵپارێزی خولەکەی پێدرا، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

**دیمانە: کارزان کانەبی**

***چۆن بوو یاریی تۆپی پێی هەڵبژارد؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت باوکی ئازیزم ئەم یارییەی بۆمن هەڵبژارد لە ڕێگەی ئەوەوە دەستم بەم وەرزشە کرد.

***هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە کە فوتساڵ زیاتر ڕکابەرییە؟**

- بەڵێ وەرزشێکی زۆر زەحمەتە، بەڵام ئەم زەحمەتییە خۆشی دەداتە ئەم یارییە و ڕکابەری بەتەمای تێدایە و، هەر ساڵ پڕ خۆشی و ناخۆشییە و سەرکەوتن و دۆڕانە.

***بۆچی یاریی فوتساڵ لە شارەکەتان وەکو پێویست نییە؟**

-لەبەر خراپیی باری دارایی یانەکانی شاری دهۆک، هیچ یانەیەك ئامادە نییە پچت بە یاریزانانی کچ ببەستێت لەم شارە لە یاریی فوتساڵ و خەرجی بەشداریکردنیان لە پاڵەوانێتییەکان لە ئەستۆ بگرێت.

*** پێشوازیکردن لەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بە چ شێوەیەکە؟**

- ئێستا دەبینین یانەکانی شارەکانی جیاجیا بەشداریی پاڵەوانێتییەکان دەکەن، ژمارەی یانەکان بەرەو زیاد بوو دەچێت و ئێستا خەڵك زیاتر یاریزانانی کچ دەناسن و پشتگیرییان دەکەن.

***ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-لە ئاستێکی باشدایە و یاریزان و ڕاهێنەری باشمان هەیە لە کوردستان، تەنیا پشتیوانی و پشتگیریی باش هەبێت فوتساڵ لە کوردستان دەبێتە ژمارەیەکی قورس لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی.

***چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

-زیاتر گرنگی بە تواناکانی کچان بدرێت و پشتگیری بکرێن بەشێوەیەکی گشتی.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو وەکو کچە پاڵەوانێك؟**

- هیوادارم بتوانم بخوێنم بە شێوەیەك بگەمە ئاستێکی بەرز، هەروەها بۆ یاریی فوتساڵ بەشداری لە خولی بەهێزکردنی ڕاهێنەریدا بکەم و ببمە ڕاهێنەرێکی سەرکەوتوو لە بواری گۆڵپارێزی.

***چۆن بوو لە جامی عێراقی پەیوەندیت بە یانەی قووە جەوییەی شاری بەغداوە کرد؟**

-یانەی جەوییە یانەیەکی گەورەیە لە عێراق کە ئەوانیش پەیوەندییان بەمنەوە کرد بۆ یاریکردن ڕاستەوخۆ ڕازی بووم، چونکە یاریکردن لە جەوییە هیوای من بوو، توانیم پێی بگەم.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟**

-گرفتی ئەو یارییە ئەوەیە یاریزانانی فوستاڵ ئازاد نین، هەر کۆمەڵە یاریزانێك بە ڕاهێنەرێکەوە گرێدراون لە یانەیەکی کوردستان بۆ یانەیەکی دیکە دەچن، بۆیە جیاوازییەکی زۆر دەکەوێتە ئاستی یانەکان، ئاستی هەندێك یانە زۆر بەرزە و هەندێك زۆر ئاستیان نزمە ئەمەش لە بەر نەبوونی یاریزانە.

***خەونی وەرزشیت چییە ؟**

-خەونی من بۆ بەدەستهێنانی نازناوی باشترین گۆڵپارێز بووە، ئەو خەونەشم هاتەدی.

***لەگەڵ یانەکانی دهۆك بەردەوام دەبیت یان بە یەکجاری ڕوو لە شاری بەغداد دەکەیت؟**

-تا ئێستا دیار نییە، بێگومان ئەگەر دهۆك بەشداریی پاڵەوانێتیی یانەکان بێت، بەدڵنیاییەوە یانەکانی شارەکەی خۆم هەڵدەبژێرم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خزمەتی بەردەوامی وەرزشیی ناوەخۆ، کە بەبێ جیاوازی لە شارەکانی کوردستان خزمەت دەکات.




# ئەنشیلۆتی موژدە دەبەخشێتە مەدریدیەکان




کارلۆ ئەنشیلۆتی راهێنەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی مژدەیەک دەداتە هاندەرانی یانەکەی، کە پەیوەندی بە ئاردا گولەری یاریزانی لاوی یانەکەیانەوە هەیە.

سەرەتا هەواڵەکان باسیان لەوە دەکرد، کە پێکانی ئاردا قورسە و لەوانەیە دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری ماوەیەکی زۆری پێویست بێت بۆ گەڕانەوە، بەڵام دوای نەشتەرگەری ئاماژەکان دڵخۆشکەرن.

رۆژنامەکانی ئیسپانیا باس لەوە دەکەن کارلۆ ئەنشیلۆتی هەواڵە خۆشەکەی لە بارەی ئاردا گولەرەوە پێگەیشتووە و ئێستا یاریزانەکە لە دۆخێکی زۆر باشدایە و بەشێوەیەکی باشتر لەوەی پێشبینی دەکرا چاک دەبێتەوە.

ئەو یاریزانە هەفتەی رابردوو نەشتەرگەری لە ئەژنۆی راستیدا بۆ کراوە، دەستی بە قۆناخی چارەسەری سرووشتی کردووە.

کارلۆ ئەنشیلۆتی لە نزیکەوە چاودێری ئەردا دەکات پزیشکەکانی ریال گوتوویانە ئاردا زۆر زوو چاک دەبێتەوە.

ئەو پزیشکانەی سەرپەرشتی چاکبوونەوەی ئاردا دەکەن، دەڵێن: گولەر زووتر لەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە پێشبینی دەکرا.

ریال مەدرید لە سەرەتای ئەم وەرزەدا بێجگە لە ئاردا گولەر لە تواناکانی دوو لە گرنگترین یاریزانەکانی بێبەشبووە هەریەک لە تیبۆ کۆرتوای گۆڵپارێز و میلیتاوی بەرگریکار، کە تووشی پێکانی قورس بوونە و بەهۆی پچڕانی بەستەری ئەژنۆوە تاوەکو وەرزی داهاتوو ناتوانن بگەڕێنەوە لەبەرئەوە گەڕانەوەی ئاردا بە کاتێکی زووتر هەندێک لە کێشەکانی کارلۆ ئەنشیلۆتی چارەسەر دەکات.



# جۆکۆڤیچ بووە پاڵەوانی سینسیناتی

دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر لەدەستدانی نازناوی ویمبڵدن جارێکی دیکە نۆڤاک جۆکۆڤیچ رووبەڕووی کارلۆس ئەلکارازی تێنسی لاوی ئیسپانی بۆوە، ئەمجارە لە ئەمریکا و لە یاری کۆتایی تێنسی سینسیناتی.

کۆمەڵەی یەکەمی رکابەرییەکە هەردوو تێنسزان لە بەرزترین ئاستدا دەرکەوتن، دوای رکابەرییەکی زۆر ئەلکاراز ٧-٥ پێشکەوت.

کۆمەڵەی دووەمیش هەر بە هەمان شێوە بوو، بەڵام جۆکۆڤیچ ئەنجامەکەی یەکسانکردەوە و ٧-٦ ئەو کۆمەڵەیەی بردەوە.

یارییەکە چووە قۆناخێکی هەستیار جۆکۆڤیچ چەند هەلێکی بۆ رەخسا بۆ ئەوەی یارییەکە بباتەوە، تاوەکو یارییەکە چووە تای برێک و جۆکۆڤیچ بە ٧-٦ کۆمەڵەی سێیەمی بردەوە و لە دوای رکابەرییەکی ماراسۆنی، کە ٣ کاژێر و ٤٩ خولەکی خایاند نازناوەکەی بەدەستهێنا.

جۆکۆڤیچ لە خۆشی بردنەوەی نازناوەکەدا درێسەکەی دڕاند و شێتانە ئاهەنگی گێڕا دوای ئەوەش باوەشی بە جامی پاڵەوانێتییەکەدا کرد.

ئەمە سێیەم جارە جۆکۆڤیچ نازناوی سێنسیناتی دەباتەوە و ژمارەی نازناوەکانی لە کاروانی یاریی کردنیدا گەیاندە ٩٥ نازناو.



# لەبەر میسی پاڵەوانێتیەک گەڕایەوە

چوونی لیۆنێل مێسی بۆ یانەی ئەنتەرمەیامی هەر گۆڕانکاری لە یانەکەدا دروست نەکردووە، بەڵکو بەرپرسانی یەکێتییەکانی تۆپی پێی کیشوەرەکەشی ناچارکردووە بیر لە گۆڕانکاری بکەنەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لە ئەستێرە ئەرژەنتینییەکە وەربگرن.

بەهۆی یارییکردنی مێسییەوە لە ئەمریکا بەشێوەیەکی فەرمی هەردوو یەکێتی کۆنمیبۆل بۆ یانەکانی ئەمەریکای لاتین و کۆنکاف بۆ ئەمەریکای باکوور و ناوەڕاست لەسەر ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکی نوێ ڕێککەوتن و لە ساڵی ٢٠٢٤ پاڵەوانێتییەکە دەست پێدەکات.

لە پاڵەوانێتییەکەدا، کە ناوی ئەنتەر ئەمەریکایە ئەو یانانەی بەشداردەبن بەسەر چوار ئاست دابەشکراون پاڵەوانی جامی کۆنکاف پاڵەوانی جامی خولەکان پاڵەوانی جامی لیبەرتادۆرێس و پاڵەوانی جامی ئەمریکای باشوور.

ئەم هەنگاوەی یەکێتی تۆپی پێی هەردوو ئەمەریکای باشوور و ئەمەریکای باکوور و ناوەڕاست لە کاتێکدایە لیۆنێل مێسی و ئەنتەرمەیامی لە یاری کۆتایی جامی خولەکاندا بەرامبەر یانەی ناشڤیڵ یاریکرد و توانی یەکەم نازناو لە مێژووی یانەکەدا بباتەوە.

بەپێی ئەم ڕێککەوتنە یانەی ئەنتەرمەیامی و مێسی بەشداری لەو پاڵەوانێتییەدا دەکەن.

پاڵەوانێتییەکە پێشتر لە ١٩٦٨ تاوەکو ساڵی ١٩٩٨ کراوە و ساڵی ٢٠٢٤ جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە.

جگە لەوەش سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی ئەرژەنتین و سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی ئەمەریکای باشوورکاردەکەن تا یانەی ئەنتەرمەیامی بۆ بەشداریکردن لە رکابەرییەکانی جامی لیبەرتادۆرێس، کە گەورەترین پاڵەوانێتییە لەسەر ئاستی یانەکانی ئەمەریکای باشوور بانگهێشت بکرێت.



# کچانی ئیسپانیا بوونە پاڵەوانی جیهان

هەڵبژاردەی ئیسپانیا بۆ یەکەمجار لە مێژوویدا نازناوی جامی جیهانی خانمانی بردەوە، دوای ئەوەی سەرکەوتنی بەرامبەر هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بەدەستهێنا.

یاریی کۆتایی مۆندیالی خانمان، کە ئەمساڵ رکابەرییەکانی بە هاوبەشی لە ئوستralیا و نیوزیلەندا بەڕێوەچوون لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئیسپانیا و ئینگلتەرا لە یاریگەی ئوسترالیا لە شاری سیدنی ئەنجامدرا و ئیسپانیا بە گۆڵێکی بێبەرانبەر یارییەکەی بردەوە و بۆ یەکەمجار لە مێژوویدا نازناوی جامی جیهانی خانمانی بردەوە.

ئۆلگا کارمۆنا، کە تاکە گۆڵی ئیسپانیای لە یارییەکەدا تۆمارکرد لە تەمەنی ٢٣ ساڵی و ٦٩ رۆژیدا بووە دووەم بچووکترین یاریزان لە هەردوو قۆناخی پێش کۆتایی و یاریی کۆتایی مۆندیالدا گۆڵ بکات، کە پێشتر ئالێکس مۆرگان لە تەمەنی ٢٢ ساڵی و ١٥ رۆژی ئەو ریکۆردەی تۆمارکردووە.

دوای کۆتایی هاتنی یارییەکانی مۆندیالی خانمان هیناتا میازاوا یاریزانی هەڵبژاردەی ژاپۆن بە تۆمارکردنی ٥ گۆڵ بووە گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکە.



# زاخۆ بۆ خولی عێراقی خۆی بەهێز دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی زاخۆ دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو لەسەر دەستی نزار مەحروسی ڕاهێنەری سووری مانەوەی خۆی لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی مسۆگەر کرد، دەستەی کارگێڕیی یانەی زاخۆ بۆ ئەم وەرزە بە هێنانی تەلاڵ بلووشیی قەتەریی وەکو ڕاهێنەر دەستیان بە هێنانی یاریزانان و ستافێکی تازە کردووە بۆ تیپەکەیان، بۆ ئەوەی بتوانن ئەم وەرزە ڕکابەریی سەرجەم یانە بەشداربووەکانی خولەکە بکەن، کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستی هەریەك لە یاریزانان(یونس عەبد) تازە کردەوە، پاتریك مارسیلینۆی بەرازیلی لە هێڵی بەرگری، کلیۆن سانتۆسی بەرازیلی هێرشبەر، حەمید حاجی گرێبەستی تازە کردەوە، موهەیمەن سەلیم لە یانەی کارەبا لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات، محەمەد زیا لە یانەی ڤارگاردی سوێدی، عزەدین عەبدولڕەزاق لە یانەی پرۆدیفتکی یۆنانی، ئەحمەد نازم لە یانەی ئەمانە، سەیف جاسم لە یانەی نەفتی وەست، ئەحمەد سەرتیپ لە یانەی هەولێر، زەینەلعابدین لە یانەی تەڵەبە، گۆڵپارێز عیماد عیسا، ڕەمەزان سەدیق گرێبەستەکەی تازە کردەوە، گۆڵپارێز عەلی کازم لە یانەی نەفتی وەست، شیڤان جەمیل گرێبەستی تازە کردەوە، ئاریان جەوهەر لە یانەی سیروانی نوێ، ڕودریك کابویی زامبی، ئیسماعیل یاسین، حوسێن فەلاح لە یانەی جەوییە، ئێنك سووسای بەرازیلی لە خولی ئەلبانی)، یانەی زاخۆ دەیەوێت ئەم وەرزە بە هێنانی ژمارەیەك یاریزانی ئەستێرە لە یانەکانی دەرەوی عێراق و ناوەوەی عێراق و لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەستێرە کوردەکانی یانەکەی، ئەنجامی گەورە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی تۆمار بکات، جگە لەوەش زەنگی مەترسیی بۆ سەرجەم یانەکانی دیکەی عێراقی لێبدات، بۆیە کارگێڕیی یانەی زاخۆ بەر لە دەستپێکی وەرزی نوێی خولەکە، دەیەوێت دەست بە ئامادەکارییەکانی بکات و ڕاهێنەری یانەکەش گەیشتووەتە شاری زاخۆ بۆ ئەوەی دەست بە ئامادەکارییەکان بکەن.




# سەرهەنگ موحسین بەهۆی نەهاتنە پێشەوەی یانەکانی کوردستان ڕووی لە نەجەف کرد

هەر چەندە ژمارەیەك لە یانەکانی کوردستان بەشدارن لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی لە شارە جیاوازەکان، بەڵام یاریزانە کوردەکانی شارەکان ڕوو لە ناوەڕاست و باشووری عێراقی دەکەن بۆ یاریکردن، سەرهەنگ موحسین گۆڵپارێزی پێشووی یانەی هەولێر کە ماوەی چەندین ساڵ لە ریزی یانەکە یاریی کردووە و دەستکەوتی زۆری لەگەڵ یانەکە بەدەست هێناوە، ماوەی چەند وەرزێکی سەرکەوتووی لەگەڵ یانەی ئەمانەی شاری بەغداش بەڕێ کرد و توانی یانەکە بگەڕێنێتەوە ڕیزی یانە نایابەکانی عێراقی، لە ئێستادا سەرهەنگ دەیەوێت لەگەڵ یانەی نەجەف بگاتە ڕێککەوتن بۆ یاریکردن، لەم بارەشەوە سەرهەنگ موحسین بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەگەڵ یانەی نەجەف قسەمان کردووە و هەوڵی ئەوە دەدەین بگەینە ڕێککەوتنی کۆتایی و گرێبەستەکەمان واژوو بکەین»، لەبارەی داواکردنی یانەکانی کوردستانیش کە بەشدارن لە خولی عێراقی، سەرهەنگ گوتیشی: «هیچ کارگێڕییەك لەمن نەهاتە پێش بۆ ئەوەی قسە لەسەر چوونم بۆ یانەکان بکەم، دوو یانەی دیکەش گرێبەستیان پێشکەش کردبووم، بەڵام من بەڵێنم بە یانەی نەجەف داوە بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ بکەم، کاتێك هیچ کارگێڕییەك نەهاتووەتە پێش، پێم باشە لەم بارەیەوە حەزم بشارمەوە»، سەرهەنگ موحسین یەکێك لە گۆڵپارێزە بەتوانا و بە ئەزموونەکانی کوردستان و عێراقە و ڕۆڵی دیاری هەبووە لەگەڵ ئەو یانانەی یاریی کردوە، ئەنجامی بەرچاوی بەدەست هێناوە، چەند وەرزێکە لە شاری بەغداد یاری دەکات و خاوەن ئاستێکی بەرزە لە بەرگریکردنی لە گۆڵەکەی لەگەڵ یانەکان.






# لە نێوان چەندین یانە ڕەوا یوسف هەولێری هەڵبژارد

دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر دەستی بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ هێنانی یاریزانان و تازەکردنەوەی گرێبەستەکان لەگەڵ یاریزانانی تیپەکەی، ڕەوا یوسف یاریزانی شاری هەولێر و یەکێك لە ئەستێرە دیارەکانی یانەکە، ئەمساڵ لە خولی نایاب توانی ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەی هەولێر پێشکەش بکات، بەڵام ڕەوا لە پێناو هەولێر سەرجەم گرێبەستەکانی ڕەت کردەوە بۆ یاریکردن لە ریزی یانە درێس زەردەکان، لەم بارەشەوە رەوا یوسف بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەر یەك لە یانەکانی مینا و نەفت و تەڵەبە داوای گرێبەستیان لێم کردبوو، بەڵام لەگەڵ یانەی هەولێر گەیشتمە رێیکەوتن و گرێبەستەکەم تازە کردەوە، یانەکانی بەغدا زۆر داوایان کرد یارییان بۆ بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەی گەیشتوومە رێککەوتن و داواکارییەکانی منیان جێ بەجێ کرد، بۆیە منیش هەولێرم پێ باشتر بوو، دەمەوێ خزمەتی شاری هەولێر بکەم و بتوانم ئاست و ئەنجامی شایستەتر پێشکەش بکەم لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، ئێستاش چاوەڕوانی دەستپێکی ئامادەکارییەکانم و یانەی هەولێریش یەکێك لە یانە بەهێزەکانی عێراقە و دەمەوێ لەگەڵ ئەو یانەیە ئاست وئەنجامی گەورە دەستەبەر بکەم و، ببمە یەکێك لە ئەستێرەکانی خولەکە. گۆڤاری گوڵان ئەوەی زانیوە یانەی نەورۆزی شاری سلێمانی داوای ڕەوای کردووە، بەڵام بەهۆی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ هەولێر یانەی نەورۆزیش بێ هیوا بووە.

# بۆچی کەسانی پەست و بێزار تووشی خەمۆکی دەبن؟

ئەوە سەلمێنراوە کە پەستی Anxiety هاندەرە بۆ تووشبوون بە خەمۆکی Depression، بۆنموونە ٤٠-٥٠٪ی حاڵەتەکانی پەستی تووشی خەمۆکی دەبن، بە پێچەوانەشەوە تووشبووانی خەمۆکی بە هەمان ڕێژە تووشی پەستی دەبنەوە. پەستی تەنیا تووڕەبوون و نیگەرانی و نۆرەی ترس و تۆقین ناگرێتەوە، بەڵکو هەستکردن بە لەدەستدانی کۆنترۆڵی ناوەوەش دەگرێتەوە، کە ڕێگە بۆ خەمۆکی خۆش دەکات، بۆنموونە پەستی هۆکارە بۆ بیرکردنەوەی پەرش وبڵاو سەبارت بە نیگەرانییەك یان گرفتێك، پاشان هەستکردن بە ناخۆشی و نەبوونی توانا بۆ چارەسەرکردن، بەمەش تووشبوو دەچێتە ناو سنووری خەمۆکییەوە. پەستی و خەمۆکی پەیوەندیی ئاڵۆزییان هەیە، بۆیە لەکاتی تووشبوون بە پەستی، پێویست بە چارەسەرکردنی خێرا و بێ دواکەتن دەکات، ئەگینا دەرگا واڵا دەبێت بۆ تووشبوون بە خەمۆکی، بێگومان ئەوکاتە چارەسەرکردنیش قورستر دەبێت. نیشانەکانی پەستی و خەمۆکی بەیەکەوە: نیگەرانی و ترسێکی نالۆجیکییانەی بەردەوام، گرفت لە چوونە خەو یان بەردەوامبوون لە خەو، گۆڕان لە نەریتەکانی خواردن بە شێوەی کەم خواردن یان زیاد خواردن، گرفت لە بیرهاتنەوە و تەرکیز و بڕیاردانەدا، هەستکردنی بەردەوام بە خەم و بێ بەهایی، نەمانی ئارەزوو بۆ حەز و چالاکییەکان، هەستکردن بە هیلاکی، ڕوودانی نۆرەی تۆقین و هەستکردن بە ونکردنی کۆنترۆڵی ناوەوە، پەیدابوونی نیشانەی جەستەیی وەکو هەستکردن بە ماندووبوون، سەرئێشە، دڵەکوتێ.





# باشترین و خراپترین سەرچاوەکانی پرۆتین

پرۆتین زۆر گرنگە بۆ تەندروستی، زۆربەی خەڵك كە باسی پرۆتین دەكرێت، بیر لە گۆشت دەكەنەوە، بەڵام ئایا كام جۆری گۆشت و كام سەرچاوەی پرۆتین باشترن بۆ تەندروستی، باشترین و تەندروستترین سەرچاوەكانی پرۆتین Healthy proteins بریتین لە:

- سینگی مریشك، بۆنموونە هەر ١٠٠ گرام سینگ ٣١ گرام پرۆتینی بێ چەوری لەخۆدەگرێت لەگەڵ ڤیتامینەكانی B3، B6، B12، كانزای سیلینیۆم و فۆسفۆر. .
- هێلكە كە نزیكەی ٦-٨ گرام پرۆتینی تەواو لەخۆدەگرێت، واتە ٩ ترشە ئەمینیی گرنگ لەگەڵ ڤیتامینەكانی B، D، ماددەی كۆلین Choline، چەوریی ئۆمیگا٣.
- ماسی سالمۆن كە سەرچاوەیەكی گرنگە بۆ پرۆتین، بۆنموونە هەر ١٠٠ گرام سالمۆن ٢٠ گرام پرۆتینی تێدایە لەگەڵ چەوریی ئۆمیگا٣.
- تۆ و كاكڵەكان،بۆنموونە پاقلەی سودانی Peanuts كە هەر ١٠٠ گرام پاقلەی سودانی ٢٦ گرام پرۆتین لەخۆدەگرێت، هەروەها باوی، فستق، گوێز، تۆوی كەتان، سەرچاوەی باشن بۆ پرۆتینی ڕووەكی.
- پاقلەمەنییەكان وەكو: نیسك، پاقلە، نۆك، فاسولیا، لۆبیا، ماش، سۆیا، هەموویان سەرچاوەی باشن بۆ پرۆتینی تەندروست، هاوكات لەگەڵ ڕیشاڵ و چەندین ڤیتامین و كانزا.

سەرچاوە ناتەندروستەكانی پرۆتین: گۆشتی پرۆسێسكراو وەكو هۆتدۆگ، باكۆن، سۆوسەج سەلامی، پێپەرۆنی..تاد، گۆشتی سووری چەوری ئەو ئاژەڵە خۆماڵییانەی كە بە دانەوێڵە خودان كرابن Grain-fed كە هاندەرە بۆ زوو گەشەكردن و زیادبوونی كێش، پاودەری پرۆتین Protein powder بە كوالیتیی نزم، هەروەها هەندێك لە بەرهەمەكانی شیر.

# بۆتۆكسی قژ چییە؟

بۆتۆكسی قژ Hair botox بە پێچەوانەی بۆتۆكسی پێست بە شێوەی دەرزیی پێست نییە و هەمان ماددەی بۆتۆكس نییە، ئەگەرچی بە هەڵە هەمان ناوی هەیە، بەڵكو بریتییە لە شێداركردن و داپۆشینی قژ بە ماددەی كیراتین یان كۆلاجین، بە مەبەستی چاكردنەوەی ڕیشاڵی تاڵە مووە ناسك و شكاوەكان، بەمەش قژ درشتتر و تەندروستتر دێتە بەرچاو، كە بەهێزتر و خۆڕاگرترە بەرانبەر بە شكان یان پچڕانی ڕیشاڵەكانی، بە مانایەكی دیكە، بۆتۆكسی قژ واتە قژێكی بەهێز و لووس و بریقەدار. بەگشتی، پێكهاتەكانی بۆتۆكسی قژ بریتین لە: ڤیتامین E، ڤیتامین B5، زەیتی كافیار Caviar oil، مادەی دژەئۆكسان لەگەڵ ئاوێتەی كۆلاجین كە كۆلاجین و چەند ماددەیەكی دیكە دەگرێتەوە.



بۆتۆكسی قژ بۆ كام جۆری قژ گونجاوە؟ جگە لە جوانكاریی قژ، بۆتۆكسی قژ گونجاوە بۆ ئەم حاڵەتانە: قژی وشك، قژی لوول، حاڵەتەكانی زوو زوو بۆیەكردنی قژ، ئەو كەسانەی كە قژیان زۆر ناسك و باریكە، بەركەوتنی زیادی قژ بە تیشكی سەرووی وەنەوشەییی تیشكی خۆر، زیاد بەكارهێنانی وشككەرەوەی گەرمی قژ (سیشوار)، هەروەها بۆ ئەو كەسانە گونجاوە كە لە كەشی شێداردا دەژین.

# شیردانی سرووشتی بۆ شەش مانگ دڵی ئافرەت بۆ سێ ساڵ دەپارێزێت!

ئەمە ڕوونە کە شیردانی سرووشتی سوودی زۆری بۆ کۆرپە و دایك هەیە، بەڵام سوودێکی دیکەی شیردانی سرووشتی لە ئەنجامەکانی نوێترین لێکۆڵینەوەی زانکۆی (ئەدیلەید) ی باشووری ئوستralیا، ڕوونکراوەتەوە کە شیردانی سرووشتی بۆ ماوەی شەش مانگ، دایك لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ بۆ ماوەی بەلای کەم سێ ساڵ دەپارێزێت، بۆنموونە هاندەرە بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن و کۆنترۆڵکردنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن. ئاماژە بەمەش کراوە کە شیردانی سرووشتی زیاتر پێویستە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لەکاتی دووگیانیدا ئەگەری تووشبوونیان بە ئاڵۆزییەکانی دووگیانی بەرزە بەتایبەتی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی شەکرە، هەروەها ژاراویبوونی دووگیانی Preeclampsia. دیسان لە ئەنجامەکاندا هاتووە کە شیردانی سرووشتی بۆ ماوەی شەش مانگ، جگە لە دابەزاندنی پەستانی خوێن، یارمەتیدەرە بۆ ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن و هۆرمۆنی ئینسولین، هەروەها کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش کە هەنگاوی ئەرێنیی دیکەن بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی WHO ڕێنمای ئافرەتان دەکات بۆ شیردانی سرووشتی بەلای کەم بۆ ماوەی شەش مانگ و واباشترە کە بۆ ١٢ مانگ بێت، کە هاندەرە ڕێکخستنی بەرچاوی پەستانی بەرزی خوێنی درێژخایەن و نەخۆشیی شەکرە.



# بەهای خۆراکیی گوێزی هیندی

گوێزی هیندی Coccnut یان بەشە سپییە سەرەکییەکەی کە وشك دەکرێتەوە و وەکو پاودەر ورد دەکرێت، جگە لە چێژ و بۆنە خۆشەکەی، بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە. گوێزی هیندی، ڕێژەیەکی بەرزی چەوری و ڕێژەیەکی کەمی کاربۆهیدراتی تێدایە و دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ، لەگەڵ کۆمەڵێك ڤیتامین و کانزا وەکو: کۆمەڵەی ڤیتامین B، سۆدیۆم، پۆتاسیۆم، مەنگەنیز، کۆپەر، فۆسفۆر، سیلینیۆم، ئاسن، هەروەها چەندین ماددەی دژەئۆکسان. گوێزی هیندی ڕێژەیەکی بەرزی کۆلیستیرۆڵی باش HDL لەخۆدەگرێت، کە سوودبەخشە بۆ تەندروستیی دڵ. سوودە تەندروستییەکانی گوێزی هیندی: کۆنترۆڵکردن و خۆپاراستن لە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، پاراستنی تەندروستیی ئێسك و ددانەکان، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس و هاندانی هەڵمژینی ماددە خۆراکییەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی وزەی لەش و درێژکردنەوەی ماوەی هەستی تێربوون و ڕێگرتن لە زوو هەستکردن بە برسیبوون، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، هەروەها کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش و کەمکردنەوە ڕێژەی چەوریی سك.



## ئایا سۆشیال میدیا شەکەتی سووک دەکات؟

تویێژەرانی زانکۆی ڕادباود/هۆڵەندا جەخت دەکەنەوە کە بەکارهێنانی مۆبایل و ئامێرەکانی دیکەی سۆشیال میدیا کە پێویست نەکات، بووەتە خۆراکی خێرا بۆ تێرکردنی مێشك، کە تەنیا بریتییە لە کالۆریی بەتاڵ. بە مانایەکی دیکە، بەکارهێنانی سۆشیال میدیا هەرگیز هیلاکی و شەکەتی دەروونیی کار و ژیانی ڕۆژانەت سووك ناکات، بەڵکو ئاستی هیلاکیت زیاتر دەکات. ئاماژە بەوەش کراوە کە حاڵەتێك هەیە بە ناوی سترێسی مۆبایل Phone stress، کە بریتییە لە پاڵنەری بەردەوام بۆ سەیرکردن و چێککردنەوەی مۆبایل وەکو حاڵەتێکی ڕاهاتن، کە دەگاتە حاڵەتی بێزاری و دووبارە گەڕانەوە بۆ مۆبایل، سمارتفۆن و سۆشیال میدیا هەستێکی پاڵنەر پەیدا دەکەن کە هەموو جارێك ئاسوودەمان ناکەن. پسپۆران ڕێنمایی دەکەن کە لەکاتی هەستکردن بە شەکەتیی کار و پیشە یان هەر چالاکییەکی ڕۆژانەدا، هەوڵ بدە کە لەجیاتی پەنابردن بۆ مۆبایل و سۆشیال میدیا، لەگەڵ کەسێك گفتوگۆ بکەیت، یان هەواگۆڕییەکی کورت ئەنجام بدەیت، یان شتێك بخوێنیتەوە، بەمە شەکەتییەکەت سووك دەبێت و دوور دەکەوتەوە لە پەیوەستبوون یان ڕاهاتن لەسەر مۆبایل.



## ئەو خۆراکانەی توانای بیرهاتنەوە کەم دەکەنەوە!

بۆ هێشتنەوە و بەهێزکردنی توانای یاد و بیرهاتنەوە، پێویستە کە بڕی زیاتر لەو خۆراکانە بخۆیت کە هاندەرن بۆ باشترکردنی فرمانی خانەکانی مێشك، وەکو شوکولاتەی تاریك، ئاڤۆکادۆ، سالمۆنی چەور، جۆرەکانی توو، لەگەڵ برۆکۆلی، هاوکات لەگەڵ دوورکەوتنەوە لەو خۆراکانەی کە توانای بیرهاتنەوە کەم دەکەنەوە وەکو: کاربۆهیدراتە سافکراوەکان کە شەکری خوێن خێرا بەرز دەکەنەوە، گۆشتی پرۆسێسکراو، ڕۆنی ڕووەکی جگە لە زەیتی زەیتوون کە دەوڵەمەندن بە ئۆمیگا٦ کە کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر توانای یاد و لە کاریگەریی چەوریی ئۆمیگا٣ کەم دەکەنەوە ئەو چەورییەی کە سوودبەخشە بۆ فرمانەکانی مێشك، شلەمەنییە شیرینکراوەکانی وەکو سۆدا، سپۆرت درینك، شەربەت یان شیرەی دەستکردی میوە، خواردنەوە وزەبەخشەکان، ئەو جۆرانەی ماسی کە ڕێژەیەکی بەرزی جیوە لەخۆدەگرن وەکو ماسی تونە، چەورییە نێوەندەکان Trans Fats یان هایدرۆجینکراوەکان کە کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر تواناکانی مێشك، خۆراکی خێرا، ماددەی شیرینکاری ئەسپارتەیم Aspartame کە چێژەکەی نزیکەی ٢٠٠ جار لە شەکری ئاسایی شیرینترە و کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر تواناکانی مێشك، پەنیر کە دەوڵەمەندە بە چەورییە تێرەکان، برنجی سپی کە زیاد خواردنی هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی ئەلزهایمەر، ساسی سۆیا Soy sauce کە ڕێژەیەکی بەرز لە ماددەی MSG لەخۆدەگرێت، کە هۆکارە بۆ تەسکبوونەوەی بۆرییەکانی خوێن لە مێشکدا.



# ئامێرێک بۆ کەمکردنەوەی ئازاری جومگەکان



زۆر نەخۆشی هەن ئازاری زۆریان هەیە و درێژخایەنیشن، وەك نەخۆشی داڕووخانی جومگگەکان (سەوەفان) یا ئەو ئازارانەی بەهۆی وەرزش و پێکانەوە تووشیان دەبی.

ئامێری Kineon The Move بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، ئامێرێکی لەیزەری پزیشکییە و یارمەتی بەکارهێنەرەکەی دەدات زووتر باش بێتەوە و یا هەر نەبێ ژانی کەم بێتەوە. بە هۆی ئەو ئامێرەوە شەوانە باشتر دەخەوی. زۆر لەوانەی ئەو ئامێرەیان بەکارهێناوە دەڵێن پاشماوەیەك نە تەنیا ئازارمان نەماوە و بەڵکو نەخۆشییەکەشمان نەماوە. دوو تیشکی سوور و سەرووی سوور تێکەڵ بەیەك دەبن و سووڕانی خوێن زیاتر دەکەن و بەهۆیەوە ئازار کەم دەبێتەوە.

## کیبۆردێکی نـــــــــ

کیبۆرد ئامرازێکی گرنگە لە کۆمپیوتەر و هەموو ئەو دوگمانەی کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کۆمپیوتەر پێویستن لەسەر کیبۆرد هەن. کیبۆرد واتای تەختەی دوگمەکان دەدات.

کیبۆردەکان گەلێك جۆرن و هەموویان لە ئەرکدا یەك ئەرك ئەنجام دەدەن، بەڵام بە هەندێك جیاوازییەوە. کیبۆردی جۆری KT68 کیبۆردێکی ناوازەیە، هەم لە دیزایندا و هەم لە کارئاسانیدا. دوگمەکانی شەفاف و روونن هەرکام گلۆپێکی LED هەیە کە بە ویستی خۆت دەتوانی ڕەنگی گلۆپەکان بگۆڕی. دوگمەکان بە ئاسانی دەردەهێنرێت و دەکرێ دوگمەی دیکەی بۆ دابندرێ. شاشەیەك لەسەرەوەی کیبۆردەکە

## کۆمپیوتەرێک بچـــــــــ



زۆر لەو ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیانەی کە لە فیلمە خەیاڵی زانستییەکاندا دەیانبینین، ڕەنگە ڕۆژێك لە چوارچێوەی خەیاڵ بێنەدەر و ببن بە راستی. بۆ نموونە هیچ کەسێك دە ساڵ لەمەوبەر بە خەیاڵیشدا نەدەهات کۆمپیوتەرێکی بچووك بەقەد مۆبایلێك بەرهەم بێت کە هەموو ئەرکەکانی کۆمپیوتەر ئەنجام بدات. کۆمپیوتەری جۆری ZimaBoard کۆمپیوتەرێکی بچووکە، بەڵام تایبەتمەندی کۆمپیوتەرە مەزنەکانی هەیە. میمۆری یا هاردەکەی ٣٢ گیگابایتەو ڕامەکەی ٨

## ڕۆبۆتـــــــــ



ڕۆبۆتی میکۆ٣ (mico3) بە تەنیا ڕۆبۆتێکی زیرەك نییە، بەڵکو هاوڕێیەکی ڕاستەقینەشە بۆ بەکارهێنەرەکەی. بەناوی خۆی خاوەنەکەی بانگ دەکا، گەمەی لەگەڵ دەکا، ئەگەر بێ تاقەت بووی لەلات دەبێت و بە سەما و یارییەکانی خەفەتت لەبیردەباتەوە. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەیەوێ باشتر خاوەنەکەی بناسێ.

## ـــــــــاوازەو تایبەت




هەیە کە زیاتر بۆ نیشاندانی هێمای مۆسیقییە. دوگمەیەکی گەورە لە تەنیشتی و لەلای ڕاست هەیە کە دەکرێت هێماکانی سەر شاشەکە بگۆڕی و هەم دەکرێت مایکرۆکانی پێ بگۆدرێ. بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەتەوە دەکرێت بۆ هەر دووگمەیەك مایکرۆیەکی تایبەت دابندرێ بۆ کار ئاسانی بەتایبەتی لە پرۆگرامەکانی زنجیرەی ئەدۆب و زنجیرەی ئۆفیسی مایکرۆسۆفت سوودیان لێدەبینیدرێ. کیبۆردەکە وەك ئامێری تایبکردنی کلاسیك (گابعە)یە چونکە بە داگرتنی هەر دووگمەیەك دەنگێکی هاوشێوەی تایبکردن لێدێت. بۆ پەیوەندی لەگەڵ کۆمپیوتەر دەکرێت هەم بەکابڵ بێت هەم بە وای-فای و هەم بە بلوتوس. لەسەریەك کیبۆردەکە بۆ تایبکردن ئۆرگۆنۆمیکە و ئازاری پەنجەکان نادات.

## ـــــــــووکتر لە مۆبایل

گیگابایتە. و دەکرێت بە ئاسانی هاردی دیکەی بۆ دابندرێ. دوو شوێنی دانانی USB و دوو شوێنی دانانی ئینتەرنێت و هەروەها شوێنی دانانی مۆنیتۆری هەیە. کێشی کۆمپیوتەرە بچووکەکە تەنیا ٢٧٨ گرامە. ئەم کۆمپیوتەرە بچووکە دەکرێت لە تەلەڤزیۆنیش پەیوەند بدرێ و فیلمە سینەماییە 4Kەکان ساپۆرت دەکات. سیستەمی ویندۆز١٠ی بۆ دادەنرێ و دەکرێت پرۆگرامە پێویستییەکانی لەسەر دابندرێت.





## ـــــــــیmiko 3

میکۆ منداڵی زۆر خۆش دەوێت، هانیان دەدات زیاتر فێر بن، پرسیاریان لێدەکات و یاری نوێیان فێر دەکا. کاتێك ماڵ و منداڵتان گەشتیان کردووە، میکۆ پەیوەندیی ڤیدیۆیان پێوە دەکات. ڕۆبۆتەکە زیاتر بۆ منداڵانە و بۆ منداڵی ٥ هەتا ١٢ ساڵی دەگونجێت.

# هیدفۆنی پاڵاوتنی دەنگ و هەوا

شارە قەرەباڵغەکان جگە لەوەی کەش و هەوای ناسازگاری هەیە و قەرەباڵغی ژاوەژاویش ئاڵوودەیی دەنگ زۆر دەکا، کێشەی ژاوەژاو Noise pollution کە بەداخەوە کەمتر باسی لێوەدەکرێت کەمتر نییە لە پیسبوونی ژینگە و ئاڵوودەبوونی هەوا.

کۆمپانیای دایسۆن هیدفۆنێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە هەم کێشەی ژاوەژاو ناهێڵێ و هەم هەوا پاڵاوتە دەکات. هیدفۆنە تایبەتەکە بە Dyson Zone ناسراوە. ئەم بیرۆکەیە لە سەردەمی کۆرۆنادا ڕوویدا کە سەرەڕای بەستنی دەمامك هێشتاش مەترسی هەوای ناپاك هەر لە گۆڕێ دابوو. هیدفۆنەکە دەنگە دەنگ کەم دەکاتەوە هەواش هەتا ٩٩٪ پاك دەکاتەوە تەنانەت گەردیلەی کەمتر لە میکرۆنیش بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. کێشەی هەوا کە بە زۆری لە شارەکاندا هەیە و بەتایبەت بە بڵاوبوونەوەی دوو گازی مەترسیداری ئۆکسید نیترۆژن و دی ئۆکسید گۆگرد، بەڵام هیدفۆنەکە مەترسی ئەو دوو گازە ناهێڵێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت wi-fi direct لە مۆبایلدا چ کارێك ئەنجام دەدات؟**

خوێنەری بەڕێز wi-fi direct یەکێکە لە پڕ سوودترین خزمەتگوزارییەکانی مۆبایل، کە لە هەردوو سیستەمی ئای ئۆ ئێس و ئەندرۆید دا هەیە. سیستەمی wi-fi direct بۆ پەیوەندی لە نێوان دوو ئامێر دایە بەبێ هێڵی ئینتەرنێت. بۆ نموونە نیازت هەیە فایلێکی گرنگ بۆ هاوڕێیەکت بنێری، پێتوایە بلوتوس باشترین سیستەمی گواستنەوەی بێ وایەرە، نازانێت باشترین سیتسەمی بێ وایەر wi-fi directە. ئەم سیستەمە بۆ پەیوەندی لە نێوان پرینتەر، کۆمپیوتەر، تەلەڤزیۆنی زیرەکە. خێراییەکەی دە قات زیاترە لە بلوتوس و پێویستی بە هیچ پرۆگرامێکیش نییە بۆ پەیوەندی دامەزراندن. هەروەها دەتوانێت قەبارەیەکی زۆر لە داتا بە یەکجار بنێرێت. بە مەودایەکی دوورتر لە بلوتوس.

# پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی کتێبخانەی مەجازی

خوێندنەوەش لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا گۆڕانی گەورەی بەسەرداهات، کتێبی کاغەز دوور نییە لە داهاتوودا کەم بێتەوە و یا هەر نەمێنێ. کتێبخانە ئەلکترۆنییەکان گەلێکن. ئامێری خوێندنەوەی کتێبی دیجیتالیش زۆرە. تەبلێت، کتێبخوێنی ئەلکترۆنی، موبایل و کۆمپیوتەر...تاد. پرۆگرامی تایبەتی هەیە بۆ خوێندنەوە و ڕێکخستنی کتێبە ئەلکترۆنییەکان، یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی Calibreە. پرۆگرامەکە لەلایەن (Kovid Goyal) بەرهەم هاتووە و بەیەکێك لەسەرکەوتووترین پرۆگرامەکان دادەنرێت. زۆربەی فۆرماتەکانی تایبەت بە خوێندنەوە وەك PDF, OMBI, EPUB دەخوێنێتەوە. ئەو تایبەتمەندییانە بۆ ئەو کەسانە باشە کە بۆ خوێندنەوەی کتێب فۆرماتەکان دەگۆڕن. بەکارهێنەر دەتوانی کتێبخانە مەجازییەکەی بە ویستی خۆی ڕێکبخات و ڕیزبەندی بکات.





# کاتژمێرێکی شاشە چەماوەی زیرەک

لە سەرەتادا چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کاتژمێرە زیرەکەکان شوێنی مۆبایل بگرنەوە، بەڵام بەو جۆرەی پێویست بوو، گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدرا، هەرچەندە لەو نێوەدا بە دەیان جۆر کاتژمێری زیرەك بەرهەمهاتن و بەرهەم دێن. کاتژمێری زیرەکی جۆری zte nubia watch لەگەڵ ئەوەیدا هەموو تایبەتمەندییەکی کاتژمێرێکی سمارتی هەیە بەڵام لە دیزاینیشدا جیاوازە. شاشەکەی چەماوەیە و زیاتر لە نیوەی مەچەك دەگرێت. کێشی کاتژمێرەکە ٩٨ گرامە. ڕامەکەی ١ گیکایە و ٨ ترابایت میمۆرییەکەیەتی. جگە لەوەی کە بۆ گشت بوارەکانی وەرزشی دەگونجێت، سیستەمی لێدانی دڵیشی تێدایە، لەگەڵ ڕێژەی ئۆکسیجین. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و بەهۆیەوە دەکرێت وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە. خودی کاتژمێرەکە لە ئەلۆمینیۆمی دژە ژەنگ دروستکراوە و ئاو ناچێتە ناویەوە. بلوتوس و وای-فای و GPS هەیە.



## ماڵپەڕێک بۆ نەخشەسازی بۆ هەموو بۆ دیزاین و گرافیک

دیسان ماڵپەڕێکی دیکەی زیرەکی دەستکرد تایبەت بە نەخشەسازی و گرافیك، ماڵپەڕی designer.microsoft.com یەکێکە لە ماڵپەڕە سەرکەتووەکانی بواری نەخشەسازی و گرافیك و هەروەها دروستکردنی ئاپەکانی مۆبایل. ئەو ماڵپەڕە لە ئامرازەکانی مایکرۆسۆفت سوود وەردەگرێ. سەدان جۆری فۆرم و تێمی لە پێشدا ئامادەکراوی تێدایە. بەکارهێنەر دەتوانی بە هەندێك گۆڕانکاری بچووك بە ویستی خۆی بیانگۆڕێ. هەروەها ماڵپەڕەکە لە زنجیرە پرۆگرامەکانی ئەدۆبیش سوود وەردەگرێ. ماڵپەڕەکە گرنگییەکی زۆری داوە بە نەخشەسازی برۆشۆر، پۆستەر، بێنەر و کارتی ریکلام. هەموو ئەو کارئاسانیانەش لە سایەی زیرەکی دەستکردەوە جێبەجێ دەبێت.

# کامێرایەکی ناوازەی بچووک

هەرچەندە مۆبایل کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کەمتر بەرهەمهێنانی کامێرای وێنەگرتن، بەڵام بەو مانایەش نییە ئیدی هیچ کامێرا هیچ رۆڵێکی نەمابێ. کۆمپانیای DJI سەلمێنەری ئەو راستییە کە کامێرای دیجیتالی بەتایبەتی ئەگەر ئەکشن بێ و وێنەی جوڵەدار بگرێ هێشتاش گرنگی خۆی لەدەست نەداوە. بۆ نموونە کامێرای بچووکی DJI Action 2 کە بچووکترە لە مۆبایلێك و زۆر لە کامێرای مۆبایلیش بەهێزترە.



کامێرای ناوبراو دیزاینێکی زۆر ناوازەی هەیە، کامێرا و شاشە دوو بەشی لێك جیان، کامێرا بە هێزی موگناتیسی بە شاشەکەوە دەنووسێت کە بەقەد یەکن. کێشی کامێراکە ٥٦ گرامە و کێشی شاشەکەش ٦٤ گرامە. بە هەردووکیان کیشیان بەقەد موبایلێکی ئاسایی نابێت. قەوارەی هەردووکیان ناگاتە دوو ئینج.

کامێراکە وێنەکان بە کوالیتی 4K دەگرێت، ئەکشن و دژە لەرزینە، بۆ دیمەنی وینەی جوڵەدار وەك گیانداران و یارییە وەرزشییەکان زۆر گرنگە. فۆرماتی وێنەیی JPEG/RAWیە. و فۆرماتی ڤیدیۆیی MP4 (H.264 / HEVC)ە. لە میمۆی کارتی ٢٥٦ گیگابایتی پشتیوانی دەکات.



# جوانترکردنی خشڵەکانی بازن و ملوانکە

ئەستەمە بتوانیت بازن و ملوانکەکان لەسەر هەمان شێواز و مۆد شیك بکەیت، چونکە پێویستی بە کارامەیی و لێهاتوویی هەیە، بەرهەمەکانی مارکەی (سوارفسکی) یەکێکن لە دیارترین نموونەی گۆڕانکاری لە خشڵ و ئێکسسوارەکاندا، چونکە ئەوانە ماوە ماوە مۆدی تازە بەرهەم دەهێنن، تا مانەوە لەسەر ئێکسسوارێك زۆر نەخایەنێت و شێوازەکەی تۆش گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و بەناوبانگ بێت، بەو شێوازە دەگوترێت ڕیمیکس-Remix)، کۆمەڵێك ئێکسسواری تازەی سوارفسکی بەرهەمی هێناوە، کە بازن و ملوانکە دەگرێتەوە و بە شێوازی وردە بەردی کریستال و مووروری ورد لەسەر ئێکسسوارەکاندا، وای کردووە ببێتە جێگەی داواکاری زۆربەی کچان. سەبارەت بە گوارە و تۆقەکانیش مۆدێکی تازەی پێبەخشیون، کە بە ناوی (Mayfly)یە، ئەو شێوازەش ناسکی و ڕازاوەیی پێوە دیارە، کە زۆربەیان درێژ و گەورەن.







## فڵچەکانی ماکیاژ و پاککردنەوەی ڕوخسار

کاریگەریی کەرەستەکانی ماکیاژ لەسەر پێستی ڕوخسار هێندەیە، کە وای کردووە پسپۆڕان بەقسە بهێنێت دەربارەی زیانەکانی ئەو فڵچانەی کە بە شێوەیەکی هەڵە، یان بۆ ماوەیەکی زۆر بەکار دەهێنرێن، چونکە دەبنە مایەی زیانگەیاندن بە پێستی ڕوخسار، هەروەها پاککردنەوەی ماکیاژەکان و پێست یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی جوانکاری، گرنگە ئاگاداری فڵچە و ئیسفنجەکانی لابەری ماکیاژ بیت، چونکە هەندێ جار دەبنە مایەی شێواندنی ناسکی و نەرمیی پێستت، کە ئاگاداریش نیت بۆ بەو ئاستە گەیشتووە. پسپۆڕان دەڵێن فڵچە و ئیسفنجی لابەری ماکیاژ، وەك کەرەستەیەکی پاککردنەوە و تەعقیمکردنی پێست کار دەکات، بۆیە دەبێت هەمیشە پاك و نوێ بێت، هەندێکیان بە کارەبا کاردەکەن و هەندێکی دیکەش بە دەست بەکار دەهێنرێن، دوای پاککردنەوە و لادانی ماکیاژ، فڵچە و ئیسفنجەکە بە جوانی پاك بکەرەوە، چونکە مانەوەی دوای بەکارهێنان، زیانی بۆ پێست و نەرمونیانیی پێستت دەبێت، لە کاتی بەکارهێنانیش پاڵەپەستۆی مەخەرە سەر، بەڵکو زۆر بە هێمنی و نەرمی کاری پاککردنەوەی ماکیاژەکە بکە، بەم جۆرە پێستت بە دوور دەبێت لە شێواندن و تێکچوون.



## شیککردنی تەنوورە لەگەڵ جلی کاجواڵ و ئاسایی

گەرمای هاوینە بۆ هەندێ جلوبەرگ سەختە، وەك پانتۆڵ و جینزە تەسکەکان، بەهۆی ئەوەی جەستە هەوای بەرناکەوێت و بێزارکەریش دەبێت لە ڕووی ئارەقکردنەوە، وێڕای ئەوەی کە جلێکی جیاواز لە پانتۆڵ و جینز بۆ بەشی خوارەوەی جەستە لە نێو زۆربەی خانماندا باوترە لەوەی کچان هێندە حەزی پێناکەن، ئەویش تەنوورەیە، وەك جلێکی کاجواڵ و فەرمی تەنوورە بۆ هەموو شوێن و کاتێك دەپۆشرێت، چونکە جلێکی کراوەیە، تەنوورە درێژ و کورتەکان هەردووانیان لەلایەن خانمانەوە بەپێی سانسۆر و ئاستی خۆیان هەڵیدەبژێرن، لێرەدا باس لە شیککردنی تەنوورەکان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی جلوبەرگ دەکەین، سەرەتا تەنوورە و بەدیی سووت، وەك مۆدی تەنوورەی کراوە لە قوماشی ساتان لەگەڵ بەدیی تەسکی نیوقۆڵ و قۆڵدرێژ ناسك و ڕازاوە دەردەچن، بۆ کاتی گەشت و سەردانی گونجاوە. تەنوورە لەگەڵ کۆرسێ لە شێوەی کراسی نەخشێنراو بۆ چوونە ئاهەنگی تایبەت و بۆنە و یادی لەدایکبوون شیکە، مۆدی تەنوورە لەگەڵ بەدی و قەمیسی ئۆف شۆڵدەر، واتە بێ شان و قۆڵە، کە ئەو جۆرەش بۆ بۆنەی ئاهەنگ و وێنەگرتن گونجاوە.

# پێشبڕکێی پێکەنین و زەردەخەنە

پێشبڕکێیەکی سەیر هەیە کە تایبەتە بە پێکەنین، واتە کێ بتوانێت زۆرترین ماوە پێنەکەنێت، دیاریی پێشبڕکێیەکە دەباتەوە، پێشبڕکێیەکە لە شاری شانسی لە وڵاتی تایوان بەڕێوە چوو، هەر کەسێك بتوانێ بۆ ماوەیەك خۆی بگرێت کە جوولە نەکات و پێنەکەنێت، خەڵاتێکی باشی پێشکەش دەکرێت، بە بەشداری نزیکەی (٥٠٠) کەس پێشبڕکێیەکە بەڕێوە چوو، لەو کاتەی کەسێك خۆی دەگرێت یەکێکی دیکە دێت و گاڵتەی پێدەکات و قسەی خۆش و نوکتەی بۆ دەڵێت، مەرجە ئەو کەسە ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێك خۆی بگرێت، لەم پێشبڕکێیەدا کچێکی تایوانی بە ناوی (لیانگ دانی) توانی بۆ ماوەی کاتژمێرێك و (٢٠) خولەك خۆی بگرێت و خەڵاتی پێشبڕکێیەکە وەربگرێت.



# کەناڵە ئاویە سەمەرەکانی گۆناباد

کانییەکانی ئاو لە سەراپای جیهاندا بە چەندین جۆری سەیر هەن، یەکێك لەوانە: کەناڵەکانی گۆناباد، دەکەوێتە شاری گۆناباد لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی لە ئێران، یەکێکە لە کۆنترین و گەورەترین کانییە ئاوییەکانی جیهان کە لە نێوان ساڵانی ٧٠٠-٥٠٠ پێش زایین دروستکراوە، ئەم تونێلە ئاوییە دێرینە یەکێکە لە شوێنە شارستانییەکان کە لە یونسکۆ تۆمارکراوە، ئەم کەناڵە ٤٢٧ بیری تێدایە کە درێژی کۆی گشتی ٣٣ هەزار و ١١٣ مەتر دەبێت، کەناڵی گوناباد تا ئێستاش ئاو بۆ زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس دابین دەکات.







# پانتۆڵی جیهانی لە شێوەی شەڕواڵ و دەرلینگی کوردەواری

مۆدەکانی جلی کوردی ماوەیەکە لە زۆربەی براندەکانی جیهاندا ڕەنگ دەداوەتەوە و هەر شێوازێکی بە جۆرێك دیزاینی بۆ کراوە، چ لە ڕێگەی دەستکاریکردنەوە بێت، یان لەسەر هەمان ڕیتم و مۆدی کوردەواری وەك شەڕواڵ و دەرقاچەی ئافرەتان وەك مۆدێکی باو دەناسرێن، (خاترۆن خالید) دیزاینەرێکی ناوداری جیهانە، زۆربەی مۆدی پانتۆڵەکانی پیاوانی لەسەر شێوەی شەرواڵی کوردی دیزاین کردووە و بڵاوی کردووەتەوە. هەروەها مارکیۆی یو ئەی ئۆکرانی کە براندێکی جلوبەرگە، ئەویش مۆدی پانتۆڵی ئافرەتانی لەسەر هەمان شێوازی کۆنی دەرقاچەی ئافرەتانی کوردی وەرگرتووە و ئێستاش لە زۆربەی نمایش و بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە جلێکی خۆشە بۆ لەبەرکردن و مایەی بێزارییش نییە. دیزاینەر مەیلانکۆ، تەواوی بەرهەمەکانی لە شێوەی شەرواڵی کراوەیە، هەروەها لەسەر هەمان شێوازی قوماشی کل دیزاینی کردووە و یەکێکە لە خاوەن پڕ فرۆشترین بەرهەمەکانی پانتۆڵ.



# پەیکەرە زەبەلاحەکەی جیهان

پیاوی زەبەلاح پەیکەرێکی ئاسنە دەکەوێتە نزیکی (٢٥٠) کیلۆمەتر لە پایتەختی ویلایەتی (گوجارات)، کە لە ساڵی (٢٠١٣) کاری تیایدا دەکرێت و لە ئێستادا کۆتایی قۆناغەکانیەتی، پەیکەرەکە (١٨٢) مەتر بەرز دەبێت، بڕی (٤٣٠) ملیۆن دۆلاری تێچووە، ئەو پەیکەرە کە هی کەسێکی ناوداری گوجاراتە کە ناوی (سارادار فالابای باتل) بووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی وڵاتی هیندستان، لە پەیکەری بودای چین بەرزترە، هەروەها بەرزتریش دەبێت لە پەیکەری ئازادی وڵاتی ئەمریکا، ئەو پیاوە بە پیاوی ئاسنین ناسراوە، چونکە داکۆکی لە مافی هیندستانییەکان دەکرد و هەروەها دژایەتی داگیرکردنی وڵاتی بەریتانیای دەکرد.



## قاوەخانە و چێشتخانەی خشۆکەکان




ئەو قاوەخانەیە دەکەوێتە شاری (بنومبنا) لە وڵاتی کەمبوودیا، لەو شوێنەدا تەنیا خواردنی خشۆك و گیاندارە بچووك و ترسناکەکان پێشکەش بە خەڵك دەکرێن، تا ترسیان لەو گیاندارانە بشکێت. خاوەنی ئەو چێشتخانە و قاوەخانەیە ناوی (شیا ڕاتی )یە و دڵی بیرۆکەی خۆم بوو ئەو کارەم کرد، سەرەتا تەنیا ئافرەتان ڕوویان لە قاوەخانەکەم دەکرد و دواتر پیاوانیش هاتن، دیواری ناوەوەی چێشتخانەکە لە شووشەیە و گشت جۆرە گیانەوەرێکی بچووك و خشۆکی تیایدا بەدی دەکرێت، تۆش کامەت بە دڵ بێت دەتوانیت تەنیا هێمای بۆ دەکەیت، ئەو کاتە بۆت ئامادە دەکرێت و پاشان نۆشی دەکەیت.

## یاسا



ئەگەر مێرد داوای جیابوونەوەی بەهۆکاری چڕی هاوسەری بەرزکردەوە و دادگا باوەڕی هێنا بەوەی چڕ رووی داوە و بڕیاری جیابوونەوەی دەرکرد، ئایا ئافرەتەکە حەقی مارەیی پاشەکی دەمێنێت؟

بەپێی یاسای باری کەسێتی - قانون احوال شخصی مادە ٤١ ف ٤، ئەگەر دوای گواستنەوە جیابوونەوە بەهۆی ئافرەتەکەوە ڕوویدا ئەوا ژن مافی مارەیی پاشەکی لەدەست دەدات جا ئەگەر داواکار یان داوا لەسەرکراو بێت، ئەگەر دوای گواستنەوە بوو ئەوا پێویستە نیوەی مارەیی پاشەکی بگەڕێنێتەوە.



## کاریکاتێر

باس لەوانە دەکات کە ڕێگەی دەریا و ئاوەکان دەگرنەبەر بۆ کۆچکردن لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە، لەو کاتەدا گرد و کێوەکان فرمێسکی خەم و ئازاریان بۆ دەڕێژن.



## دیمەنە سەیرەکان

دیمەنی بەناوبانگترین کاتژمێر لە ژاپۆن کە هی منداڵێکی بچووکە، ئەم کاتژمێرە لە مۆزەخانەی یادەوەریی ئاشتی لە هیرۆشیما نمایش کراوە، میلەکانی بە تەواوی ئاماژە بە کاتژمێر ٨:١٥ بەیانی دەکەن، ئەمەش کاتی وردی تەقینەوەی بۆمبە ئەتۆمییەکەی هیرۆشیمایە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

زەرەر و زیانی ماددی دەکەیت، بەڵام کاتییە و دەرگای نوێ بە ڕووتدا دەکرێتەوە، لەگەڵ خۆشەویستەکەت ئاسوودە دەبیت و پەیوەندیتان جێگیر دەبێت، سوود لە ئەزموونی کەسە نزیکەکانت وەربگرە، ئەگەر پێویست بو داوای هاوکاری بکە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕەنگە پێویستت بە هاوکاری هاوپیشەکانت هەبێت بۆ ئەوەی واژۆی کارێکی نوێ بکەیت یان گەشتێك بکەیت، ئاگاداری ڕەفتارەکانت بە و کارێك مەکە خۆشەویستەکەت ببێتە دوژمنت، هیچ بەڵگەیەك مەدە بە دەست کەسە نزیکەکانتەوە، چونکە ڕەنگە دواتر لە دژت بەکاری بهێنن.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

کارەکان بەباشی بەڕێوە دەچێت و هەموو شتێك بە شێوەیەکی ئەرێنی دەبێت و پڕۆژەی نوێ دێتە پێش، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئاسوودە دەبیت و خواست هیواکانت گەورە دەبن، بە ئاسانی کۆڵ مەدە و ئەگەر نەتتوانی ئەو شتە بەدەست بهێنیت کە دەتەوێت ڕێگەی جیاوازتر تاقی بکەرەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

خۆت سەرقاڵ مەکە بە شتی ناپێویستەوە، بە پێچەوانەوە کاتەکانت بقۆزەرەوە بۆ بەدەستهێنانی پرۆژە و کاری باش و هەنگاوی نوێ، خۆت بەدووربگرە لە هەر شتێك تووڕەت دەکات و کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروونت هەیە، کاتی ئەوەنییە دابنیشیت و تەماشا بکەیت، هاوکاریی خۆشەویستەکەت بکە بۆ ئەوەی لەدەستی نەدەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

چانسی نوێ دێتە بەردەم کارەکەت و بایەخێکی زۆر بە تواناکانت دەدرێت، گرنگی بە خۆشەویستەکەت بدە و فەرامۆشی مەکە، هەوڵ بدە ئەو دەرگایانە بکەرەوە کە پێشتر نەتکردوونەتەوە، بۆ ئەوەی جیهان لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوە ببینیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەرگیز ئەرکی تۆ نییە لایەنگری لایەنێك بکەیت دژی ڕاستییەکان، هەوڵ بدە زۆر وریابە لەو ڕووەوە، کارێك مەکە خۆشەویستەکەت گومانی بۆ دروست ببێت و هەمیشە ڕاستگۆیانە ڕەفتار بکە و لەگەڵی بدوێ، هەرگیز خۆت مەدە بە دەست خەم و ناخۆشییەوە و خۆڕاگربە.


## بۆ زانیاریت



دوو بنچینەی گرنگ لە زانسدا ڕۆڵ دەبینن، کە ئەوانیش کات و شوێنن space and time، شتێك بە ناوی کات و شوێن لە بنەڕەتدا لە وەسفکردنی بناغەی ڕاستەقینەی یاساکانی فیزیادا نییە، لەڕاستیدا ئەوە زۆر سەرسوڕهێنەرە، چونکە ئەوەی فیزیا بڕیارە لەسەری بێت، وەسفکردنی شتەکانە هەروەك لە کات و شوێندا ڕوو دەدەن (واتە فیزیا تەنیا وەسفی ئەو شتانە دەکات کە لە نێو بۆشایی-کاتدا ڕوودەدات) بۆیە ئەگەر کات و شوێن نەبێت، ئەوە ڕوون نییە کە فیزیا باسی چی دەکات.

## فیلم

### The Mother - دایک



فیلمێکی سەرکێشی و ئەشکنە، باس لە ئافرەتێك دەکات دوای ئەوەی لەگەڵ بکوژێك کێشەی دەبێت، کە بە دوایەتی تاوەکو بیکوژێت، بەڵام دواتر بکوژەکە دەزانێت ئەو ئافرەتە کچێکی هەیە، بۆیە ئەویش دەکاتە ئامانج، ئافرەتەکە ناچارە خۆی و کچەکەی لەو بکوژە بپارێزێت، هەروەها کچەکەی ساڵانێکی زۆریشە جێی هێشتووە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٨ خولەکە، فیلمەکە لە مانگی ٥ی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە و لە ئێستادا نمایش دەکرێت، لە دەرهێنانی نیکی کارۆیە، لە نووسینی پێن سێرسێنە، لە نواندنی جینیفەر لۆپێز، ئۆماری هاردویك، جۆزێف فیانس، گایل گارسیا و پاول ڕاکییە.

## پەند و وتە



نووسەر و ڕۆماننووسی بەریتانی (دام ئیدیت لویزا سیتوێل) لە ساڵی ١٨٨٧ لە شاری سکاربارۆت لە شانشینی یەکگرتوو لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی دەبەنگیی هەندێ مرۆڤەکان دەڵێت: «کاتێ کەسانێکی دەبەنگ دەبینم، ئارام دەگرم تاوەکو باش دەبن، یان بەرەو پێش دەچن، بەڵام ناتوانم قبووڵی ئەوانە بکەم کە شانازی بە دەبەنگیی خۆیانەوە دەکەن».

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەسانی نوێ دەناسیت و هەنگاوی نوێ دەنێیت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ داهاتووی کارەکانت، متمانەیەکی زۆر بە خۆشەویستەکەت هەیە، ئەمەش ڕۆڵی ئەرێنیی دەبێت بۆ ئەوەی چارەسەری هەندێك گرفت بکەیت، خۆشەویستیی خۆت بۆ کەسانی چواردەورت دەربڕە پێش ئەوەی درەنگ ببێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کارەکان ب باشی دەڕوات و ئێستا بارودۆخ لەبارە بۆ ئەوەی هەنگاوی نوێ بنێیت و هەموو شتێك لە بەرژوەندیی تۆ بێت، لەلایەنی کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەوە بارودۆخ بە شێوەیەکی ئەرێنییانە بەڕێوە دەچێت و ئاسوودە دەبیت، هەوڵ بدە ئەمڕۆ تەماشای خۆرئاوابوون و جوانییەکانی دەوروبەرت بکە، بۆ ئەوەی هەندێك وزەی ئەرێنی و ئارامیی دەروون بەدەست بهێنیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بە پەرۆشەوە چالاکانە ئەرك و کارەکانت بەئەنجام دەگەیەنیت، بەڵام ئاگاداربە هیچ پرۆژە و کارێکی نوێ ئەنجام مەدە، پێش ئەوەی کۆنەکانت بە ئەنجام نەگەیەنیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە ئەمڕۆ دڵخۆش دەبیت و چانسی نوێ دێتەپێش، ئاساییە داوای یارمەتی لە کەسانی چواردەورت بکەیت، ئەگەر پێویستت بو.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


ماندووبوونەکانت ئەنجامی دەبێت و سەرکەتو دەبیت، بەڵام هەمیشە ڕێگەی دروست بگرە و لەگەڵ ڕاستییەکاندا برۆ، ڕەنگە باس لە هەندێك لایەنی ماددی بکەیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەهۆی خەرجی زۆرەوە، خۆت مەخەرە ناو کاری ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە تۆوە نیە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەرگیز بەهۆی سزادانەوە خۆت مەدە بەدەستەوە و هەوڵ بدە بەردەوام بە و کۆڵ مەدە تا سەرکەتوو دەبیت، خۆشەویستەکەت بڕوا پێ بهێنە بەو شتانەی پەیوەندی بە داهاتوتانەوە هەیە، بۆ ئەوەی پەیوەندیی سۆزداریتان جێگر بێت، کارەکانت بەو کەسانە مەسپێرە کە متمانەت بە تواناکانیان نییە.


### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسێکی گرنگ دەبینیت و دەربارەی کارەکانت گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەیت، هەوڵ بدە بیرۆکە و تواناکانی خۆتی بۆ دەربڕیت و دەربارەی پڕۆژەی نوێ لەگەڵی بدوێ، لەلایەنی سۆزدارییەوە لە هەموو پەیام و هەستێکی خۆشەویستەکەت تێبگە و هێندە پەستان لەسەر شانی دروست مەکە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone



## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly **Gulan** August 28, 2023 Issue,No.1378

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626